تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5666) دووشەممە 7ی کانوونی دووەمی 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بزووتنەوەی گۆڕان: هەندێک لایەنی سیاسی هەن داوای پشکی زیاتر لە هەقی خۆیان لە حکوومەت دەکەن

بزووتنەوەی گۆڕان داوای 12٪ی پۆستەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات وەک بەرکەوتەی خۆی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هاوکات داوای هیچ وەزارەتە سیادییەکان ناکەن و بە گوتەی ئەندامێکی جڤاتی گۆڕان پۆستە خزمەتگوزارییەکانیان دەوێت و داوای کاراکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەن بەشێوەیەک لە پەرلەمانی کوردستان چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە بەگوێرەی پرۆژەیاسایەک. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان هەولێر و بەغدا پێکدەهێندرێت

کێشە ئەندامێکی لیژنەی داراییی پەرلەمانی عێراق گوتی، بڕیارە لیژنەیەک لە نێوان هەرێم و بەغدا پێک بێت و کاری ئەو لیژنەیە چارەکردنی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەبێت، لە ساڵی 2004 وە تا ئێستا و بڕیارە سبەی لیژنەی دارایی بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای بوودجە کۆ ببێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پارتی و یەکێتی زیاتر لە هەموو لایەنەکان ئەرکی پاراستن و ئارامیی هەرێمی کوردستانیان لەسەر شانە

نەزهەت حالی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، دابینکردنی ئاسایش بۆ هاوواڵاتیان ئەرکی سەرەکی هەر حکوومەت و حوکمڕانییەکی نیشتمانییە، لە هەرێمی کوردستانیش گەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە، زۆر بە ڕوونی دەبینین هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و دامەزراوە هەواڵگری و ئەمنییەکان و ئەو کەسانەی لەو دەزگایانە کاریان کردووە، خزمەتێکی زۆری گەلی کوردستانیان کردووە لە ژینگەیەکی پڕ لە هەڕەشە و مەترسی ئەمنی، کەشێکی ئارامیان ڕەخساندووە کە بووەتە بناغەیەک بۆ بەرەو پێشڤەچوونی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە کە بە یەکێک لە سەروەرییەکانی حکوومەتی هەرێم ئەژمار دەکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەمزووانە پارتی و یەکێتی کۆدەبنەوە

بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تایبەت بە پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێ کۆببنەوە. مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کوردستان24 ڕایگەیاندووە، هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کۆدەبنەوە و گفتوگۆکانیش تایبەت دەبن بە پێکهێنانی کابینەی نوێ. زیاتر لە سێ مانگە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەستیپێکردووە، ئەگەرچی بە هۆی پشووەکانی سەری ساڵەوە، گفتوگۆکان ڕاگیرابوون و لەم هەفتەیەدا گەڕێکی دیکەی گفتوگۆکان دەستپێدەکەنەوە.

نووری بریمۆ: ڕێگەدان بە کردنەوەی بارەگاکانی ئەنەکەسە پڕوپاگەندەیە

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا دەڵێ، کردنەوەی بارەگاکانی ئەنەکەسە و ڕێگادان بە ئازادیی سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا لە ڕاستییەوە دوورە و هیچ بڕیارێکی لەو شێوە دەرنەچووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هەورامان.. خواست لەسەر سۆپای دار زیاد دەکات

لە ناوچەی هەورامان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە بە هۆی کەمیی سووتەمەنی و سەختیی زستانی ناوچەکەوە، خواست لەسەر بەکارهێنانی سۆپای دار لە مااڵ و دوکان و شوێنەکاندا زیادی کردووە و بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکەش وەک حەز و خولیایەک سۆپای دار بۆ خۆگەرمکردنەوە بەکاردەهێنن. **(زیاتر لە ل12 بخوێنەوە)**

کۆمیسیۆن وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دیاری دەکات



جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقەوە وەاڵمی داوەتەوە و داوای دیاریکردنی وادەیەکی کردووە، ئەم هەفتەیەیش وادەیەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەن دیاری دەکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

د.دیندار زێباری: پێکهێنانی هێزی ئەمنیی هاوبەش باشترین چارەسەرە بۆ پاراستنی ڕەوشی ئەمنیی شنگال

گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان ڕۆژی 14ی تشرینی دووەمی 2018 بڵاوکراوەیەکیان لەژێر ناوی هەنگاوەکانی پێشکەوتنی شنگال بڵاوکردەوە. ئەم بڵاوکراوەیە باس لە دۆخی شنگال و ململانێ سیاسییەکانی ئەو شارە دەکات کە وای کردووە پشتگوێ بخرێت و وەک پێویست کار بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی ئەم شارە نەکرێت. لەم بڵاوکراوەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە پێویستە یونێتن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاری زیاتر بکەن بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ شنگال چونکە وەک پێویست لەم ڕووەوە ڕۆڵیان نەگێڕاوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا (کەیوەن) دەکاتە سەربازگەیەکی گەورە لە ناوچەکەدا

ماوەی چەند ڕۆژێکە ئەمەریکا هێز ڕەوانەی شاری کەرکووک دەکات و بەپێی ئەو زانیارییانەی لە کەرکووکەوە بڵاو دەکرێنەوە، ئەمەریکا هێزێکی زۆری سەربازیی ڕەوانەی سەربازگەی کەیوەنی نزیک کەرکووک کردووە. بەرپرسێکی پێشمەرگەش ئایشارێتەوە لە چەند مانگی داهاتوودا گۆڕانکاریی گەورە ڕوو دەدات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**


جۆن بۆڵتن: بەبێ پاراستنی کورد لە سووریا ناکشێینەوە

جۆن بۆڵتن هۆشداری دەداتە حکوومەتی سووریا کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە دەرفەتێک بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەبینێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پێشبینییە ئابوورییەکان بۆ حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان گەشبینانەیە

وەزیری دارایی و ئابووریی ئاشکرایکرد، پێشبینییە ئابوورییەکان بۆ حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان گەشبینانەیە و ئێستا دۆخی دارایی باشتر بووە، بۆیە داوای کرد لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا پەلە بکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ زیاتر لە ملیۆنێک قوتابی بەشداری تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم دەبن



بڕیارە ئەمڕۆ تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ ئەنجام بدرێن، وەزارەتی پەروەردەیش ڕاگەیاندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا هاتووە، ڕێکەوتی 7/1/2019ی زایینی، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و بە بەشداریی زیاتر لە ملیۆنێک و سەد هەزار قوتابی لە قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی بۆ 11ی ئامادەیی، تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم، خوولی یەکەمی پۆلە ناکۆتاکان دەست پێ دەکات. **(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)**

کار بە پێوەری زیرەکی ئاو دەکرێت

(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)



بەهۆی بەردەوامیی باران بارین

بەشێک لە جووتیاران هێشتا زەوییەکانیان نەکێڵاوە

هیچ هەفتەیەکی ساڵی ڕابردوو و هەفتەی یەکەمی ئەمساڵیش تێپەڕی نەکردووە کە بارانی تێدا نەباریبێت، بەردەوامی باران بارین وایکرد بەشێک لە جووتیارانی باشووری کوردستان نەتوانن لە کاتی خۆیدا زەوییەکانیان بکێڵن. جووتیاران باس لەوە دەکەن لە 15ی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردووەوە کە وادەی تۆوکردنە باران دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە زەوی وشک بێتەوە و تۆو بکرێت. **(زیاتر لە ل12 بخوێنەوە)**

نووری حەمە عەلی:

ئەمەریکا کەیوەن دەکاتە سەربازگەیەکی گەورە لە ناوچەکەدا



ماوەی چەند رۆژێکە ئەمەریکا هێز رەوانەی شاری کەرکووک دەکات و بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەربازیی رەوانەی سەربازگەی کەیوەنی نزیک کەرکووک کردووە. بەرپرسێکی پێشمەرگەش نایشارێتەوە لە چەند مانگی داهاتوودا گۆڕانکاری گەورە ڕوو دەدات.

نووری حەمە عەلی، بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئەمەریکا هێزێکی زیادەی ناردووە بۆ سەربازگەی کەیوەنی شاری کەرکووک و لەوێ جێگیری کردوون، بەڵام هێشتا ئەجێندای سەرەکیی جێگیرکردنی هێزی ئەمەریکا لە سەربازگەی کەیوەن بە دروستی دیار نییە، بەڵام بێگومان جێگیرکردنی هێزی ئەمەریکا بەو قەبارەیەی ئێستا، پلانی خۆبانی تێدا هەیە. بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: ئێمە زانیاریمان لەبەردەستە کە ئەمەریکا داوای لەو هێزانەی عێراق کردووە کە لە سەربازگەی کەیوەنن شوێنەکەیان بۆ چۆڵ بکەن، تا هەموو هێزەکانی ئەمەریکا لە کەیوەن کۆ بنەوە و بکرێتە سەربازگەیەکی گەورەی ئەمەریکا.

نووری حەمە عەلی دەشڵێت: سیناریۆی زۆر هەنە لەبارەی ئەمەریکاوە، بەڵام هەمووی هی ئەوە نییە بڵاوی بکەینەوە، پێشبینی دەکەین لە بەهاری ئەمساڵدا هەندێ گۆڕانکاری بەرچاو لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا ڕوو بدەن، بەتایبەتی لە ناوچە سوننەنشینەکان.

نەزهەت حالی: پارتی و یەکێتی زیاتر لە هەموو لایەنەکان ئەرکی پاراستن و ئارامیی هەرێمی کوردستانیان لەسەر شانە



نەزهەت حالی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، دابینکردنی ئاسایش بۆ هاوڵاتیان ئەرکی سەرەکی هەر حکوومەت و حوکمڕانییەکی نیشتمانییە، لە هەرێمی کوردستانیش گەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە، زۆر بە ڕوونی دەبینین هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و دامەزراوە هەواڵگری و ئەمنییەکان و ئەو کەسانەی لەو دەزگایانە کاریان کردووە، خزمەتێکی زۆری گەلی کوردستانیان کردووە لە ژینگەیەکی پڕ لە هەڕەشە و مەترسی ئەمنی، کەشێکی ئارامیان ڕەخساندووە کە بووەتە بناغەیەک بۆ بەرەو پێشڤەچونی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە کە بە یەکێک لە سەروەرییەکانی حکوومەتی هەرێم ئەژمار دەکرێت.

بەگوێرەی کوردستان تیڤی، نەزهەت حالی راشیدەگەیەنێت، بە داخەوە ڕووداوەکانی ئەم دواییە سەبارەت بە گرتنی کادیرانی پارتی و یەکێتی جێگای نیگەرانی هەموو نیشتمانپەروەران و ئەو کەسانەیە کە لە خەمی ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیانن، هەمیشە پێمواببووە دامەزراوە ئەمنییەکان دەبێت پارێزەری گیان و سەروەت و سامانی هەر تاکێکی ئەو هەرێمە بن بەبێ جیاوازی باوەڕی ئایینی، نەتەوەیی و سیاسی. لە کۆتادا نەزهەت حالی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاشیدەگەیەنێت، هەرچەندە خەم و ئەرکی پاراستنی یاسا و ئارامی و ئاسایشی نێوخۆی، خەم و ئەرکی هەموانە، بەڵام بەپێی واقیعی کوردستان سەرکردایەتی و ئەندام و هەوادارنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیاتر لە هەموو لایەنەکان ئەو خەم و ئەرکەیان دەکەوێتە سەرشان.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان دەداتەوە

د.دیندار زێباری: پێکهێنانی هێزی ئەمنیی هاوبەش باشترین چارەسەرە بۆ پاراستنی ڕەوشی ئەمنیی شنگال

هۆکاری نەگەڕانەوەی خەڵک بۆ شنگال ئەو کاولکارییەیە کە لە شنگال ڕووی داوە



گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان ڕۆژی 14ی تشرینی دووەمی 2018 بڵاوکراوەیەکیان لەژێر ناوی هەنگاوەکانی پێشکەوتنی شنگال بڵاوکردەوە. ئەم بڵاوکراوەیە باس لە دۆخی شنگال و ململانێ سیاسییەکانی ئەو شارە دەکات کە وای کردووە پشتگوێ بخرێت و وەک پێویست کار بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی ئەم شارە نەکرێت. لەم بڵاوکراوەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە پێویستە یوئیتن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاری زیاتر بکەن بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ شنگال چونکە وەک پێویست لەم ڕووەوە ڕۆڵیان نەگێڕاوە.

د.دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند پێشوازی لە ڕاپۆرتی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان دەکەین سەبارەت بە شنگال و دەوروبەری، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین تێبینیمان لەسەر ژمارەیەک لەو پێشنیارانە هەیە کە لەم بڵاوکراوەیەدا ئاراستەی حکوومەتی هەرێم کراوە، بۆ نموونە ئەوان داوای گۆڕینی قائیمقامی شەنگال دەکەن، لە کاتێکدا کە بەشێوەیەکی فەرمی (شەرعی) لە لایەن خەڵکی شنگالەوە هەڵبژێردراوە بەپێی دەستوور و بە هەڵبژاردن.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕاشیگەیاند پێش هاتنی داعش بۆ شنگال و دەوروبەری لە ساڵانی 2003-2014 هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە عێراقییەکان کۆنترۆڵی ڕەوشی ئەمنی ناوچەکەیان کردبوو و ئاسایشی ئەو ناوچەیە بە جۆرێک پارێزراوبوو کە هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی یاخود تووندڕەوی لەو ناوچانە ڕووی نەداوە. کەواتە مێژووی ئەم ناوچەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە پێکهێنانی هێزی ئەمنی هاوبەش باشترین چارەسەرە بۆ پاراستنی ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە.

لە درێژەی قسەکانیدا د.دیندار زێباری ڕایگەیاند بە مافی شەرعی خۆمانی دەزانین کە هێزەکانی پێشمەرگە تەواوجودیان هەبێت لە شنگال و دەوروبەری تا ئەو کاتەی کە کێشەی ماددەی 140 یەکلا دەکرێتەوە. چونکە زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچانە کوردن و هێزەکانی پێشمەرگەش هەر لە خودی خەڵکەکە خۆیانن کە پارێزگاری لە شاری خۆیان دەکەن. حکوومەتی هەرێم پێشتر هێزێکی تەواوی لە پێکهاتە ئێزیدییەکان پێکهێناوە کە ژمارەیان ٤ هەزار کەسە و سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، لە هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی حکوومەتی هەرێم کۆنترۆڵی کردوون هەموو هێزەکان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەن.

زێباری ڕاشیگەیاند ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەپێناو ڕزگارکردنی شنگال و کۆنترۆڵکردنەوەی لە دەستی داعش ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە و زیاتر لە 700 پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شەنگال شەهید بوونە بۆیە تا جێبەجی کردنی مادەی 140 و چارەسەر بوونی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان هێزەکانی پێشمەرگە پێویستە تەواجودیان هەبێت لەم ناوچانە.

گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان داوایان کردووە کە ڕێگای سەرەکی نێوان شنگال و دهۆک بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن ئازادانە هاتووچۆ بکەن و بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. زێباری ڕایگەیاند بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی ڕۆژی 15ی تشرینی دووەمی 2018 ڕێگاکە کراوەتەوە و خەڵک دەتوانن بە ئاسانی هاتووچۆ بکەن، بەڵام هۆکاری نەگەڕانەوەی خەڵک بۆ شەنگال ڕێگاکە نییە بەڵکو ئەو کاولکارییەیە لە شنگال ڕووی داوە و نەبوونی خزمەتگوزاری و پێداویستیە سەرەتاییەکان لەوێ وای کردووە خەلک نەگەڕێتەوە شنگال.

لە کۆتاییدا دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند بە بەردەوامی داوامان لە ڕێکخراوەکان، ئاژانسەکانی یوئیتن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە کە هاوکاری خەڵکی ئەم شارە بکەن بەڵام ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەوە زۆر کەمتەرخەم بوونە و تەواجودیان لە شنگال و دەوروبەری نەبووە هەر بۆیە نزیکەی 80%ی ئەو ئێزیدیانەی کە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

ئەمەریکا لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هۆشداری دەداتە سوریا

جۆن بۆڵتن: بەبێ پاراستنی کورد لە سووریا ناکشێینەوە



ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا جۆن بۆڵتن هۆشداری دەداتە حکوومەتی سووریا کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا بە دەرفەتێک بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەبینێت.

جۆن بۆڵتن گوتیشی: بە هیچ شێوەیەک هیچ گۆڕانکارییەک لە هەڵوێستی ئەمەریکادا نییە دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ڕژێمی سووریاوە و بە هیچ شێوەیەکیش هەڵوێستمان نەگۆڕاوە بەرانبەر بەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی زۆر بە تونڈی وەڵام دەدرێتەوە کە دووجار لەمەوبەر بە تونڈی وەڵامان داوەتەوە.

بەگوێرەی کوردستان 24جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا، دوا هەڵوێستی وڵاتەکەی لە بارەی کشانەوەی سەربازانی ئەمەریکای لە سووریا ئاشکرا کردووە و لە میانەی سەردانەکەی بۆ ئیسرائیل لەبارەی پرسی کشانەوەی سەربازانی ئەمەریکا لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە، ڕایگەیاندووە، هەڵوێستی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەیە، بەبێ پاراستنی کورد لە سووریا ناکشێینەوە. ڕوونیشی کردووەتەوە بۆ ئەو مەبەستە گەڕەنتی لە تورکیاش وەڕدەگرن و نایانەوێت دوای ئەوان تورکیا پڕۆسەی سەربازی لە ناوچەکە ئەنجامبدات و پێویستە لەو بارەیەوە هەماهەنگی لەگەڵ واشنتن بکەن. ئەوە لەکاتێکدایە، کە دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری کشانەوەی سەربازانی وڵاتەکەی لە سووریا ڕاگەیاندووە، دوای بڕیارەکەش لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەمەریکا ڕەخنەی زۆر لە بڕیارەکە گیرا، دواتریش ترەمپ ڕایگەیاند، هیچ خشتەیەکی کاتیان بۆ کشانەوەی هێزەکانییان دانەناوە.

ژمارەیەک ئەندامی جڤاتی ناشەرعیی قەزای شنگال دەستیان لە کارکێشایەوە

بە گوتەی سەرۆکی جڤاتی قەزای شنگال، پێنج ئەندامی ئەنجوومەنی ناشەرعیی قەزای شنگال کە لە لایەن حەشدی شەعبییەوە دانراون، پەیوەندییان بە ئەنجومەنی قەزاکەوە کردووە و دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.

لەمبارەوە وەیس، نایف، سەرۆکی ئەنجوومەنی شەرعیی قەزای شنگال بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ئەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی ناشەرعیی قەزای شنگال کە فریودراون، ئێستا پەشیمان بوونەتەوە و لەو پۆستە ناشەعییە دەستیان لە کارکێشاوەتەوە، بە تایبەت کەسانێکی وەک نوێنەری تورکمان، عەرەب و هەندێ کوردی ئێزیدی دەستیان لە کارکێشاوەتەوە و هەتا ئێستا ژمارەیان گەیشتووەتە پێنج کەس. وەیس نایف ڕاشیگەیاندووە: ئێمە لەو باوەڕەداین هەتا ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 2019/1/6 ژمارەی ئەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی ناشەرعی زیاتر دەبێت کە دەست لەکار دەکێشێتەوە.

سەرۆکی جڤاتی شەرعیی ئەنجومەنی قەزای شنگال ئاشکراشی کرد: ئەنجوومەنی قەزاکە سوورە لەسەر تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو کەسانەی کە لەناو ئەو جڤاتە ناشەرعییە ئەندامن و ئێمە یەک ڕۆژی دیکە واتە هەتا کۆتایی ئەمڕۆ ئەو کەسانە دەست لە پۆستی ئەندامەتی ئەو جڤاتە ناشەرعییە بەرنەدەن، بێگومان لە دادگای فیدراڵیی عێراق سکاڵایان لەسەر دەکرێت.

پێویستە هەرچی زووە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم پێکبهێندرێت

رێباز حەملان: پێشبینییە ئابووریيەکان بۆ حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان گەشبینانەیە



وەزیری دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد، پێشبینییە ئابووریيەکان بۆ حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان گەشبینانەیە و ئێستا دۆخی دارایی باشتر بووە، بۆیە داوای کرد لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا پەلە بکرێت. رێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە وتارێکیدا کە لە پێگەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەوە داوە، بنەماغەی بەرەو پێشچوونی ئابووری و باشبوونی دۆخی دارایی لە هەموو ولآت و حوکمڕانییەک، بریتییە لە ئارامی و بوونی ئاسایش و نەبوونی شەڕ و ئاڵۆزی، دواتر رێککخستنی داهات و خەرجی و بەرەودانی وبەرهێنان و زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات.

جەختیشی کردووەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی سیاسەتی ئابووری و بەهێزیی پێگەی هەرێم لە ناوچەکە، ڕەوشی دارایی بە بەراورد بە ساڵانی شەڕی داعش و نەناردنی بودجە لە لایەن بەغداوە، بەرەو پێشتر چووە و هەموو پێشبینییەکانیش بۆ حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان لەرووی ئابوورییەوە گەشبینانەیە، بۆیە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پشکی شێری بەرپرسیارێتییان بەردەکەوێت، پاشان بزووتنەوەی گۆڕان و هێزە سیاسییەکانیتر کە دەبێت کاربکەن بۆ گەڕاندنەوەی ئارامی و هاوکات بە چاکبوونی دۆخی دارایی، پاداشتی هاوئیشتمانییانیی هەرێمی کوردستان بدەنەوە کە دوای شەڕی داعش و هاتنی ئاوارە و بڕینی بودجە لە لایەن بەغداوە، ئارامیان گرت بەرامبەر قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی مووچە.

لە کۆتاییشدا ڕێباز حەملان نووسیویەتی: میللەتەکەمان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا جارێکی تر دەنگ و باوەری خۆی دایەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان و کردییەوە هێزی یەکەم بە زیادبوونێکی بەرچاوی کورسییەکانیان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لە هێزی سێیەمەوە بووەوە بە هێزی دووەم کە ئەمە چانسێکی گەورەیە و پێویستە بە خزمەتکردنی زیاتر و چاکبوونی دۆخی دارایی و بازاڕ و ژیانی هاونیشتمانییان وەلآم بدرێنەوە و دەرفەت نەدرێت لە ناوخۆ و دەرەوە درز بخرێتە نێوان ئەم هێزە سەرەکییانە و لە پێناو هەرێمی کوردستان و خەڵک و خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگە، ئومێد دەکەم هەواڵەکانی ساڵانی نەوەدەکان نەدەینەوە بە گوێی لاوانی تازە پێگەیشتوو و دڵی نەیار و دوژمنان خۆش نەکەین.

سەرچاوە: باسنیوز

لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان هەولێر و بەغدا پێکدەهێندرێت

ئەندامێکی لێژنەی دارایيی پەرلەمانی عێراق گوتی، بڕیارە لێژنەیەک لە نێوان هەرێم و بەغدا پێک بێت و کاری ئەو لێژنەیە چارەکردنی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەبێت، لە ساڵی 2004 وە تا ئێستا و بڕیارە سبەی لێژنەی دارایی بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای بوودجە کۆ ببێتەوە.

ئەندامی لێژنەی دارایيی پەرلەمانی عێراق، د. ئەحمەد سەفار، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بڕیارە لە دوای گەڕانەوەمان بۆ بەغدا و لێژنەی دارایيش لەبارەی بوودجە کۆدەبێتەوە و تێبینی تاوتوێی پرۆژەیاسای بوودجە دەکات. د. ئەحمەد سەفار باسی لەوەشکرد: لەبەر ئەوەی بوودجە تا ئێستا پەسەند نەکراوە، بڕیارە لەم مانگەوە یەک لەسەر 12ی بوودجەی ساڵی ڕابردوو خەرج بکرێت، هەڵبەت لە بوودجەی بەکارهێنان، نەک وەبەرهێنان و پشکی هەرێمی کوردستانیش بەپێی ڕێککەوتن ڕەوانە دەکرێت.

پێشنیار کراوە لێژنەیەک دروست بکرێت لە نێوان حکوومەتی هەرێم و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، لەوانە پرسی نەوت و بوودجەی سیادی و کێشەکانی نێوان هەردوولا لە ساڵی 2004 وە تاوەکو ئێستا، چونکە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێویستی بە پێکێنانی ئەو لێژنەیە هەیە."

نووری بریمۆ: ڕێگەدان بە کردنەوەی بارەگاکانی ئەنەکەسە پڕوپاگەندەیە

بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا دەڵێ، کردنەوەی بارەگاکانی ئەنەکەسە و ڕێگادان بە ئازادیی سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا لە ڕاستییەوە دوورە و هیچ بڕیارێکی لەو شێوە دەرنەچووە.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەوەی کە پەیدەدە بڕیاری داوە بە کردنەوەی بارەگاکانی ئەنەکەسە لە ڕۆژئاوای کوردستان، نووری بریمۆ، بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە)، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتی: ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە و دووری لە ڕاستییەوە، پەیەدە باوەڕی بە ژیانی سیاسی لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی نییە و بە فەرمانی ئەوان 56بارەگای ئێمە لە ڕۆژئاوای کوردستان داخراون، هەر کاتێکیش پەیدەدە باوەڕی بە پێکەوەژیانی سیاسی هەبوو و دەرفەتی دا پێشمەرگەی ڕۆژ بچێتەوە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو کاتە ئەو بڕیارە دەردەکات. بریمۆ، هەروەها ئەوەیشی خستەڕوو: پێش ئەو بڕیارە، ئەگەر بشدرێت، دەبێ پەیەدە بڕیاری ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان بدات، چونکە سەدان کادیر و ئەندامی سەرکردایەتیی ئەنەکەسە لە زیندانەکانی پەیەدە دان.

کۆمیسیۆن وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دیاری دەکات



جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقەوە وەلآمی داوەتەوە و داوای دیاریکردنی وادەیەکی کردووە، ئەم هەفتەیەیش وادەیەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەن دیاری دەکرێت.

رزگار حاجی حەمە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ئێمە نووسراوێکمان ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرد بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت و، ئەوانیش وەلآمی ئێمەیان داوەتەوە تا وادەیەک بۆ ئەو هەڵبژاردنە دیاری بکەین، ئێمەیش ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجام دەدەین بۆ دیاریکردنی وادەیەک و دانانی خشتەیەک بۆ کارکردن بۆ ئەو هەڵبژاردنە، چونکە شەش تا هەشت مانگمان بۆ ئەو هەڵبژاردنە پێویستە، بەڵآم بە گشتی لەم ساڵدا ئەو هەڵبژاردنە دەکرێت. حاجی حەمە گوتیشی: سەرەتا پێویستە دوو هەنگاو بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بنرێت لە لایەن پەرلەمانەوە، ئەوانیش دیاریکردنی بودجە و هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانن، بەڵآم تا ئێستا نە یاسا هەموار کراوەتەوە و نە بودجەیش پەسەند کراوە، بۆیە چاوەڕێ دەکەین ئەو دوو هەنگاوەیش بنرێن و ئێمەیش دەست بە ئامادەکارییەکانی خۆمان دەکەین

عەلی عەونی: هەڕەشەی دوو ئیدارەیی خیانەتە لە خوێنی شەهیدان



عەلی عەونی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڕەشەی دوو ئیدارەیی دەکەن، ئەمە خیانەتە لە خوێنی شەهیدان و ماندووبوونی پێشمەرگە و قوربانیدانی کوردستانیان ، بەڵام خەڵک دەزانێت ئەوەی خیانەتی ستراتیژیی شانزەی ئۆکتوبەری کرد و کەرکووک و نیوەی کوردستانی بە ڕێککەوتنێکی گوماناوی تەسلیمی حەشد و مەشد کرد, لای زۆر ئاساییە کە ئەم خیانەتەش بکات ، هێنانە ئارای مۆدێلی خیانەتی دوو ئیدارەیی گەورەتر نییە لە فرۆشتنی کەرکووک.

عەلی عەونی ڕاشیدەگەیەنێت، ئەگەر داوا دەکەن حکوومەتی نوێی کوردستان لەسەر بنەمای پەنجا بە پەنجا پێک بێت, ئەم هەنگاوەش بهاوێژن تا ماندووکردنی خەڵکی دڵپاکی کوردستان بۆ چییە؟ هەڕەشەی دوو ئیدارەیی دەکەن، ئەمە خیانەتە لە خوێنی شەهیدان و ماندووبوونی پێشمەرگە و قوربانیدانی کوردستانیان ، بەڵام خەڵک دەزانێت ئەوەی خیانەتی ستراتیژیی شانزەی ئۆکتوبەری کرد و کەرکووک و نیوەی کوردستانی بە ڕێککەوتنێکی گوماناوی تەسلیمی حەشد و مەشد کرد, لای زۆر ئاساییە کە ئەم خیانەتەش بکات ، هێنانە ئارای مۆدێلی خیانەتی دوو ئیدارەیی گەورەتر نییە لە فرۆشتنی کەرکووک.

عەلی عەونی ڕاشیدەگەیەنێت، ئەگەر داوا دەکەن حکوومەتی نوێی کوردستان لەسەر بنەمای پەنجا بە پەنجا پێک بێت, ئەم هەنگاوەش بهاوێژن تا عەلی عەونی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چییە؟ هەڕەشەی دوو ئیدارەیی دەکەن، ئەمە خیانەتە لە خوێنی شەهیدان و ماندووبوونی پێشمەرگە و قوربانیدانی کوردستانیان ، بەڵام خەڵک دەزانێت ئەوەی خیانەتی ستراتیژیی شانزەی ئۆکتوبەری کرد و کەرکووک و نیوەی کوردستانی بە ڕێککەوتنێکی گوماناوی تەسلیمی حەشد و مەشد کرد, لای زۆر ئاساییە کە ئەم خیانەتەش بکات ، هێنانە ئارای مۆدێلی خیانەتی دوو ئیدارەیی گەورەتر نییە لە فرۆشتنی کەرکووک.

عەلی عەونی ڕاشیدەگەیەنێت، ئەگەر داوا دەکەن حکوومەتی نوێی کوردستان لەسەر بنەمای پەنجا بە پەنجا پێک بێت, ئەم هەنگاوەش بهاوێژن تا گەلی کوردستان بە باشی ڕووی ڕاستەقینەی ئێوە بناسێت و بە ئاسوودەیی سزاتان بدەن، ئێستا دیار بوو کە مەبەستی ئەو برادەرەی دیکەیان لە (کەتنێکی گەورە)چی بووە، فەرموون دوو ئیدارەیی ڕابگەیەنن هەتا لاوانی سلێمانی شاربەدەرتان بکەن. ڕاشیگەیاند: ئێمە لەگەڵ دوو ئیداریی نین، بەڵام هەر لە هەمان کاتدا دەڵێت: ئەگەر قازانج گەل بکەوێتە مەترسیەوە ئێمە لاریمان نییە، نموونەی دوو ئیدارەیی لە زۆر ولآت و هەرێم لە جیهاندا پەیڕەو دەکرێت.

سەرچاوە: کوردستان تیڤی

هێمن شێخانی: داوای 12٪ی پۆستەکان دەکەین و پۆستە سیادییەکانمان ناوێت

هەندێک لایەنی سیاسی هەن داوای پشکی زیاتر لە هەقی خۆیان لە حکوومەت دەکەن



بزووتنەوەی گۆڕان داوای 12%ی پۆستەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات وەک بەرکەوتەی خۆی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هاوکات داوای هیچ وەزارەتە سیادییەکان ناکەن و بە گوتەی ئەندامێکی جڤاتی گۆڕان پۆستە خزمەتگوزارییەکانیان دەوێت و داوای کاراکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەن بەشێوەیەک لە پەرلەمانی کوردستان چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە بەگوێرەی پرۆژەیاسایەک.

هێمن شێخانی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەقی خۆیان دەکەن، ڕەنگیشە و ئەگەری هەیە گەڕێ ئەمجارەی دانوستانەکان وا بکات کە لایەنە سیاسییەکان بە گشتی سازش لەسەر هەندێک لە داواکارییەکان بکەن و کابینەکە بەرەو پێکهێنان بڕوات.

لەبارەی داواکارییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەوەی بە پشکی خۆی دەزانێت لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم شێخانی گوتی: ئێمە لە ڕابردوودا بینیمان بزووتنەوەی گۆڕان هێزی دووەم بوو لە هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانمان وەرگرت و هێزی سێیەمیش پۆستی جێگری سەرۆکی حکوومەتییان وەرگرت، ئەمجارە پێچەوانە بووەتەوە، ئەگەر بڕیار وابێت لە ڕابردوودا هێزی سێیەم پۆستی جێگری سەرۆکی حکوومەتی وەرگرتبێت، ئەوا ئێستا ئەو پۆستە بە ئیستیحقاقی خۆمانی دەزانین وەکو هێزی سێیەمی گۆڕەپانەکە. لەمەڕ ئەو وەزارەتانەی داوای دەکەن لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند: شەڕی ئێمە بۆ وەرگرتنی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانە و داوای هیچ وەزارەتێکی سیادییمان لە کابینەی نۆیەم نەکردووە و لە جڤاتی نیشتمانیش قسەمان لەسەر ئەوە کردووە و بە زۆرینەی دەنگ پێمان وابووە وەزارەتی خزمەتگوزاری وەربگرین.

سەبارەت بە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم کە بە پرۆژەیەک هەڵپەسێردراوە و ئێمە جارێ هیچ قسەیەکمان لەسەر ئەو پۆستە نییە، بەڵکو دەبێت پەرلەمان بە یاسایەک ئەکتیڤی بکاتەوە و ئەوەش دیاری بکات کە چۆن هەڵبژاردنی سێیەمین سەرۆکی هەرێم دەکرێت لە داهاتوو، ئەمە دەبێت پەرلەمان قسەی لەسەر بکات. لە دریژەی قسەکانیدا لەبارەی داواکردنی ڕێژەی 12 لەسەدی پۆستەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی 12 کورسییەکەی پەرلەمان کە لە هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولی ڕابردوو بەڕێوەچوو شێخانی ئاشکرای دەکات: ئێمە 12 کورسییمان هەیە، ئێمە جگە لە 12 لەسەد داوای هیچ پۆستی دیکەمان نەکردووە، ئێمە ئەگەر بەشداریی لە کابینەی نۆیەم بکەین، چونکە هێشتا بەرچاومان ڕوون نییە و دەبێت جڤاتی نیشتمانی بڕیار لەسەر ئەم پرسە بدات، ئێمە خاوەنی پرۆژەیەکیشین و هێشتا ڕامانەگەیاندووە، ئێمە 12 لەسەدی هەموو پۆستەکانمان دەوێت ئەگەر بەشداریی بکووەمەت بکەین.

مامۆستایەکی زانکۆ:

هیچ یادەوەرییەکی خۆش خەڵکی کوردستان بە سوپای عێراقەوە نابەستێتەوە



ڕۆژی 6ی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق یادی دەکرێتەوە و هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش بە هۆی زۆڵم و ستەمی سەد ساڵەی ڕابردوو، کە ناوی سوپای عێراق دێت، خاپوورکردنی دێهاتەکانی کوردستان و جینۆسایدیان دێتەوە یاد. ئەمەش لە کاتێکدا دێت کە دوێنێ یەکشەممە یادی ئەو سوپایە بوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار نەکرایە پشوو و هاوواڵاتیانی کوردستانیش دڵخۆش بوون، پسپۆرێکی زانستە سیاسییەکانیش دەڵێ، سوپای عێراق هیچ ڕۆڵێکی لە پاراستنی خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستاندا نەبووە و خەڵکی ئێمە شانازی بە چیی سوپای عێراقەوە بکات، کە لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەر دژی کورد بووە و گوتی: هەرچەندە تاوانەکانی ڕابردوو من ناگەڕێننەوە بۆ سەربازانی سوپا، لەبەر ئەوەی سوپا بێ دەسەاڵت بووە، بەڵکو ئەوانەی سەرکردایەتیی سوپای عێراقیان کردووە، تاوانباری تاوانانەن کە دژ بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی عێراق کراون.

ئەو پسپۆڕە بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ئێمە لە هەرێمی کوردستان سوپای خۆمان هەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و بەرگریی لە خاک و خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە کردووە و لەو پێناوەدا چەندین قوربانیی بەخشیوە. پێویستە ڕۆژێکی تایبەت بە سوپای خۆمان هەبێت، نەک سوپای عێراق.

لە کاتی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی 1991دا هەزاران سەربازی عێراق بە دیلی کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە، سەرەڕای ئەو زۆڵمەی پێشتر لە خەڵکی کوردستان کرابوو، بەرەی کوردستانی و جەماوەری کوردستان نەیانهێشت تۆڵە لە یەک دیل بکرێتەوە و بە ڕێزەوە بەڕێو نێو خێزانەکانیان بەڕێ کرانەوە.

دکتۆر سەباح سوبحی ڕووبەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هەموو هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە پێکهاتە جیاوازەکانەوە یەک یادەوەریی خۆشیان لە سوپای عێراق نییە.



وەک وەبیرهێنانەوەی تاوانەکانی سوپای عێراق

لاوان و قوتابیان و ئافرەتان سەردانی مەزاری شەهیدانی کوردستانیان کرد

دوێنێ یەکشەممە 6ی 1کە ڕۆژی سوپای عێراق بوو، ئەو سوپایەی هەزاران ڕۆڵەی کوردی قەتڵوعام کردووە، چاڵاکوانانی هەڵەبجە سەردانی مەزاری شەهیدانیان کرد و ئاڵای کوردستان و تاجەگوڵینە لەسەر گڵکۆی شەهیدان دانا.

عومەر فارس، بەرپرسی ناوەندی باڵای هەڵەبجەیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە ڕۆژی سوپای عێراقدا، ئەو سوپایەی کارەساتی 1988/3/16ی بەسەر شارەکەماندا هێنا و کیمیابارانی کرد، دەیان هەزار شەهید و بریندار و بێسەروشوێنی لێکەوتەوە، هاتووین بە شەهیدان بڵێین ئەوە خەباتی گەلی کورد و خوێنی ئێوە ئازادیی کوردستانی لێ کەوتەوە، هەنگاوەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەردەوامە و سوپا دڕندەکەی سەددام حوسێنیش تەفروتونا بووە و هەرگیز ئەو سوپایە بە هێزی نیشتمانی نازانین و یادی ناکەینەوە.هەڵەبجەییەکان هەمیشە دژی ئەوە بوون لە کوردستان ڕۆژی سوپای عێراق بکرێتەوە، لەو ڕۆژەدا وەک وەبیرهێنانەوەی تاوانەکانی ئەو سوپایە دەرحەق بە گەلی کورد، شارەکەیان سەردانی مەزاری شەهیدان دەکەن و ئاڵای کوردستان و تاجەگوڵینە لەسەر گڵکۆی شەهیدان دادەنێن.

سندووس حوسێن، بەرپرسی ئەنجومەنی قەزای هەڵەبجەی یەکێتیی ئافرەتان لەسەر مەزاری شەهیدان گوتی: ئێمەی لاوان و ئافرەتان و قوتابیان و نوێنەری کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە پێکەوە، لەسەر مەزاری شەهیدان ئاڵای کوردستان و تاجەگوڵینەمان لەسەر گڵکۆی شەهیدان دانا و هەرگیز ئامادە نین، یادی سوپایەک بکەینەوە، کە گەلەکەمانی قەتڵوعام کردووە.

حوسێن گوتی: هەرگیز گەلی کورد تاوانە دڕندانەکانی سوپای عێراقی بیر ناچێتەوە کە هەمیشە لەسەر پێ بووە بۆ لەناوبردنمان، بۆیە نابێت و ناکرێت هەرگیز ڕۆژی نیشتمانیی سوپای عێراق لە کوردستان بکرێتەوە و دەبێ لەو ڕۆژەدا نەوەکانمان ئاشنا بکەین بەو دڕندەییەی سوپایی عێراق بەسەر گەلی کوردی هێناوە لە مێژووی نوێدا .



هەسەدە دەیەوێت ببێتە بەشێک لە سوپای حکوومەتی سووریا

سەرچاوە: کوردستان24: ڕێدوور خەلیل، سەرکردە لە هێزەکانی سووریای دیموکراتیک (هەسەدە)، ڕایگەیاند، جگە لە گەیشتنە چارەسەر لەگەڵ دیمەشق، بۆ چارەنووسی بەڕێوەبەری خۆسەر، کە لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دایانمەزراندووە، هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە.

ڕێدوور خەلیل لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئاژانسی فرانس پرێس گوتی: هیچ ڕێگەیەک نییە جگە لە گەیشتنە چارەسەر لەگەڵ حکوومەتی سووریا، چونکە ئەو ناوچانە بەشێکن لە سووریا .ئامانجی بەوەشکرد، گفتوگۆکان نێستا بەردەوامن لەگەڵ دیمەشق بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ ئیدارەکردنی کاروباری منبج، ڕوونیشی کردەوە، ئەگەر زانرا ئەزموونی ڕێککەوتن و ئیدارەدانی منبج سەرکەوتوو و واقعییە، هەوڵدەدەن بۆ ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەاڵتی فوراتیش هەمان شت جێبەجێ بکەن.

ئەو سەرکردەیەی هەسەدە دووپاتیشی کردەوە، ویستی ئەرێنی لە گفتوگۆکاندا هەستی پێکراوە و ڕوونیشی کردووەتەوە، چوونی هێزەکانی سووریا بۆ سەر سنووری باکوور لەگەڵ تورکیا، دوور نییە، چونکە ئەوان لە ڕووی جوگرافییەوە سەر بە سووریان، بەاڵم هێشتا پێویستە هەندێک پرسی تایبەت بە چۆنیەتی حوکمڕانی ناوچەکە، ماون .لەسەری ڕێکبکەون.

ڕێدوور خەلیل ئاماژەی بەوەشکرد، لەگەڵ ئەوەی گفتوگۆکان بەردەوامن، بەاڵم هەندێک خاڵی ناکۆکیش لەنێوان هەسەدە و دیمەشق هەن، بۆ ئەوەش بە پێویستی دەزانێت پشتیوانی نێودەوڵەتی هەبێت تاکو بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش. ئاشکراشی کرد، کورد ڕەتیدەکاتەوە ناوچەکانی خۆیان جێبهێڵن و بە دووڕیشی نازانێت بچنە ریزەکانی سوپای سووریاوە، گوتیشی: ڕەنگە ئەرکی هێزەکانمان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەاڵم لە خاکی خۆمان ناکشێینەوە، پێویستە بۆ ئەو هێزە پێگەیەکی دەستووری هەبێت، چ ببێتە بەشێک لە سوپای نیشتمانی سووریا، یانیش شێوازێکی دیکە بدۆزرێتەوە، کە لەگەڵ پێگە و قەبارە و کاریگەریی ئەو هێزەدا بگونجێت .

ڕێدوور خەلیل، پێشوازیش لە ئەگەری ڕۆڵ بینینی ڕووسیا دەکات، وەکو وڵاتێکی زلهێز و خاوەن کاریگەریی لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی لە سووریا .دوای بڕیاری لە ناکاوی دۆناڵد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە سووریا، هەسەدە داوای لە دیمەشق کرد، سوپا ڕەوانەی منبج بکات، کە لە باکوورەوە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا و ئەو میلیشیایانەی سوپای ئازاد کە ئەنقەرە پشتیوانییان دەکات.

عەلی حاجی زەڵمی، ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ خەبات:

لە ئێستادا بزووتنەوە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانس دەکات

دەبێت سەرکردایەتیی بزووتنەوە بە ستراتیژییەت و کارنامەی خۆیدا بچێتەوە



دیانە/عەلی بانیشاری: عەلی حاجی زەڵمی، بەرپرسی مەڵبەندی هەورامانی بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبە لە دیانەیەکیدا لەگەڵ (خەبات) دەڵێ: بە هۆی نەبوونی ئیمکانیات و سوود وەرنەگرتن لە جەنگی دیبلۆماسییەت نەیتوانیوە ئۆرگانەکانی خۆی پۆشتە و پەرداخ بکات. زەڵمی ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات حزبەکەی لەبەردەم بەستنی کۆنفرانسدایە و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک پێکهێنراوە. ئەو ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی دەشڵێت: کۆنفرانس هیچ گۆڕانکارییەک لەناو ئەندامانی سەرکردایەتیدا ناکات، بەڵکو تەنها ئاڵوگۆڕ لە بەرپرسی مەکتەبەکاندا دەکات و مەکتەبەکانیش زیاد دەکات یان کەمی دەکاتەوە.

بزووتنەوە کەی کۆنفراس دەبەستێت؟

بزووتنەوەی ئیسلامی لە 28ی تەموزی 2016 کۆنگرەی یازدەهەمی خۆی گرێدا و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی پەسەندکراوی هەمان کۆنگرەی ئەو حزبەش هەر چوار ساڵ جارێک کۆنگرەی خۆی دەبەستێت. هەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوە لە نێوان دوو کۆنگرەدا کۆنفرانسێک دەبەستێت. عەلی حاجی زەڵمی دەڵێ: بزووتنەوە لیژنەیەکی پێکهێناوە و لیژنەی ئامادەکاری کۆنفراس سەرقاڵی کارکردنە و لیژنەکە بەروار و کات و شوێنی کۆنفرانس دەستنیشان دەکات. دەشڵێت: کۆنفراس بەخۆداچوونەوەیە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی ڕابردوو و ئۆرگانەکانی حزبە. زەڵمی گوتیشی: کۆنفرانس دەسەاڵتی دیاریکراوی هەیە و بە پەیڕەو پڕۆگرامدا دەچێتەوە. هەروەها ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی بزووتنەوە ئاماژەی بەوەشدا بەستنی کۆنفراس دەبێت لەگەڵ کەشوهەوای ئەمڕۆدا بگونجێت. باسی لەوەشکرد کۆنفرانس هیچ گۆڕانکارییەک لەناو ئەندامانی سەرکردایەتیدا ناکات، بەڵکوو تەنها ئاڵوگۆڕ لە بەرپرسی مەکتەبەکان دەکات و مەکتەبەکان زیاد یان کەمدەکاتەوە.

بزووتنەوە پۆشتە و پەرداخ نییە

لەبارەی کێشە و گرفتەکانی ئێستای بزووتنەوە عەلی حاجی زەڵمی دەڵێ: بزووتنەوەش وەکو سەرجەم لایەنەکانی تری کوردستان بە گشتی و ئیسلامییەکان بە تایبەتی بەدەر نییە لە کێشە و کەموکوری. دەشڵێت: سەرجەم حزب و لایەنە کوردییەکان بە کۆمەڵێک قەیراندا تێدەپەڕن و کێشەکان هێزە گەورەکانیشی گرتووەتەوە. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی بزووتنەوە پێی وایە بزووتنەوە بە هۆی نەبوونی ئیمکانیات و سوود وەرنەگرتن لە جەنگی دیبلۆماسییەت نەیتوانیوە ئۆرگانەکانی خۆی پۆشتە و پەرداخ بکات. لەبارەی کێشەکانی نێو بزووتنەوەی ئیسلامی ناوبراو زیاتر قسە دەکات و دەڵێ: سەرەتایی ئەم قەیرانانە کە تووشی بزووتنەوە بوو هاتنی ئەمەریکا بوو بۆ ناوچەکە.

دەبێت ڕاگەیاندنی بزووتنەوە کارا بکرێتەوە

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا ڕۆڵی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی پاش هەڵبژاردنەکان و بە تایبەتی دوای کۆنفرانس چی دەبێت؟ زەڵمی دەڵێت: دەبێت سەرکردایەتیی بزووتنەوە جارێکی تر بە ستراتیژیەت و کارنامەی خۆیدا بچێتەوە و ئەوەی کاری چاکی تێدا کردووە و بەرهەمی باشی هەبووە باشتری بکات و ئەوەش هەڵەی بەرزکردنەوەی دروشمی (التقوی من الله) کارەکانی خۆی دەست پێ بکات و یەکڕیزیی و تەبایی خۆی نیشان بدات. دووەم: لابردنی دروشمی من من و تۆ تۆ، کە ئەمە دروشم و ڕێبازێک بووە کە هەمیشە بزووتنەوەی ئیسلامی زیانی زۆری پێ کەوتووە. سێیەم: کاری خۆ ڕێکخستنەوەی نوێ ئەنجام بدات و بڕیاری سیاسی خۆی بدات. چوارەم: سەرکردایەتی بزووتنەوە وەفا بە بەڵێن و تێدا کردووە ڕاستی بکاتەوە. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی بزووتنەوە بە هۆی نەبوونی ئیمکانیات و سوود وەرنەگرتن لە جەنگی دیبلۆماسییەت نەیتوانیوە ئۆرگانەکانی خۆی پۆشتە و پەرداخ بکات. لەبارەی کێشەکانی نێو بزووتنەوەی ئیسلامی ناوبراو زیاتر قسە دەکات و دەڵێ: سەرەتایی ئەم قەیرانانە کە تووشی بزووتنەوە بوو هاتنی ئەمەریکا بوو بۆ ناوچەکە.

دەبێت ڕاگەیاندنی بزووتنەوە کارا بکرێتەوە

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا ڕۆڵی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی پاش هەڵبژاردنەکان و بە تایبەتی دوای کۆنفرانس چی دەبێت؟ زەڵمی دەڵێت: دەبێت سەرکردایەتیی بزووتنەوە جارێکی تر بە ستراتیژیەت و کارنامەی خۆیدا بچێتەوە و ئەوەی کاری چاکی تێدا کردووە و بەرهەمی باشی هەبووە باشتری بکات و ئەوەش هەڵەی بەرزکردنەوەی دروشمی (التقوی من الله) کارەکانی خۆی دەست پێ بکات و یەکڕیزیی و تەبایی خۆی نیشان بدات. دووەم: لابردنی دروشمی من من و تۆ تۆ، کە ئەمە دروشم و ڕێبازێک بووە کە هەمیشە بزووتنەوەی ئیسلامی زیانی زۆری پێ کەوتووە. سێیەم: کاری خۆ ڕێکخستنەوەی نوێ ئەنجام بدات و بڕیاری سیاسی خۆی بدات. چوارەم: سەرکردایەتی بزووتنەوە وەفا بە بەڵێن و بەڵێنەکانی بکات و ئەوەش هەڵەی بەرزکردنەوەی دروشمی (التقوی من الله) کارەکانی خۆی دەست پێ بکات و یەکڕیزیی و تەبایی خۆی نیشان بدات. دووەم: لابردنی دروشمی من من و تۆ تۆ، کە ئەمە دروشم و ڕێبازێک بووە کە هەمیشە بزووتنەوەی ئیسلامی زیانی زۆری پێ کەوتووە. سێیەم: کاری خۆ ڕێکخستنەوەی نوێ ئەنجام بدات و بڕیاری سیاسی خۆی بدات. چوارەم: سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی کە ئەوانیش یەکەم: دەبێت سەرکردایەتی بە عەهدەکانیان بکەن بەرانبەر بە خوا و پاشانیش بە موسڵمانان و خوێنی گەشی شەهیدان. پێنجەم: ئەرک و کارەکان وەک یەک خێزان لە نێو ئەندامەکانیدا بەدابەڕوەرانە دابەش بکات. شەشەم: بەرز ڕاگرتنی دروشمە ئایینییەکان و بەتایبەتی بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامی. حەوتەم: سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵک و جەماوەردا بەهێز بکاتەوە. عەلی زەڵمی پێی وایە سەرکردایەتی بزووتنەوە دەبێت کۆمەڵێک خاڵ بگرێتەبەر تا پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا بەهێز بکاتەوە ئەوانیش، یەکەم: کاراکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. دووەم: سەردانە مەیدانییەکانی زیاد بکات. سێیەم: لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا کۆبوونەوەی فراوانی جەماوەری ئەنجام بدات. چوارەم: لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا بگەڕێتەوە بۆ لای ئەندامانی ناوەڕاست و کادیرانی بۆ ڕا وەرگرتنیان. پێنجەم: کاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ڕێکبخاتەوە و بازنەی چاالکییەکانی فراوانتر بکات.

بزووتنەوەی ئیسلامی بەدەر نییە لە کێشە و کەموکورتی

تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ: لە 223 کۆمەڵکوژیدا لە سووریا زیاتر لە 200 هەزار سڤیل کوژراون

تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند ساڵی ڕابردوو 223 کۆمەڵکوژی لە سووریا ئەنجامدراون کە زۆربەیان لە الیەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە بوون و لە ئاکامدا بە تێکڕایی دوو هەزار و 741 سڤیل بوونەتە قوربانی کە نیوەی زیاتریان ژن و منداڵ بوون.تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکدا هەموو ئەو هێرشانەی بە کۆمەڵکوژی ناوبردووە کە لە زیاتر لە پێنج سڤیل گیانیانلەدەستداوە لە ساڵی 2018 . لە ڕاپۆرتەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی ئەو 223 کۆمەڵکوژییەی لە الیەن ڕژێمی بەشار ئەسەد، ڕووسیا، پەکەکە، داعش و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا ئەنجامدراون بە تێکڕایی دوو هەزار و 741 سڤیل بوونەتە قوربانی کە 826یان منداڵ و 565 یان ژن بوون. هێزەکانی ڕژێم 10، هێزەکانی هاوپەیمانان 28، ڕووسیا 27، داعش 8، یەپەگە و پەکەکە٤، گرووپەکانی دیکەش 26 کۆمەڵکوژییان ئەنجامداوە.







ساڵی 2018 خەزانی گەڵای پایزی قەڵەمە هەڵوەریوەکان بوو



ساسان دەرویش-خەبات

وێڕای سەختی ساڵێکی پڕ لە ڕووداو و ئیشوئازار بۆ گەلەکەمان لە بەردەوامی قەیرانی ئابووری و جەنگی تیرۆریستانی داعش لە ساڵی 2018 هەروەها بە هۆی بارودۆخی ناسەقامگیریی عێراق و پێشێلکردنی مافەکانی دەستوور و بڕینی موچە لە لایەن هەندێک بەرپرسی عێراق هۆکاربوون ، بەڵام خۆشبەختانەش بە خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ کوردستان و عێراق ساڵ تێپەڕی، بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و نیگەرانی بوو بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان لە هەمان ساڵدا هەڵکشانی کۆمەڵێک ئەستێرە بوون لە ڕۆشنبیران و نووسەران و خاوەن بیری جوانی کوردایەتی کە بە ئاسمانی بەرزی کوردستانەوە بۆ هەتاهەتایە ئەدەبوشێنەوە، کە بوونە خەزانی گەڵای پاییزی قەڵەمە هەڵوەریوەکان کە بە جوانی خۆیان ئێمەیان لە پاییز تۆران، ڕاستە بە جەستە لەناومان نەمان، بەڵام کار و کردەوەکانیان بۆ هەمیشە بوونە وێردی سەرزمانی نەوە بۆ نەوەمان و بۆ بیرخستنەوە و بەرزڕاگرتنی هەڵوێستی جوانی کوردایەتیان و خەرمانی بەرهەمەکانیان و یادیان لە ناوماندا وێنە و ناوهێنانیان دەکەینە شادبوونی ڕەوانشادی و ئارام بوون لە گۆڕەکانیاندا .

-فەرهاد ئەبدولحەمید پاڵەوان لە ساڵی 1945 لە دایکبووە، پێشمەرگەیەکی دێرین و خاوەن بەرهەمی قەڵەم ونووسەر و سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندی زەردەشتیان بوو لە 2018/10/31 کۆچی دواییکرد.

-حەکیم کاکەوەیس لە ساڵی 1949 لە دایکبووە، نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆمانnووس بووە خاوەنی 27 پەرتووکی چاپکراوە لە 2018/11/18 کۆچی دوایی کرد.

-فەریاد شێخ حەسەن مەعرووف، لە ساڵی 1957 لە دایکبووە، پێشمەرگەی دێرین و خاوەن قەڵەم و بەرهەمی ئەدەبی و سیاسی بووە و ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی زەردەشتیان بوو لە 2018/11/21 کۆچی دوایی کرد.

-پڕۆفیسۆر د.جەمال نەبەز مامۆستا و نووسەر و ئەکادیمی ناسراوی کورد، کە بە بیرمەندی بیری نەتەوەیی لە کوردستان دادەنرێت لە ساڵی 1933 لە دایکبووە، لە کۆی تەمەنی 85ساڵیدا خاوەنی زیاتر لە 60 پەرتووکی چاپکراو و سەدان وتاری ئەدەبی و سیاسی و لێکۆڵینەوەی دۆزی کوردە لە 2018/12/8 کۆچی دواییکرد .

-ڕەئووف حەسەن لە ساڵی 1945 لە دایکبووە، نووسەر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر بوو، خاوەنی چەندین شاکاری جوانی ئەدەبییە لە 12/20 /2018کۆچی دواییکرد.

دۆناڵد تڕەمپ: لە ماوەی ساڵێکی سەرۆکایەتیمدا زیاتر لە 85٪ی توانا و دەسەڵاتی داعشمان لەناوبردووە




خەبات -مەریوان نەقشبەندی

دۆناڵد تڕەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا لەمیانەی سەردانە لە ناکاوەکەی بۆ بنکەی عین الاسدی ڕۆژئاوای عێراق کە مشتومڕێکی عێراقی زۆری لێکەوتەوە، وتارێکی پێشکەش بە سەرباز و پلەدارانی وڵاتەکەی کرد و سوپاسی خۆڕاگری و ئازایەتی هێزەکانی ئەمەریکای لە عێراق کرد و گوتی ئێوە لێرە ئەرکێکی گەورە ئەنجامدەدەن کە پاراستنی ئەمەریکییەکان و سەلامەتی جیهانە لە دەست دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، هەروەها گوتی: کە بووم بە سەرۆکی ئەمەریکا داعش دەستی بەسەر خاک و فیکری چەند وڵاتێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا گرتبوو و خاوەن نفوز و دەسەلاتێکی ڕەهابوو لەم ناوچەیە.

بەپێی ئاژانسە ئەمەریکی و عێراقییەکان تڕەمپ لەم سەردانەیدا بەشێوەیەکی نائاسایی وخۆ ڕەخنەی لە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا باراک ئۆباما گرتووە و گوتوویەتی: نەدەبوو ئەوەندە خەمسارد بین کە ڕێگا بدەین دەوڵەتێکی بە قەبارەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بەو هەموو دڕندەییەوە لەم ناوچەیە دروست بێت کە بووە ئیلهامێک بۆ هەرچی تووندڕۆ و تیرۆریستی ناوچەکە و جیهان هەیە تا بێنە ئێرە بۆ پەیوەندیکردن بەم دەوڵەتە تیرۆریستییە.هەر لەمیانەی ئەم سەردانەیدا تڕەمپ گوتیشی: ئەو 5000 سەرباز و ئەفسەرەمان کە لێرە لە عێراقدان دەمێنننەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا و سەقامگیری عێراق و ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە جیهان لەم ناوچەیەوە لێی دەکرێت.

دۆناڵد تڕەمپ دوای گەڕانەوەی بۆ ئەمەریکا باسی لە توانای داعش بۆ سەرلەنوێ پەلاماردانەوەی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کرد و گوتی: داعش دەسەلاتێکی ئێجگار فراوانی سەربازی و فیکری لەم ناوچەیە هەبوو، بەڵام ئێستا داعش توانایەکی ئەوتۆی نەماوە 85%ی توانا سەربازی و ئابووریییەکانی داعشمان لەناوبردووە، بەڵام نابێ ئەوە بڵێین کە توانای لە خشتەبردنی خەڵکی ناوچەکە و جیهانیان نەماوە و دەبێ لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان کار بکەین لە هەموو دونیا بۆ کۆتایهێنان بەو فیکرە تیرۆریستییەی کە داعش و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دروستیان کردبوو.

ئافرەتانی سعوودییە لە ڕێگەی مۆبایلەوە لە بڕیاری تەڵاقدانیان ئاگادار دەکرێنەوە



عەرەبستانی سعوودیە لە نوێترین ڕێنماییدا دادگاکانی باری کەسی وڵاتەکەی بەرپرسیار کردووە کە دەبێت لەمەولا بەر لە بڕیاری تەڵاقدان لە لایەن پیاوەکانەوە، ئافرەتەکان بە نامەی مۆبایل ئاگادار بکەنەوە. بەگوێرەی کوردستان تیڤی، ئەم بڕیارە کە وا دەکات بابەتی تەڵاقدانیان لە لایەن مێردەکانیانەوە، بەبێ ئامادەبوونی خۆیان و بەنهێنی کۆتایی پێ بێت.

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی یەکشەمەوە لە سعوودیە کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە و لەمەولا پێویستە لە بڕیاری جیابوونەوە هەردوو لایەنی ئافرەت و پیاو ڕەزامەندیان وەربگیرێت. ئامانجی ئەم بڕیارە ئەوەیە کە دەرفەت بە ئافرەتان بدرێت بۆ ئەوەی مافەکانی وەک شیربایی و نەفەقە و پاشەکی خۆیان مسۆگەر بکەن.

لە ئێستادا ئافرەتانی سعوودیە مافی لێخورێنی ئۆتۆمبێلیان پێدراوە و هەروەها بۆیان هەیە لە نێو یاریگادا سەیری یارییەکان بکەن. بەڵام تا ئێستا ئافرەتانی سعوودیە لە کۆمەڵێک مافی سەرەتایی بێبەشن و بە بێ ڕەزامەندی کەسێک لە ڕەگەزی پیاو وەک باوک یان برایان هاوسەر، بووک نیە پاسپۆرت دەربکەن یان بەتەنها گەشتێکی نێودەوڵەتی ئەنجام بدەن. هەروەها بۆیان ینە بە تەنها بڕۆنە بازار وشوێنە گشتییەکان یان هەژماری بانکی بکەنەوە و تەنانەت بۆیان نیە جوانکاری پێست ئەنجام بدەن. هەروەها بە پێی یاسای باری کەسی سعوودیە ئافرەتان بۆیان نییە دوای جیابوونەوەیان و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری داوای سەرپەرشتیکردنی منالەکانیان بکەن و منالەکان دەگەڕێندرێنەوە بۆ باوکیان.

گرژییەکانی ئەمەریکا و ئێران لەبارەی تاقیکردنەوەی مانگی دەستکرد

دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکا داوای لە ئێران کرد هەموو چالاکییەکانی مووشەکی بالیستیکی ڕابگرێت کە ڕەوانەکردنی مانگی دەستکرد لە خۆ دەگرێت، تاران بەر لە ڕەوانەکردنیان تاقیکردنەوەی سێ مانگی دەستکردی نوێی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دا.وەزیری ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری ئێران، محەممەد جەواد ئازەری جەهرۆمی، لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاندووە: شەوی هەینی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو مانگە دەستکردەکانی ئێران تاقی کرانەوە. جەهرۆمی تیشکیشی خستە سەر ئەوەی کە ئەو مانگە دەستکردانەی تاقیکراونەتەوە بەر لە ڕەوانەکردنیان بۆ ئاسمان، بە تەواوی بەرهەمی نیشتمانیی ئێرانن و زانیاریشی نەدا کە چ کاتێک مانگە دەستکردەکان ڕەوانەی ئاسمان دەکەن. جێی باسە ئیدارەی تاران ڕۆژی سێشەمەی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو کە پلانیان داناوە بە بەکارهێنانی مووشەکی مانگی دەستکرد هەڵگر، هەردوو مانگی دەستکردی مەدەنی پەیام و سیمرخ ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکەن.

ئیسرائیل داوای 250 ملیار دۆلار قەرەبووی دەرکردنی جووەکان دەکات



K24: ئیسرائیل داوای 250 ملیار دۆلار قەرەبوو لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکات لە پای ئەو سەروەت و مولکەی جووەکان بە ناچاریی بەجێیان هێشتوون.بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی بلومبێرگ، حکوومەتی ئیسرائیل دەستەیەکی بۆ خەملاندنی ئەو بڕە پارەیە پێکهێناوە کە جووەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەدەستیان داوە و زیانیان پێگەشتووە، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی پڕۆژەیەکی ئاشتییانەی ئەمەریکا دەبێت. بە گوێرەی خەملاندنەکان، ئیسرائیل داوای 50 ملیار دۆلار لە تونس و لیبیا و 200 ملیار دۆلار لە مەغریب، عێراق، سووریا ، میسر ، ئێران و یەمەن دەکات.ئەمە لەکاتێکدایە، ماوەی 10 ساڵە فەڵەستین داوای 100 ملیار دۆلار قەرەبووی لە ئیسرائیل کردووە بەهۆی ئەو مولکانەی لە ساڵی 1948 لە دەستی داون.

پوتین و ناتانیاهو تاوتوێی پێشهاتەکانی سووریایان کرد

سەرۆکی ڕووسیا ، ڤلادیمیر پوتین و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو لە میانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا تاوتوێی پێشهاتەکانی سووریایان کرد. بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی لە کۆشکی کرملین بڵاوکراوەتەوە، پوتین و ناتانیاهو پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا باسی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا و دواپێشهاتەکان کراوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا زیاتر هاتووە: لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا جەخت لەسەر بەرەوپێشبردنی خێرا لە چارەسەریی سیاسی و لەناوبردنی تەواوی تیرۆر کراوە. لەم چوارچێوەیەشدا جەخت لەسەر بەهێزکردنی کەناڵەکانی سەربازیی و دیپلۆماتیکی کراوە.



لەچەپەوە بۆ ڕاست: مستەفا بارزانی، گۆرانی شاعیر، مام عەبدوڵلا ماوەتی، مەلاتەسعەد مەحوی شاعیر

ژەنراڵ بارزانی لە هزری ڕۆشنبیرانی سلێمانیدا!

کاوە ئەمین

میژووی پەیوەندی بارزانییەکان لەگەڵ شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو. حکومەتی عێراقی بە بەردەوامی بەدوای بارزانییەکانەوە بووە و زۆرجار بەزۆرەملێ ئاوارەی شارەکانی باشووری کوردستان و عێراق کراون، بەڵام بارزانییەکان دەستەوەستان نەوەستاون و هەوڵیانداوە پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ دانیشتوانی ئەو شوێنانە نەخاسمە ڕۆشنبیران و نیشتیمانپەروەران گرێبدەن.

سلێمانیش یەکێک بووە لەو شارانەی کە باوەشی بۆ ئەو بارزانییانە کردۆتەوە کە لە ساڵی 1941 هەتاوەکو ساڵی 1943 لە سلێمانی دەستبەسەر بوون.

لەم ڕۆژانەی پێشوودا کتێبێکی نایاب کە چوار بەش لەخۆدەگرێت، لەلایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووس زانیار قەرەیبەوە نووسراوە کەوتە بەردیدی خوێنەران، وەکو خۆیشی باسی دەکات ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵ پێوەی خەریک بووە بەناوی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕوناکبیرانی شاری سلێمانیدا). ئەمە یەکەمین کتێبە کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ و تێروتەسەل لەسەر پەیوەندی بارزانییەکان بەگشتی و ژەنراڵ مستەفا بارزانی بەتایبەتی نووسراوێت لەپەیوەندی بارزانی و سلێمانیدا، چەندین گفتوگۆی کەسایەتیەکانی شاری سلێمانی لەخۆگرێت کە ڕاستەوخۆ لە نزیکەوە بارزانیان بینیوە و ناسیوە و بە چەندین نامە و بەڵگە و وێنەی دەگمەن کە پێشتر بەشێکیان لە هیچ شوێنێک بڵاونەکرانەتەوە، ئەو پەیوەندییە ڕۆحی و کوردانەیە پشتراست کراوەتەوە.

تۆماس بوا، لە کتێبی (میژووی کورد)دا دەنووسێت: "شاری سلێمانی بۆ مەلا مستەفا و بارزانییەکان وێستگەیەکی نوێی یەکجار گرنگ بوو، سلێمانی ناوەندێکی چالاکی کولتووری و مەکۆیەکی بەرچاوی بیری نەتەوایەتی بوو".

مستەفا بارزانی تەنیا خۆی لە سلێمانی نەبووە، کەسایەتی گەورەی بارزانییەکان و کوردستان شێخ ئەحمەدی بارزانیشی لەگەڵ بووە، بەڵام دیارە حکومەتی ئەوکاتەی عێراق زیاتر لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە چاوی لەسەر مەلا مستەفا بارزانی بووە، چونکە پێشتر لە چەندین سەرهەڵداندا مەلامستەفای بارزانی سەرپەرشتی و بەشداری کردووە و پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ شێخ مەحمود حەفید هەبووە، هەروەها شێخ لەتیفی حەفید دۆستێکی نزیکی بارزانی بووە و تەنانەت لە کاتی دەربازبوونی لە سلێمانی پشت و پەنای بارزانی بووە.

نووسەری کتێبەکە بە وردی چۆتە نێو وردەکاریەکانی ژیانی مەنفای بارزانییەوە لە سلێمانی، مەنفا بەمانا دیدارێکدا کە لە کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی کەسایەتی بارزانی دەڵێت: "ئەگەر ماوتسیتۆنگ ڕەمزی خەباتی گەلی چینە، هۆشیمن هی گەلی ڤێتنامە، موسەدیق ڕەمزی گەلی ئێرانە، جەمال عەبدولناسر ڕەمزی خەباتی گەلانی عەرەبە، کاسترۆ هی کوبایە و ماندێلا هی ئەفریقای باشورە، ئەوا مەلا مستەفا بارزانیش ڕەمزی خەباتی گەلی کوردە".

پێدەچێت زانیار قەرەی بۆ نووسینی کتێبەکەی دەستی بۆ هەموو کون و قوژبنێکی ئەرشیڤی تاکەکەسی ڕۆشنبیرانی سلێمانی و بەتایبەتیش ئەوانەی گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵ کردون و لە نزیکەوە دەربارەی ژیانی بارزانی دواندونی، بردبێت، هەموو ئەوانەی قسەی لەگەڵ کردوون بەچاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە باسی مستەفا بارزانیان کردووە کە هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری گەلەکەی زانیوە، تەنانەت لە نامە تایبەتیەکانیشدا زۆرجار بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازییان لێ دەکات، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کە ژەنراڵ بارزانی هێشتا لەناو خەڵکی سلێمانیدا سەرکردەیەکی خۆشەویستە، ئەوە سەرەڕایی ئەوەی کە بەهۆی شەڕی ناوخۆ و تەنەگشە سیاسییەکانەوە بەتایبەتیش کێشەکانی پێشووتری پارتی و یەکێتییەوە، بەبەردەوامی هەوڵی ڕەشکردنی خەباتی ژەنراڵ بارزانی دراوە، بەبڕوای من ئەوەیش هەڵەی زەقی پارتییە و زۆڵمێکە لەو سەرکردەیەیی دەکەن، کاتێک هەوڵدەدەن مستەفا بارزانی لە سەرکردەی گەلێکەوە بکەن بە سەرکردەی حیزبێک، ئاخر زۆربەی زۆری ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانیانەی هاتوونەتەوە باشووری کوردستان و بارزانیان لە نزیکەوە ناسیوە بە سەرکردەی ئەفسانەیی ناویان هێناوە لە ڕاپۆرت و کتێبەکانیاندا.

کتێبەکی زانیار قەرەیی تەنیا نووسین و گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی لە خۆ نەگرتووە، "خزمەتکارتان"، ئەمەش سادەیی و ڕاستۆگیی ئەو سەرکردەیەمان بۆ دەردەخات کە هەمیشە لەگەڵ هەژارانی نەتەوەکەیدا بووە.

خەڵکی سلێمانی بە هەوالێ هێنانی بارزانییەکان بۆ شارەکەیان چاکی مەردایەتیان لێهەڵکێشاوە و سەرەڕای ڕێگری داودەستگاکانی ئەوکاتەی حکومەت بەڵام هاوکاریان کردوون و بوون بە پشت وپەنا بۆیان، بەتایبەتی خەڵکە ڕۆشنبیرە و نیشتیمانپەروەر و پیاوە ئاینیەکان. مستەفا بارزانی خۆیشی کە خولیایی ئەوە بووە زیاتر لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە خۆی تەیاربکات، بۆیە پەنای بردۆتەبەر مەلا و پیاوە ئاینیەکان و وانەی لەلا خوێندون وەکو (مەلا عەبدوڵلای چروستانی و مەلا مستەفای سەفوەت) کە لە کاسیەتیە ئاینیەکانی ئەو سەردەمە بوون.

کاتێک لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1993 تەرمی ژەنراڵ بارزانی و کاک ئیدریس لە شنۆوە دەهێنرێتەوە بۆ باشووری کوردستان، سلێمانی بەڵکو چەندین نامەی سەرۆک مستەفا بارزانی لەخۆدەگرێت کە بۆ کەسایەتیەکانی دەڤەری سلێمانی ناردووە وەکو کەمال موفتی، شەوکەت ئیسماعیل، هەروەها ئەو نامانەی کە بۆ بارزانی نووسراون. بەشێکی دیکەی کتێبەکە ژمارەیەکی زۆر وێنەی لە خۆدەگرێت کە کات و شوێنی جیاوازدا گیروان و بەهایەکی گرنگی میژوویان هەیە.

کاتێک باسی نووسینەوەی میژووی کورد دەکرێت بەشیکی ئەو میژووە لەلایەن خەڵکانی بیانییەوە نووسراوەتەوە، هەندێکجار بە مەبەستی تایبەتی میژووی کوردیان شێواندووە، بۆیە ئەمجۆرە کتیبانە کە بابەتیانە دەنووسرێن، خزمەتێکی باشی میژووی کورد دەکەن کە ئیدی دەبێت کورد خۆی بە دەستی خۆی میژووی خۆی بنووسێتەوە، بەڵام میژوویەک کە تەنیا پیاهەڵدان نەبێت بەڵکو سپی و ڕەش وەکو خۆی بنووسرێتەوە.



سەربەست وسمان مزوری

بەغدا ئیتردەبێت گەیشتبێتە ئەو بڕوایە کە کاتی خۆ سەپاندن نەماوە

لە دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی دکتور عادل عەبدولمەهدی پە یوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی باش ئاسای بۆنەتەوە چوونەتە قوناغێکی نوێوە بۆ چارە سەر کردنی کێشەکانی هەردوو لا، بەڵام میکانزمەکانی چارە سەر کردنی کێشەکان هێشتا نادیارن، هیچ گومان لەوەدا نیە گەلی کوردستان لە مێژە دژایەتی دەکرێت لە لایەن حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق، هەموو شێوازێک لە شێوازەکانی لەناو بردنی گەلی کوردستان تاقیان کردوو، تەوە هیچ شێوازێک لە شێوازەکانی لەناو بردنی گەلی کوردستان نەماوە تاقیان نەکردبێتەوە، بەڵام گەلی کوردستان هەر بە زیندووی ماوە سەرەڕای مانەوەی ئەم گەلە بە زیندوویی بە هێزترین بووە ،بۆیە دڕێژەدان بە سیاسەتی بەکارهێنانی هێزی سەربازی تووندو تیژیەکان کێشەکان چارەسەر نابن، ئەزمونەکانی پێشوو لە بەکارهێنانی میتودی لەشکریدا سەلماندویەتی کێشەکان بەرەو ئالۆزی زیاتر دەبات نەک هێنانە ئارای ژینگەیەکی نوێ بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینەی دیالوگێک و هەردوولا ئەم کێشەیە لە سەر یەک مێزی دانوستاندن کوبکاتەوە، ئەنجام وبەرهەمی ئەو هەموو سیاسەتە دوژمنکارانەو تووندو تیژیە لە بەرامبەر گەلی کوردستان دەیان هەزار کەس لە کوردو عەرەب کوژراون، دەیان هەزار گوندو شار وێران کراون، جگە لەم بەرهەمە هیچی تر نەبووە. بویە ئەمڕۆ کە دەبینین بە دەست پێشخەری جەنابی سەرۆک بارزانی دەرفەتێک بۆ بەغدا و هەرێمی کوردستان هاتوتە پێش، پەیوەندیەکانی هەردوو لا بە شێوەیەکی زۆر باش ئاسایی بونەتەوە، بۆیە دەبێت حکومەتی عێراق ئەم دەرفەتە بقوزێتەوە کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە چارە سەر بکات بە پێی دەستور حەقە حکومەتی نوێی عێراق ئەم دەستورە تۆز لەسەر نیشتووەی عێراق ببهێنێتە دەرەوە و کاری پێ بکات، چونکە هەرێمی کوردستان هیچی زیاد داوا نەکردووە جگە لە وەی ئەوەی لە دەستوور نووسراوە. بۆیە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کار پێکردنی دەستورە وەک خوی و برگەکانی جێبەجێ بکرێن ،هەر بۆیە پێویستە حکومەتی نوێی عێراق سیاسەت و بیرکردنەوەکانی وەکو بیرکردنەوەکانی حکومەتەکانی پێش خوی نەبێت، دووبارە پەیرەو کردنی سیاسەتی فاشیزمانە دەبێتە هۆی تێکدانی ئەمن و ئاسایشی وڵات ، بەڕپرسانی بەغدا هەرچیەک بکەن و هەرچیەک بڵێن ئەو ڕاستیانەیان پێی ناشاردرێتەوە کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ڕوژهەڵاتی ناوڕاست و جیهان ،بەغدا دەبێت ئیتر لەوە تێگەیشتبێت کە باوی خۆ سەپاندن نەماوە، بۆیە هەنگاوەکانی چارە سەرکردنی کێشەکان لای حکومەتی عێراقن چونکە هەرێمی کوردستان هیچ کاتێک لە بەرەی تووندو تیژی نەبووە، هیچ کاتێک دەستپێشخەری تووندو تیژی نەبووە و هیچ کاتێکی پەنای بۆ شەڕ نەبردووە هەر وەکو جەنابی سەرۆک هەمیشە فەرمویەتی: "یەک سال گفتوگو کردن لە یەک سەعاتی شەرکردن و تووندو تیژی باشترە"، هەنگاوەکانی چارە سەر کردنی کێشەکان لای حکومەتی فیدراڵە بەوەی بتوانێت هەنگاوەکانی چارە سەر کردن دیاری بکات و بە شێوە یەک بن کە لەگەڵ دەستوری عێراق بگونجێن و متمانەش لای هەرێمی کوردستان دروست بکات.

کارتێکرنا نیشانا بازرگانی Brand لسەر ڕەوشتێ کریارێ کورد



سەردار شاکر سلێڤانەی*

نیشانێت بازرگانی دهێنە هژمارتن وەک ڕێکەکا گەرەنتیکرنێ بو بەرهەم هێنەری و بکارهێنەری ژی د ئێک وەختدا ,کو ئەڤ نیشانە دبتە ئەگەرەک کو بەرهەمەک ژ ئێکە دی بهێتە جوداکرن و دهەمان وەختدا باوەریێ بو بکارهێنەری دروست دکت داکو ژ کەل و پەل و بەرهەمێن وەک ئێک یێ هشیار بت و نەکەڤتە داڤکێن بەرهەمێن ساختە.

بەرهەم هێنەران ئەڤ نیشانە بکارئینانە داکو بەرهەمێ خوە پێ بدەنە نیاسین و پاراستنێ لسەر کریارێن خوە بکن و بکارن بەرامبەر هەڤرکێن خوە براوەستن و بتایبەتی ێن وەکی متایی بەرهەم دئینن، ئەڤ نیشانە ڕولەک گرنگ و کاریکەر دبینت د سیاسەتێن بازارگێریێ و ریکلامێدا و خاسلەتەک تایبەت بکومپانیێ یان کارگەها ددەت دەما بدروستکرنا بەرهەمەکێ دیار کری رادبن. دیروکا پەیدابونا نیشانێت بازرگانی (Brand) د قوناغا چەرخێ ناڤەراست دە بویە و بتایبەتی ژلایێ وەلاتێن فەرەنسا و ئیتالیا کو ناڤێن خوە لسەر بەرهەمێ خوە دەنان و نیشانێت بازرگانی دوی وەختی دا دوو جور بوون، یا ئێکێ پێکهاتبو ژ ئارمانج ژ بکار ئینانێ و دهاتنە دەینان پێخەمەت خاوەنداریەتیا کەل و پەلی بو خودانی بزڤرت و یا دوویێ پێکهاتبون ژ نیشانێت بەرهەم ئینانێ کو ئارمانج ژ بکارئینانا وێ ئەو بو بازرگانان و بەرهەم هێنەران بکاردئینان بو دەست نیشانکرنا ژێدەرێ بەرهەمی و وەک گەردنتیەک بو بکارئینانێ. زێدەباری دزمانێ نەرویجیدا رامانا نیشانێت بازرگانی یان (Brand) برامانا سوتن بئاگری دهێت کو بکار دئینان بو سوتنا نیشانان لسەر گیانەوەران، دا خاوەنداریەتیا وان دیار بکت و خودانێ وێ ناسبکت. ئەگەر ئەم بهێن و بپرسین ئەرێ پروسێسا هەلبژارتنا نیشانێت بازرگانی چاوا دەربازدبت؟ بو دروستکرنا نیشانێت بازرگانی و هەلبژارتنا وێ گەلەک کومپانی هاتینە دروستکرن لێ د ڕاستیێ دا چ تشتێ وەسا نی نە ئەم بێژن ئەڤ نیشانە ژ نیشانا دی جوانترە یان بهێزترە چونکی چ یاساێن دیار نینن بو ڤێ چەندێ لێ چەند خال هەنە دڤیابت بهێنە بەرچاڤ وەرگرتن ل وەختا دروستکرنا نیشانەکا بازرگانی، ئەو خال ژی ئەڤەنە: دڤێت نیشانا بازرگانی یا بسانەهی بت بو خواندنێ و نڤێسینێ و بحەمی زمانان بهێتە خواندن, دڤێت ژ چ پەیڤێن نەرێنی نە پێکهاتبت و ڕامانا وێ د زمانێت بیانی دا ژی دروست بت چونکی دبیت بەرهەم بهێتە هنارتن بو ژ دەرڤە. و دڤێت بهێتە بکارئینان د حەمی تورێن ڕاگەهاندنێ دا، و دڤێت دگەل سروشتێ بەرهەمی بگونجت و یا دیار بت. نشیانێت بازرگانی ژی پێنج جورێن سەرەکی هەنە ژ وان ژی: نیشانا دروستکرنێ, نیشانا بازرگانی ,نیشانا خزمەتێ ,نیشانێت کومەلەی و لدوماهیێ نیشانێت ڕاستیا کومەلەی. وەکی یا دیار بو مە حەمیان سالانە لیست بباترین نیشانێت بازرگانی دەردکەڤن و ئەڤ نیشانێت هە بکوژمەکێ مەزن یێ دراڤی دهێنە خەملاندن وەکی د دووسالێن بوریدا هاتیە دیار کرن نیشانێت کومپانیا گوگل و ئەپل و مایکروسوفت و ئەمازون و فەیسبوک لڕێزێن دیڤێکدا دهێن وەک گرانترین نیشانێت بازرگانی کو ئەڤ پێنج کومپانیە ێن ئەمریکی نە. ئەگەر ئەم تەماشەی وەلاتێن زلهێز بکن و بتایبەتی ڕەوشتێ کریارێ وان ئەم دێ بین زوربەیا هەڤوەلاتیان لڤان وەلاتان چاڤێ وان یێ لسەر نیشانێت بازرگانی وەختا کەل و پەلەکێ دکرن و پتر هزر لڤان نیشانان دکن چونکی ئەو دزانن ئەگەر کەل و پەل یێ کومپانیەکا دیار بت توشی خسارەتیا کرینێ نابت و دێ پتر مفایی ژ بەرهەمێ ڤێ کومپانییێ یان کارگەهێ بینت، لێ بەروڤاژی ل وەلاتین ئەم بێژن لژێر هیلێن هەژارێدا دژین وەسان گرنگی بڤان نیشانان ناهێتە دان وەختا بکرینا کەل و پەلەکێ رادبن. لەهەریما کوردستانێ ژی ئەم دشێن بێژن خەلک تازە فێر بویە کرینا تشتێن کو نیشانەکا بازرگانی یا بهێز هەبت و پتر ل ئوریجینالیتیا بەرهەمی دگەرن و وەک بەرێ هزر بتنێ ل تشتێن ئەرزان ناکن و ئەم دشێن بێژن کومپانی و کارگەهێن مە ژی هەتا رادەکێ شیاینە ببنە خودان نیشانێت بازرگانی یێ تایبەت، لێ نە دئاستێ زورێ پێدڤی دانە و نەکارینە سەرنجا زور یا کریاران رابکێشن و کریارێ مە ژی هەولا کرینا کەل و پەلێن گرانبها و خودان نیشانێت بازرگانی نەدایە ژ بەر کێماتیا دراڤێ وی و نەبونا باوەریێ بفروشیاران چونکی گەلەک جاران کەل و پەلەک کریە بەرەما کو کەل و پەلەک خودان نیشانەکا بازرگانی یا بهێزە لێ دراستیێ دا وەسا نەدەرکەڤتیە. لەوا بدیتنا من ئەگەر کومپانی و کارگەهێن مە هەولا بهێز کرنا نیاشنێت خوە یێ بازرگانی بدن و پتر هزر ل وێ چەندێ بکن کو نەتنێ بکار هێنەرێ ناڤخویی دێ بەرهەمێ وان بکار ئینت لێ هزرا هنارتنا ژ دەرڤە ژی بکن و پتر ل نیشانێت خوە یێ بازرگانی بێن خودان، دا هەم بکارن بەرهەمێ خوە زێدەتر فرێکنە ژ دەرڤە و دا چاڤێ بکارهێنەرێ ناڤخویی ژی نەمینت ل بەرهەم و نیشانێت بازرگانی یێ کومپانیێت بیانی.

* ماموستایێ زانکویا بولیتە کنیک/ دهوک.

پیسبوونی جوگرافیای سایکۆلۆژی و سیاسەت

د. نەسرەدین ئیبراهیم کۆڵی*

بێگۆمان هەر باس و خواستێک ناوی مرۆڤی تیایدا بێ و گفتوگۆ لە بارەی ڕەفتار و کرداری مرۆڤەوە بکرێت بابەتێکی سایکۆلۆژییە. جگە لەمە، لای ئەوانەی تۆزقاڵێک شارەزای کەلتوور و فەرهەنگی زانستی دەروونناسین، هەر کە باس لە جوگرافیا و پیسبوونیشی دەکرێت هەر زوو تیۆرییەکەی "بوار"ی زانای بەناوبانگی ئەڵمانی، واتە کورت لێڤین (Kurt Lewin) دێتە بیرمان، کە خۆی بە یەکێک لە تیۆریزانەکانی ڕێبازە ناسراوەکەی دەروونناسی، واتە "گشتالتی" هەژمار دەکرێت، و ناوی لە ڕێزی ڤیرتهایمێر، کورت کۆفکا، و کۆهلەر دێتن.

ناوبراو زانایەکی ناسراو و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بەرلێن، لە ساڵانی سیی سەدەی بیست بۆ ئەمریکا کۆچ دەکات و لە زانینگە بەناوبانگەکانی ئەوێ وانەبێژی دەکات و توێژینەوەی بە پێزی هەیە. چەمکی بیردۆزی بواری (field theory) لە داهێنانەکانیەتی و تیایدا هەوڵ دەدات سوود لە زانستەکانی فیزیکی بۆ شرۆڤەی ڕەفتارەکانی مرۆڤەکان وەربگرێ. بە دیتنی لێڤین بوار یان گۆڕەپان بریتین لە کۆمەڵێک بەش و پێکهاتەی نزیک لە یەکتر و پێکەوە بەستراوی دوو لایەنە. ڕەفتار و کردارەکانی تاک و ئەو سنوورە جوگرافیایەی فیزیکی دەوروبەرەکەی پێکەوە و شان بە شانی یەکتر دۆخێک پێکدەهێنن کە ناوی لێدەنێت بۆشایی ژیان (life space)، و ئەو دۆخە و مەودایە سۆسیۆ-فیزیکۆ-سایکۆلۆژییە، خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بۆ ئەو گۆڕەپانەی کە تیایدا بە سروشت بەردەوام لە گۆڕاندایە و خاوەن تایبەتمەندییەکی دینامیکییانەیە، و لە ناوەڕۆکیدا هەژمارێکی زۆری پێداویستی (حاجە یان needs) هەن کە دەبێ بە بێ دوو و سێ تێپر و دابین بکرێن. کەسێکی برسی لە نێو هەموو شتەکانی بازاڕدا تەنها خۆراک و خواردەمەنی دەبینێ، و کەسێکی تینووش تەنها ئاو شلەمەنی، و ...هتد.

وەک دەبینین مرۆڤ و ژینگەی خۆی دوو جەمسەری ڕەفتارەکانی تاکن. بە هەمان ئەندازەی کاریگەری لەم چەشنە، ئەوەندەش تێکچوونیان پەیوەستە و بەیەکتر گرێدراون. بە هەمان شێوەش پیسبوونی ژینگەی دەرەکی کاریگەری بەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە، ئەوەش جۆگرافیای سایکۆلۆژی و ناخ و دەروونەکەشی کاریگەری نگێتیڤ و خراپی بەسەر هەمان ژینگە و لەویش زیاتر ڕەفتار و کردار و تێکڕای ژیانی خۆشی هەیە.

لە سۆنگەی ئەوەی کە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری مرۆڤە، جگە لە ڕەهەندێکی سۆسیۆلۆژیکی و مرۆڤایانە ڕەهەندێکی فیزیکی و جۆگرافیاییشی هەیە، دەتوانین بڵێین کە تیۆری "بوار" دەکرێ لەسەر چەمکە کۆمەڵایەتییەکانیش جێبەجێ بکرێت. نەتەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەیە لە هەر دەستە مرۆڤێک کە بە هۆکار و لە ژێر کاریگەری هەژمارێک فاکتەری جیاوازدا بە یەکەوە لکێندراون، و ئەو هەستە دەروونییەی کە بە سەرپێبوون و ئاراستەی نەتەوەیی دەناسرێت، هەستێکی هاوبەشی بەهێزی نێوان ئەو مرۆڤایەنەیە کە ناچاریان دەکات یان پاڵیان پێوە دەنێت کە لە کاتی پێویست و تەنگانەدا یەکتر بگرن و بەم بۆنەشەوە چۆست و چالاکانەتر لە کاتەکانیتر دەتوانن بەرگەی نەهامەتی و ناخۆشییەکان بگرن. هەر ئەمەش وادەکات نەتەوە وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی بەشێک بێ لەوە جۆگرافیا سۆسیۆسایکۆلۆژییەی تاک و هاونیشتمانی تیایدا و لە داوێنیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی و ئاسایشی دەروونی بکات، چونکە لەو "بوار" و دۆخە کۆمەڵایەتییەدا هەستکردن بە سەرپێبوون، و پاراستنەوەی پەیوەست بوون و زەمینەیان خۆشکرد بۆ ئەو ڕووداوە گەورەیەی کە سەرتاسەری ئەوروپای هێنایە هەژان و بردیە ناو سەردەمی سیاسەتەوە. ئەوەش شۆڕشەکەی فەرەنسا بوو لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا 1789و ئەوەی بەدوایدا هات لە سەروەریيە مەزنەکانی وەکو سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەریەک لەسیستەمی سەرمایەداری و شارستانیەتی ڕۆشنگەراکە هەستا بە نەخشاندنی سیما و ڕواڵەتە سیاسیە شمولیەکان و پاشان مەرجەکانی حکومی مەدەنی لەگەڵ جۆن لۆک دا هاتنەدیاریکردن و پەیمانی کۆمەڵایەتیش لەگەڵ جان جاک ڕۆسۆ دا سەریهەڵدا، ئەوجا جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ و هاوواڵاتی (شۆڕشی فەرەنسا) هاتنەڕوودان. بەشێوەیەکی گشتی ئەو هزرە ئەولەویەتی دا بە عەقڵ و بەکارهێنانی عەقڵ لەسەر حسابی هەموو ئەوەی کەبە میرات دەمێنێتەوە، بەوکارەشی داپڕانێکی گشتی لەنێوان ئایین و دنیا و لەنێوان ئەفسانەو میتۆوودا، دروست کرد. پاشان ئەو چینی بوورژوا لیبرالیستە دەستیکردە بەرهەم هێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشەپێدانی زانستی و شانبەشانی ئەوەش بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی هزری و ئەدەبی و هونەری لەگەڵ داهێنان و ئەوەش سەرئەنجام وای لە ئەوروپای تازە کرد لەڕووی سەربازییەوە بەهێز ببێت و لەڕووی مەدەنی و سیاسیشەوە شارستانی بێت..

بەڵام عەرەب و موسڵمانەکان زۆرباش لە سروشتی ئەو وەرچەرخانە تێنەگەیشتن و ئاگادارى ئەوە نەبوون کە گەوهەری ئەو وەرچەرخان و پەرەسەندن و پێشکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و ژیانی گشتی، هەروەهاش لەوە تێنەگەیشتن کە ئەوان لەبەر دەم فۆرماسیۆنێکی میتۆوویی تازەدان کە لە گەوهەریدا جیاوازە لەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەکو بزووتنەوەیەکی ئایینی خاچپەرستی بەرەنگاری بوونەوە. سەردەمێک پێیانوابوو کە ڕاز و نهێنی ڕابوونی ئەوروپا، پابەندبوونیەتی بە کەلەپوورە ئاینیەکەی و شوناسە کریستیانیەکەیەوە. ئەوەش مایەپوچی ئەو هزرەی پشتئەستور و بەهێز کرد، ئەوەبوو کە وای بۆ دەچوو بنەمای ئەو پەرەسەندن و چوونەناو مۆدێرنەیە، دابڕان نییە لەگەڵ ڕابردوو، بەڵکو پەرەپێدان و بوژاندنەوەیەتی .مایەپوچی ئەو هزرە شانبەشانی ئەو هۆشمەندییە نادروستە دەرهاویشتەیەکی وەهای هەبوو کە هەردەم لەبەرژەوەندی ڕابردوودا بوو، هەروەها لەبەرژەوەندی سەرجەم شێوازەکانی ئەو کێشکردنە میتۆوویی‌یەدا بوو کە مومارەسەی دەکات .ئەوەتا تاچەند ئێستا دژوار و سەخت و ئەستەم بێت ، بەو ئەندازەیەش خود بەرەو قاوغەکەی خۆی دەباتەوە و خۆی لە تەک خەزێنەکراوە کلتوورییەکەدا دەپارێزێت ، ئەو سایکۆلۆژیایەش هەردوو ئاستی تاکی و گشتی دەگرێتەوە. ئاشکرایە هێشتا بیر و هزری عەرەبی ئیسلامی ئەو وانە ئەوروپییە ڕەت دەکاتەوە کە پێیوایە جوڵاندنی میتۆو تێکەڵ نەکردنی هەردوو سەردەمەکە دەخوازێت .سەردەمی میتۆو ، و سەردەمی ڕۆح لەو بارەوە کە هەر یەکەیان پێگەی تایبەت بەخۆی هەیە و، هە تێکەڵ کردنێکیش لە نێوانیاندا جگە لە دووبارە بوونەوە و پێگۆڕکێ (المراوغە) لە شۆێنی خۆیدا ، هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێت .بە ئاشکرا وا پێدەچێت عەقڵی عەرەبی ئیسلامی لەم قۆناغەدا مومارەسەی فریودەرییەکەی خۆی دەکات بە بەدیهێنانی ئامانجە دنیاییەکانی لەڕێی ئەکتیڤ کردنی دژەکانییەوە . بەهەر حاڵ دەبا بگەڕێینەوە سەر ئەو بەڵگەنەویستەی کە ناومان هێنا لە ناوونیشانی وتارەکەماندا (ئەو کۆمەڵگایەی بەرهەم دەهێنێت ... هزریش دێنێتە بەرهەم) ئەو کۆمەڵگایەش کە بەکاردەبات ، هزری هاوردەش بەکاردەبات ، بەڵام لە سنورێکی زۆر بچوکدا .چونکە لێرەدا هزر دەبێتە شتێک بۆ سەرگەرمی نەک پێویستییەک ، ئەگەر هاوردە شتێکی زۆر پێویست بێت لەبەر نەبوونی بەرهەمهێنان ، ئەوکات داهێنانی هزری نابێتە شتێکی زۆر پێویست و زەروری ، ئەوجا لەبەر ئەوەش کە هزر بەشێک نییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان ، ئەی کەواتە بۆچی نەگەڕێینەوە بۆ میتۆرو بۆ سەلەفی سالح و پیاوچاک و ئەوەش دەربازیەکە بۆ خۆ دەربازکردن لە دەستەپاچەییمان، بە پەنابردنمان بۆ میتۆووی هزریمان دەستمان کرد بە زلکردنی ڕابردوو ، بەناویدا دەگەڕێین بۆ چارەسەر بۆ کێشەو گرفتەکانمان .ئاشکرایە ئەو سەلەفییەتە هزرییە هەمیشە وەڵامان دەداتەوە بەوەی کە لەوێدا هزرێکی ئیسلامی هەیە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێک دەنگونجێت و لەبارە . ئێمە پێویستمان بەهزری غەیری ئەوە و ،ئەوەی دوای ئەو هزرە هاورده و هاتووە نییە. چونکە شایانی ئەوە نییە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و بگرە ئەوە کوفر و بێباوەڕیشە .بێگومان ئێمە سەرنەکەوتین چونکە نەگەڕاینەوە بۆ ئەو هزرە و پێوەی پابەند نەبووین ، لایەنگری ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئێستا گەلێک زۆرن و هێزی سەرکوتکەرانەی خۆیان هەیە لەناو خێزان لەسەر شەقام و لە قوتابخانە و، لە خەسڵەتەکانی ئەو هزرەش گەڕانەوە بۆ میراتی بەجێماو لەجیاتی بەرهەم هێنانی بیری نوێ . گفتوگۆ و دانانی چارەسەر بۆ گرفتە هاوچەرخەکان لەمیانی بیری سەردەم گەلێکەوە کە بەسەرچوو و ئەو پاساوەی نەهێشتوەتەوە کە گوایە بۆ هەمو سەردەمانێک دەست دەدات و گونجاوە . قەدەغەکردن و ڕێگەگرتن و دژایەتی کردنی هەر بیر و هزرێکی تازە بە بیانوی ئەوەی کە ئێمە خاوەنی هزری خۆمانین پێویستمان بەوە نییە ،دانانی ڕابردووبۆ بەرگریکردنی ئێستا دا بەململانێیەکی خوێناوی و تووندەوە .پەڕژینکردنی کەلەپوور بە دیوارێکی پیرۆزی ڕەها و هەر قسەکردنێک لەسەر ئەو کەلەپوورە تانەلێدان و دەرچوون بێت لەو چوارچێوەیە، بەڕاستی ئەو بیرکرنەوەیە هەموو بیر و هزرێکی ئەویتر لەناو دەبات تەنانەت خودی هزری ئەویش ، چونکە وصایەی دەقەکە دەکاتە پیرۆز و دەیکاتە خاوەنی دەسەڵاتێکی یەکلاکەرەوە بەسەر هەموو پەرەسەندنەکاندا چونکە ئەو سەلەفە ئەگەر باش بێت یان خراپ لەسەرو هەموو بیروڕاکانەوەیە.بینا لەسەر ئەوە پێمان وایە هەموو ئەوانەی ئێنتمایان هەیە بۆ ئەو هزرە سەلەفیە ، لەیەکەمین گفتوگۆ و دانوستاندا لە پشت پیرۆزییەکانەوە سەنگەر دەگرن و هۆشداری دەدەن لە نزیک بوونەوە لە ئەو پیرۆزیانەیان و دەستدەکەن بە پێکەوەنانی تۆمەتبارکردنەکان و ئەوانیتر پۆلبەندی دەکەن بەوەی کە شوێنکەوتووی مەعاویەن یان شوێنکەوتووی عەلی یان هی حەلاج یان شوێنکەوتووی هیتلەر ، ئەوانە لەمێژووی ئیسلامیماندا زۆرن کە هیچ زانست و پیشەسازی و شارستانیەتێکیان بەرهەم نەهێناوە و لە ئەنجامی ئەوەشدا هیچ هزر و بیرێکیان نەهێناوەتە بەرهەم و ناهێنن.

و: هاوڕێ ڕەشید



هەرێمی کوردستان زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئاوارەی لە باوەش گرتووە

لەگەڵ ناکەن و نەیانکردووە، بەڵام کورد لە سۆنگەی هەستی بەرپرسیارەتییەوە، شان بە شانی خەباتێکی بێ وچان و تەنها و تەنها بەرگریکردن، بە پابەندی بە بەهاکانی مرۆدۆستانە و جوامێرانەی خۆیەوە هەمی خۆی لە لەنێوچوونێکی یەکجارەکی پاراستووە و هەم هەموو هەوڵێکی داوە کە بە کەمترین زیان لە قەیرانە ئاڵۆزەکانی سیاسی ناوچە، "بەڕی خۆی لە ئاو دەربێنێ"، و ئەمە هەستێکی جوانە کە نیشاندەری نزمترین ئاستی پیسبوونی جۆگرافیای سایکۆلۆژیی تاکی کوردە، لەو جیهانەی کە تەنەوەکانیتر تەنها بۆ بەرژەوەندییە مادی و کاتییەکانی ناڕەوای خۆیان لایان ئاساییە پشت لە هاوپەیمان و دۆست و هاوڕێیانی بکات و ببێتە مایەی بەهێزبوونی تیرۆر و بەرزکردنی مۆرالی تیرۆریستان و دڕندەترکردنیان، و زۆر بە ئاسانی ملیۆنان مرۆڤ بەکوشت بدەن، لەو پەڕی مەینەتییەکانی خۆیەوە مەلیۆنان مرۆڤی ئاوارە و بێ پەنا لە باوەش بگرێ و بیانپارێزێ. بێگومان ئەو هەستە جوانەی تاکی کورد، ڕۆژێک لە ڕۆژان و لە میانەی یاساکانی سروشتدا، ڕێڕەوی ئاسایی خۆی دەدۆزێتەوە و ئەو هەموو نەهامەتییە بە بێ ئەنجام ناهێنێ.

*** پرۆفیسۆری هـ. /پسپۆڕی سایکۆلۆژیای پێداگۆگی/فاکۆلتیی پەروەردە/ زانینگەی زاخۆ.**



کۆمەڵگەی بەرهەمهێن... هزریش بەرهەم دەهێنێت!

ن: ئەحمەلاج ئەحمەکیم

میتۆوونانسانی بیر و هزر بزاوتی ڕۆشنگەرایی لە ئەوروپا، دەگێڕنەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم و دروست بۆ ساڵانی 1670- 1800ز لەهەر یەک لە فەرەنسا و ئەڵمانیا . پاشان ئیتر ئەو بزاوتە بەسەرتاسەری ئەوروپادا بڵاو بۆوە، سەرئەنجام ئەوەی پێکهێناوە کە ئەمڕۆ پێی دەووترێت ڕۆژئاوا.

بەرپرسێ لقا ئێک و پارێزگەرێ دهوکێ جەژنا ئەرمەنێن ئەرتوسودوکس پیروزکر



خەبات ـ دهوک:
ژ بۆ پیروزباهیکرنا چەژن و ڕۆژا ژ دایکبۆنا حەزرەتی مەسیح و هاتنا سەرسالا نۆی سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجۆمەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەرپا کارگێرێن لقێ سەرا دێرا ئەرمەن الارتوژوکس ل سەنتەرێ پارێزگەها دهوکێ دا و ژبالا مەترانێ دێرێ و کەسایەتین ئەرمەن ل پارێزگەها دهوک هاتنە پێشوازیکرن ئەڤە و سەربەست تروانشی پیروزباهییێن گەرم ئاراستەی وانکرن و گۆت ئەم خۆ سەر بلند دبینین بقێ پێکڤە ژیانا ئاینی و ئولێ و نەتەوەی ئەوا هەی ل کوردستانێ و ئەڤرۆ ئەم هەمی بونە چەپەرۆکەک ژبۆ پاراستنا قان دەستکەفت و ئارمی و ئاسایشا هەرێما کوردستانێ کۆ ئیرۆ کوردستان ل هەر دەرەکێ دی یێ ئیراقێ و دەڤەرێ پەناگەهەکا ئارام و تەنا تارە ژبۆ هەر ئولا و نەتەوەکی، ئەڤە و ژ بالا خوڤە مەتران و کەسایەتین ئەرمەنان ژی سوپاسێن خو ئاراستەی سەروک مسعود بارزانی و لقا ئێک کرن ژبۆ وێ پشتەڤانییا بەردەوام ل ئە رمە نا دهێت کرن وئەڤرۆ ل سایەی وێ سیاسەتا حەکیمانە یا جەنابێ سەروک مسعود بارزانی ئەم دڤێ ئارامێدا دژین و هیڤی خۆزام کۆ هەمی روژێن گەلێن کوردستانێ چەژن و خوشی بن. وەسا ب مەرەما پیروزکرنا جەژنا بونا حەزرەتا عیسایێ مەسیح ل برایێن ئەرمەن دوهی نیڤرو 6-1-2019 فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهوکێ سەرا دێرا ئەرمەنێن ئەرتوسودوکس ل تاخێ ماسیکێ ل باژێرێ دهوکێ دا ژلایێ بەرێزان زانایێن ئاینێ مەسیحیی و کەسایەتیێن برایێن ئەرمەن پێشوازی لێ هاتە کرن.
پارێزگەرێ دهوکێ بناڤێ کارگێریا پارێزگەهێ جەژنا هەموو برایێن ئەرمەن ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ ول هەرێما کوردستانێ پیروزکر وخواست کو برایێن ئەرمەن هەر سال ڤان جەژنا بخێر وخوشی وئاشتی وئازادی بگێرن.
هەژی گوتنێ یە پتر ژسێ هزار ئەرمەنا ل کوردستانێ هەنە ونێزیکی 2400 ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ دژین.

هۆڵی بۆنە ئاینییەکان لە گەڕەکی ژیانی شاری هەولێر کرایەوە



بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت، و هەر یەک لە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو، سەید سدیق کەپرانی بەرێوەبەری ئەوقافی هەولێر و جەماوەرێکی بەرچاوی سنورەکە و میوانان لە رێورەسمێکی شایستەدا، هۆڵی بۆنە ئاینییەکان لە مزگەوتی حاجی ئیبراهیم پێریاتی لە گەرەکی ژیانی شاری هەولێر کرایەوە.
سەرەتای مەراسیمەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد. دواتر وەزیری ئەوقاف وتەیەکی بە بۆنەی کردنەوەی هۆڵی بۆنە ئاینییەکان پێشکەش کرد و تیایدا دەستخۆشی لە حاجی عەلی پێریاتی کرد، کە توانیوویەتی دروستکردنی هۆڵی بۆنە و مەراسیمە ئاینییەکان، چونکە پێویستە بۆ کەمکردنەوەی ئاستەنگی زەحمەت بە تایبەتی لە بەرێوەچوونی رۆژانی پرسە.
وەزیری ئەوقاف زێتر گوتیشی: کە وەزارەتی ئەوقاف لەماوەی رابردوودا هەموو ئاسانکارییەکی بۆ هاوڵاتیان کردووە ئەوانەی کە هۆڵی بۆنەکان یان مزگەوت لە شوێنە پێویستەکان دروست دەکەن و راشیگەیاند کە مزگەوت هەیە لەشاری هەولێر و ناوچەکانی تر پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە و وەزارەت پلانی هەیە هەرچی لەتوانایدا هەیێت ئەنجامی بدات بەمەبەستی چاککردنەوە و نۆژەن کردنەوەیان، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی ئەمە بەربەست بووە لەگەڵ ئەوەش لە هەوڵەکان بەردەوامین.
هەر لە درێژەی قسەکانیدا بەرێز وەزیری ئەوقاف داوای لە خێرخوازان کرد کە بە دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە بەشدارین لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان بەتایبەتی لەشوێنە دوورە دەستەکان کە ئەمەش دەچێتە خانەی پاداشتی نەبراوە، بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری بۆ هەر کەسێک دەکات بەیەوێت پرۆژەیەکی لەو جۆرە لەشوێنی پێویست دروست بکات.
جێگەی ئاماژەیە هۆڵی بۆنەکان لەمزگەوتی حاجی عەلی بێریاتی لەسەر ڕووبەری 450 مەتر بەشێوەیەکی تازە دروست کراوە و تایبەتە بەبۆنە و مەراسیمە ئاینییەکان.

گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر:

بڕیاری پێدانەوەی سزاکانی هاتووچۆ بەشێوەی قیست ماوەیەکە دەستی پێکردووە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: موقەدەم فازڵ حاجی گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر ڕونیکردەوە: ئەو بڕیارەی کە بۆ پێدانەوەی غەرامەی هاتووچۆ بەشێوەی قیست دەرچووە، ماوەی سااڵێکە کاری پێدەکرێت و تا ئێستا جێبەجێ دەکرێت بۆ ئەو مەبەستەش هەر کەسێک غەرامەی لە 250 هەزار دینار زیاتر بێت ئەوا دەتوانێت سزاکەی بە شێوەی قیست و لەماوەی سااڵێکدا بداتەوە و ئەو کەسەی کە دەیەوێ سزاکە بەشێوەی قیست بداتەوە ئەوا پێویستە بەڵێننامەیەک لەبەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ پێشکەش بکات و لە ماوەی سااڵێکدا ئەو غەرامەیە بداتەوە و ئەو غەرامەیە هەر بە تەنها غەرامەی کامێراکانی هاتووچۆ ناگرێتەوە، بەڵکو ڕسومات و سەرپێچیەکانیش دەگرێتەوە هەروەها گوتی: ئەگەر هاتوو ئەو کەسانەی بەڵێننامەی یاسایی پڕ دەکەنەوە بۆ دانەوەی قیستەکە لەماوەی ئەو سااڵەدا بەڵێننامەکە جێبەجێ نەکەن ئەوا ئەو کاتە سزا دەدرێن و ناویان دەچێتە لیستی ڕەشەوە و بۆ جارێکی دیکە ناتوانن سوود لەو سیستەمە وەرگرنەوە

ئەمڕۆ زیاتر لە ملیۆنێک قوتابی بەشداری تاقیکردنەوەی وەزری یەکەم دەبن



بڕیارە ئەمڕۆ تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵی ئەنجام بدرێن، وەزارەتی پەروەردەیش ڕاگەیاندراوێکی باڵاو کردەوە و تێیدا هاتووە، ڕێکەوتی 7/1/2019ی زایینی، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و بە بەشداریی زیاتر لە ملیۆنێک و سەد هەزار قوتابی لە قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی بۆ 11ی ئامادەیی، تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم، خوولی یەکەمی پۆلە ناکۆتاکان دەست پێ دەکات.
لە ڕاگەیاندراوەکەی وەزارەتی پەروەردە هاتووە، حکوومەتی هەرێم بە پێی توانای دارایی ئەم قۆناغە قورسەی کوردستان، هەمیشە پاڵپشتیی خوێندن و فەراهەمکردنی کەشێکی ئارام بووە بۆ پڕۆسەی خوێندن و جێبەجێکردنی ئەزموونەکان، بۆیە لەسەر قوتابیان پێویستە کاتەکانیان بەفیڕۆ نەدەن و ئەو ماوە کورتەی کە بۆ ئەم پڕۆسەیە دانراوە، دوور بکەونەوە لە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و یاریکردن پێیان، تا نمرەی باش بەدەست بهێنن، داوا لە خانەوادەی بەڕێزی قوتابیان دەکەین، لە ماڵەوە هەوڵی دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ منداڵەکانیان بدەن و پاڵپشتێکی بەهێزی دەروونی و پەروەردەییان بن و پاڵەپەستۆیان لەسەر دروست نەکەن و ڕەچاوکردنی کاتی پێویست بۆ خوێندن و خواردنی تەندروستیان بکەن.
وەزارەتی پەروەردە ڕاشیگەیاندووە: سوپاسی مامۆستایانی خۆشەویستیش دەکەین کە وەک هەمیشە هاوکار و جێبەجێکاری ئەم پڕۆسە بەرفراوانە پەروەردەییەن و، هیوای سەرکەوتنیش بۆ هەموو قوتابیان دەخوازین.

ڕوونکردنەوە لەبارەی میکانیزمی پێشکەشکردنی مۆڵەتی بەخێوکەر دەخرێتەڕوو

وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە بارەی مۆڵەتی بەخێوکەر گشتاندنێک ئاڕاستەی سەرجەم گەنجینەکان دەکات. بەپێی گشتاندنێکی وەزارەتی دارایی کە ئاڕاستەی سەرجەم گەنجینەکان کراوە، تێیدا ئاماژە بە داواکارییەکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە بارەی میکانیزمی پێشکەشکردنی مۆڵەتی بەخێوکەر دراوە.
لە نووسراوەکەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوە خراوەتەڕوو، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین بۆ ئەو فەرمانبەرانەی مۆڵەتی بەخێوکەر وەردەگرن و بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئەو مۆڵەتە، پێویستە داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی بەخێوکەر ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان بکرێت. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە بارەی داواکاری مۆڵەتی بەخێوکەر ئاماژەشی بەوە کردووە، پاش دیراسەتکردن و بڕیاردان بەپێی ڕێنمایی ژمارە 2ی وەزارەتمان و ڕێنمایی دارایی ژمارە 20ی ساڵی 2016 بۆ وەزارەت بەرز بکرێتەوە.



کار بە پێوەری زیرەکی ئاو دەکرێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
ئەندازیار مەسعود کارەش، بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕوونیکردەوە: لە مانگی یەکی ئەمساڵدا کار بە پێوەری زیرەکی ئاو دابەشکردنی ماڵان دەکرێت و پشت بەو پێوەرە زیرەکە دەبەسترێت. سەبارەت بە پڕۆژەکانی تایبەت بە ئاو و ئاوەڕۆ گوتی: لەلایەن ڕێکخراوی جایکای ژاپۆنی بڕێک پارە بە قەرز دەدرێتە عێراق و لەو قەرزەش بڕی 22ملیۆن دۆلار بەر کوردستان دەکەوێت، بۆیە هەر لە ئەمساڵدا پڕۆژەکان دەست پێدەکەنەوە.
بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ دەربارەی کارو پڕۆژەکانی پارسال گوتی: پارسال نزیکەی 800پڕۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ لە کوردستان ئەنجامدراون.

پۆلیسی گەرمیان: تاوان و دزی و کوشتن لە گەرمیان ڕووی لە زیادبوون کردووە



خەبات ـ سەهریە یوسف: پۆلیسی گەرمیان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا کە لە باڵەخانەی خۆی لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان سازیدابوو، ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2018ی ڕاگەیاند. لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەدا کە خەبات ئامادەی بوو، ڕائیدی مافپەروەر علی جەمال قدووری وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند: لەساڵی 2018دا، کوشتنی پیاو 13حاڵەت، خۆکوشتن 3 حاڵەت، کوشتنی بەهەڵە 9 حاڵەت، شەڕکردنی جۆراوجۆر 437 حاڵەت، دزینی ئۆتۆمبێل 14حاڵەت، دزی جۆراوجۆر 309 حاڵەت، ڕفاندن 17 حاڵەت، خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی 149حاڵەت،ساختەوتەزویر19 حاڵەت. گوتیشی: بەدەرەوشتی 34 حاڵەت، فێڵ 146 حاڵەت، هەڕەشەکردن 386 حاڵەت، چەک 58حاڵەت. ڕوونیشیکردەوە، کۆی گشتی ڕووداوەکان بەراورد بەساڵی 2017 ڕووی لە زیادبوون کردووە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی بازاڕی شێخەڵلا بازاڕەکە ڕووناک دەکاتەوە



خەبات ـ سەید فەخرەدین:
بە بۆنەی هاتنی ساڵی تازە، ئەندامێکی ئەنجوومەنی بازاری شێخەڵلا، بۆ جوانکردنی سیمای شار و ڕۆناککەرەوەکانی شەوانە لە سەر ئەستۆی خۆی هەموو ڕۆناکییەکانی ناو بازاری شێخەڵلا نوێکردۆتەوە.
کاوێس خەیلانی ئەنجومەنی بازاری شێخەڵلا بۆ خەبات گوتی: خۆشبەختانە شەوانە ناوشار و بە تایبەتی ناو بازاڕی شێخەڵلا قەرەباڵغە و بۆ جوانکردنی سیمای شار و وەک خزمەتێکی بچووک بە شارەکەم، لەسەر ئەستۆی خۆم و بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی یەک و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ژێنگەپارێز و بەشی خزمەتگوزاری، توانیمان ئەو ڕووناکییانەی لە دووڕوبەری بازاری شێخەڵلا کە سوتابوون و یا لە کار کەوتبوون هەمووبان بگۆڕین و شەقامەکانمان بە ئالای پیرۆزی کوردستان ڕازاندەوە.

پێشمەرگەیەکی بریندارى داستانى ناوبانگى لۆمانا کۆچى دوایى کرد



خەبات ـ سەفەر ژاوکی:

دواى ململانێکى زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا، پێشمەرگە و گیانفیدای شۆڕشى مەزنى ئەیلوول و گوڵان و راپەرین، خاڵ مەلا عەبدوچ حاجى مامیسکى، کۆچى دوایى کرد و لە گۆڕستانى مامیسکى سەر بە دەڤەرى بارزان و بە ئامادەبوونى جەماوەرى دەڤەرەکە و هاوسەنگەران و کەسوکارى بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو خاڵ مەلا عەبدوچ حاجى، لەسالى 1939 لە بنەماڵەیەکى کوردپەروەر لە گوندى مامیسکى سەر بە دەڤەرى بارزان لە دایکبووە، لە تەمەنى منداڵى لەگەڵ کەسوکارى ئاوارەى ڕۆژهەلاتى کوردستان بووە و باوکى بەشدارى لە بەرگرىکردن لە کۆمارى مەهاباد لە کوردستان کردەوە و یەکێک لەو کەسانە بووە لەگەڵ بارزانییەکان لە ناوسیمى دیانا لە سالى 1947 بەندکراوە هەتا کۆچى خزمەتى بە ڕێبازى بارزانیى نەمر کرد، خوالێخۆشبوو خاڵ مەلا عەبدوچ مامیسکى سالى 1961 بەشدارى شۆڕشى مەزنى دەکات و لەگەڵ شەهیدى فەرماندە حادى قازى دەبێتە پێشمەرگە، بەشدارى لە داستانى ناوبانگى لۆمانا دەکات کە بریندار دەبێت و ڕۆڵى لە داستانەکان پیرس، پەردى ڕێزان و چەندى تر هەبووە، پێشمەرگەیەکى ئازا و فیداکار بووە، دواى نسکۆى شۆڕش ئاوارەى ئێران دەبێت وەدەبێتە پێشمەرگە بە هەمان ڕۆحیەوە وەڕۆڵى لە چەند داستان هەبووە،دواى ڕاپەرین دەگەڕێتەوە کوردستان ولە گوندى مامیسکى سەربەدەڤەرى بارزان نیشتەجێ دەبێت،بەهەمان ڕۆحیەوە دەبێتە پێشمەرگە لە بەرخودان،جگە لە پێشمەرگایەتى بەکەسێکى کۆمەڵایەتى دەڤەرەکە بوو،ماوەى چەند ساڵ لەبەر خەبات وقارەمانیەتى تووشى نەخۆشى ببوو،دواى ململانێى لەگەڵ نەخۆشى لە تەمەنى 79ساڵى کۆچى دوایى کرد.

پرسەکە لە گوندى مامیسکى سەر بە دەڤەرى بارزانە.

هاوکارى بەسەر منداڵانى ئۆتیزم دابەشکرا



خەبات ـ سەید فەخرەدین:

دۆینى پێش نیوەڕۆ بە ئامادەبوونى د. بەشیر خەلیل حەداد جێگرى سەرۆکى پەرلەمانى عێراق و خاتوو مەیادە محەمەد ئەندامى پەرلەمانى عیراق و مافپەروەر هاوڕێ ئیحسان سەرۆکى لقى هەولێرى مانگى سوورى عێراق، توانرا هاوکارى بەسەر سەد خێزانى تووشبووانى نەخۆشى ئۆتیزم دابەش بکرێت. لە مەراسیمەکەدا د. بەشیر خەلیل وتەیەکى پێشکەش کرد و سەبارەت بەهێنانى ئەو هاوکارییە گوتى: ئێمە بە ئێوە جوانین و بە دەنگى ئێوەش ئەمڕۆ لە پەرلەمان دانیشتووین و دەبێت لە پەرلەمانیش داواى مافى ئێوە بکەین. کەمال جەبارى سەرۆکى سەنتەرى ئۆتیزم خۆشحاڵى خۆى دەربڕى بۆ ئەو سەردانەى جێگرى سەرۆکى پەرلەمانى عێراق و گوتى: سوپاسى ئەم بەسەرکردنەوەیان دەکەین و زۆر گرینگە بۆ چارەسەرکردنى کێشە و ئازارەکانمان لە نزیکەوە ئاگادارى بارودۆخى ئێمە بن.

دواتر سەرۆکى سەنتەرى ئۆتیزم، کەمال جەبارى بە ناوى گشت ئەو ئەندامانەى کە لە سەنتەرى ئۆتیزمن سوپاسى د. بەشیر خەلیل حەدادى کرد.

بەڕێوەبەرى ئاوەڕۆکانى هەولێر دروست بوونى لافاو بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنێتەوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجى:

ئەندازیار سروود عەبدولحەمید بەڕێوەبەرى ئاوەڕۆکانى هەولێر بەخەباتى ڕاگەیاند: هۆکارەکانى گیرانى ئاوەڕۆکان و ئەگەرى دروستبوونى لافاو لە هەولێر بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بۆ دزینى سەرە مەنهۆڵەکان دەگەڕێتەوەو لەسەر ئەو دیاردەیەش چەندین کەس لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراون و داواشمان لە هاوڵاتیان کردووە لە کاتى دزرانى سەرە مەنهۆڵەکان ئاگادارمان بکەنەوە تا بەدواداچوونى بۆ بکەین، چونکە بە دزینى ئەو سەرە مەنهۆڵانە، کێشەى گەورە بۆ هاووڵاتییان دروست دەکەن و زیان بە سامانى نیشتیمانى دەگەیەنن

گوتیشى: دووەم هۆکاریش بۆ فرێدانى زبڵ و پاشماوە لە ناو گەڕەکەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە بەداخەوە هەندێ لە هاووڵاتیانى نەفس نزم هەولێى دزینى سەرە مەنهۆڵەکان دەدەن و هەندێکى هاووڵاتى تر، زبڵ و پاشماوەى خانوو دروستکردنیش فرێ دەدەنە ناو ئاوەڕۆکان.

بەڕێوەبەرى ئاوەڕۆکانى هەولێر ڕوونیکردەوە، لەماوەى ساڵانى ڕابردوو، بەر لە شەڕى داعش و قەیرانى دارایىەوە، چەندین کیلۆمەتر ئاوەڕۆى لوولەیى و سندوقیمان لە سنورى پارێزگاى هەولێر دروست کرد، بەڵام قەیرانى دراىى نەیهێشت پڕۆژەى ئاوەڕۆى زیاتر دروست بکەین، بۆیە لە هەندێک گەڕەکى شارى هەولێر لافاو دروست دەبێت و ئاوى زیاتر کۆ دەبێتەوە و دەبێتە هۆى دروستبوونى لافاو، ئەگەرچى هەموو سااڵنێک بەر لەهاتنى وەرزى زستان تیمەکانى پاککردنەوەى ئاوەڕۆکان هەموو ئاوەڕۆکانى هەولێر خاوێن دەکەنەوە، بەاڵم بەهۆى سستى ڕادەى هۆشیارى هاووڵاتییانەوە ئاوەڕۆکان دەگیرێن ئەویش بەهۆى فرێدانى زبڵ و پاشماوە بۆ ناو ئاوەڕۆکان لافاو دروست دەبێت.

شارەوانیى سلێمانى گۆڕستانێکى جیاواز بە چەندین پڕۆژەوە دەکاتەوە

بەرپرسێکى شارەوانیى سلێمانى ئاشکراى دەکات لە گەڕەکى قڕگەى شارى سلێمانى گۆڕستانێکى نوێ دروست کراوە کە خزمەتگوزارییەکانى حەمام و تەواڵێت و پاسەوانى تێدایە و کارئاسانى بۆ هاوڵاتیان دەکات.

زەردەشت ڕەفیق، بەڕێوبەرى شارەوانیى سلێمانى بە باسنیوزى ڕاگەیاندووە: دواى ئەوەى گۆڕستانەکانى پارێزگاى سلێمانى قەڕەباڵغ بوون و لۆدێکى زۆریان کەوتووەتە سەر، ئێستا لە گەڕەکى قڕگە لە ڕۆژهەلاتى شارى سلێمانى، شارەوانى زەویەکى بە ڕووبەرى 180دۆنم بۆ گۆڕستانەکە تەرخان کردووە و ئێستا سەرجەم کارەکانى ئەو گۆڕستانە تەواو بووە.

گوتیشى: گۆڕستانەکە گۆڕستانێکى جیاوازە و شێوازى مردووناشتن جیاواز دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر هاووڵاتییەک سەردانى مەزارگەى کەسوکارى بکات، یان گۆڕ بۆ مردوو هەڵبکەندرێت، ئەوکاتە ڕووبەڕووى هیچ گرفتێک نەبێتەوە و کارئاسانییەکى زۆر بۆ هاووڵاتییانى شارى سلێمانى دەکات.

ئاماژەى بەوەش دا: چەند پڕۆژەیەکى خزمەتگوزارى بۆ گۆڕستانەکە دروست کراوە، خزمەتگوزارییەکانیش پێکهاتوون لە حەمام و تەواڵێت و پاسەوان و ڕێژەى سەوزایى بۆ گۆڕستانەکە، چونکە ئەوانە خزمەتگوزارین و هاووڵاتییان پێویستیان پێى دەبێت.

بەرپرسى ڕاگەیاندنى شارەوانیى سلێمانى، باسى لەوەش کرد: لەگەڵ کۆمپانیایەکدا گرێبەستێکمان کردووە و ئەوەى گۆڕ بۆ مردووەکەى هەڵبکەنێت، پێویستە بڕە پارەیەکى دیاریکراو بدات، پارەکەش بەشێکى بۆ گۆڕ هەڵکەنەکە دەبێت و ئەوەى دیکەشى دەگەڕێتەوە بۆ خزمەتکردنى گۆڕستانەکە.

پرسە و سەرەخۆشى

بەناوى خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەى لێخۆشبوو مستەفا قیادە

بەدڵگرانییەکى زۆرەوە، هەواڵى کۆچى دوایى پێشمەرگەى شۆڕشى مەزنى ئەیلوول و گوڵان و کەسایەتى دیارى دەڤەرى شارباژێر و ماوەت، مستەفا ئەحمەد گوروون، ناسراو بەمستەفا قیادەمان پێگەیشت.

هاوبەشى خەمى خانەوادە تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشى ئاڕاستەى ئێوە و خزم و دۆستانتان و هەڤاڵانى خوالێخۆشبوو دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامى و دڵنەوایى بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتى بەرینى خۆى شاد بکات.

إنا لله و إنا إلیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵى بەڕێز رزگار کێستەیى

خەمباربوون بە بیستنى هەواڵى کۆچى دوایى پێشمەرگەى هەردوو شۆڕشى مەزنى ئەیلوول و گوڵان، باوکى بەڕێزتان خوالێخۆشبوو تەها کێستەیى. لەم بۆنە خەمناکەدا، پرسە و سەرەخۆشى خۆمان، ئاراستەى بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم خزم و کەسوکار و هەڤاڵانى خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشى خەمتانین. لە خواى گەورە داواکارین سەبورى و ئارامى بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانى کۆچکردوویش بە بەهەشتى بەرین شاد بکات.

إنا لله و إنا إلیه راجعون

مەکتەبى سیاسى

***

هەڤاڵى بەڕێز ماجد سەید سالح

بەداخەوە هەواڵى کۆچى دوایى پێشمەرگەى هەردوو شۆڕشى مەزنى ئەیلوول و گوڵان، سەید ڕەشید چەم سەیدى مامى بەڕێزتانمان پێگەیشت.

لەم بۆنە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشى ئاراستەى بەڕێزتان و خانەوادە و سەرجەم خزم و کەسوکار و هەڤاڵانى خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشى خەمتانین.

لەخواى گەورە داواکارین سەبورى و ئارامى بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانى کۆچکردوویش بە بەهەشتى بەرین شاد بکات.

إنا لله و إنا إلیه راجعون

مەکتەبى سیاسى

وەزارەتى گواستنەوە و گەیاندن:

زیاتر لە 800 هەزار گەشتیار بە فڕۆکە هاتوونەتە هەرێم



وەزارەتى گواستنەوە و گەیاندنى حکومەتى هەرێم ڕایگەیاند: لە ساڵى ڕابردوودا زیاتر لە 800 هەزار گەشتیار لەڕێگەى فڕۆکەخانەکانى هەولێر و سلێمانییەوە هاتوونەتە هەرێمى کوردستان.

بەپێى ئامارێکى وەزارەتى گواستنەوە و گەیاندنى حکومەتى هەرێمى کوردستان کە تیایدا ئاماژەى بەوە کردوە، لە ساڵى 2018دا ژمارەى ئەو گەشتیارانەى، کە لە ڕێگەى فڕۆکەخانەى هەولێر و سلێمانییەوە هاتوچۆیان کردووە بڕیتیبوون لە یەک ملیۆن و 674 هەزار و 585 گەشتیار.

ئەوەش هاتووە، هەر لە ساڵى 2018دا ژمارەى ئەو گەشتیارانەى لە ڕێگەى ئەو دوو فڕۆکەخانەیەوە هاتوونەتە هەرێمى کوردستان812 هەزار و 786 کەس بوون، ئەو گەشتیارانەشى لە هەرێمى کوردستانەوە گوازراونەتەوە 861 هەزار و 799 کەس بوون.

بەپێى ئامارەکەى وەزارەتى گواستنەوە و گەیاندن، هاوکات 18 هەزار و872 گەشتى ئاسمانیش لە فڕۆکەخانەى هەولێر و سلێمانى ئەنجامدراون.



پۆلیسى ڕاپەڕین:

ژنێک بەهۆى گڕگرتنى سۆپا سووتا

پۆلیسى ڕاپەڕین ڕایگەیاند ئێوارەى دوێنێ لە گەڕەکى دبان، لە ناحیەى حاجیاواى سەر بە قەزاى ڕانیە، ژنێک بەهۆى گڕگرتنى سۆپاوە سووتا، هەروەها پۆلیس ڕایگەیاندبوو ڕۆژى هەینیش لە گەڕەکى پێنجى ئازار لە ناحیەى حاجیاواى سەربە قەزاى ڕانیە لە کاتى داگیرساندنى سۆپاى نەوت، ژنێک چەرخەکەى لە دەست تەقى. بەڕێوەبەرایەتى پۆلیسى ڕاپەڕین لە ڕایگەیاند: سەرلەئێوارەى ڕۆژى 5ى کانونى دووەمى 2019لە گەڕەکى دابان لە ناحیەى حاجیاواى سەربە قەزاى ڕانیە لە کاتى تێکردنى نەوت لە سۆپاى داگیرسا و ژنێک سووتا.

ئاماژەى بەوەشکرد: ژنەکە تەمەنى 26 ساڵە بەناوى پ.ن. و لەماڵەکەى خۆیان بەهۆ گڕگرتنى سۆپاکە سوتاوە. پۆلیسى ڕاپەڕین ئەوەشى خستۆتەڕوو بەگوێرەى ڕاپۆرتى پزیشکى ڕێژەى سوتاویەکەى سەدا 52ە و لەبەر سەختى بڕینەکەى ڕەوانەى نەخۆشخانەى هەولێر کراوە.

هێماى بۆ ئەوەشکردووە مەلەفى لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە ڕێکخرا و لەسەر ڕووداوەکە کەس دەستگیر نەکراوە و لێکۆڵینەوە بەردەوامە. ئەوەش لەکاتێکدایە، بەڕێوەبەرایەتى پۆلیسى ڕاپەڕین دوێنێ هەینى ڕایگەیاند: لە گەڕەکى پێنجى ئازار لە ناحیەى حاجیاواى سەر بە قەزاى ڕانیە لە کاتى داگیرساندنى سۆپاى نەوت ژنێک سووتا.

لە دەڤەرا ئاکرێ جۆرە کرمەک زیانێ دگەهینیت کەرتێ چاندنێ



دەمەکە جۆرە کرمەک لە ئەردێن چاندنێ پەیدابوویە و لە دەڤەرا ئاکرێ زیانێ دگەهینیت کەرتێ چاندنێ ژبەرکو دەمێ گەشەکرنا بەرهەمێن چاندنێیە ب گشتی.

مستەفا مورات، جوتیارەکێ خودان باغێ چاندنێ یە، ڕاگەهاند: دەمێ چەند ڕۆژایە جورە کرمەک پەیدا بۆیە و زیانى دگەهینیت هەموو جورە بەرهەمەکێ چاندنێ تایبەت ئەوێن لسەر ئەردى و یێن کەسک مە داخوازا ڕێنمایا و دەرمانا کریە کو چارە سەریا ئاریشا هەبوونا وێ کرمێ بکەین و چەندین جۆر دەرمان مە بکارئینانە و چاڤەرێ دکەین و باشتر ببیت ژبەرکو ئەگەر نەهێت چارەکرن دێ هەمو دەڤەرا ئاکرێ ڤەگریت.

شێمال سلێمان، ئەندازیار و بسپورێ نەخوشییێن چاندنێیە، بۆ باسنیوز ڕاگەهاند: جورە کرمەک ل وەرزێ هاڤینێ گرى ل بن ئەردى دروستدکەت و ل دەمێ زستانێ دەردکەڤیت و زیانێ دگەهینیت کەرتێ چاندنێ ب گشتى و گەرمى ب تایبەت، نوکە دەمێ گەشەکرنا گەمى یە ئەگەر نەهێتە چارەکرن دێ گەشتى و گەرمى ب تایبەت، نوکە دەمێ گەشەکرنا گەمى یە ئەگەر نەهێتە چارەکرن دێ زیانێن مەزنتر گەهنە کەرتێ چاندنێ.

گوتژى: ئەڤ جورە کرم و نەخوشیە ل پرانیا سالا دەردکەڤن ئەگەر بهێتە دەرمان کرن زیانا کەرتێ چاندنێ کێم دبیت بەلێ ئەگەر وەک خو ژمانێ هشک کەت.

فستیڤاڵی شانۆی شەقامی کەرکوک لە کوێوە بۆ کوێ؟!



د.کەیفی ئەحمەد

شانۆی شەقام وەکو دیاردە و پڕۆسەیەکی نوێ و سەردەمیانە لە باشووری کوردستان خۆی کوتاوەتە نێو بواری هونەری شانۆوە، دیارە کۆمەڵێک پێشهات و گۆڕانکاریی و پێشکەوتن و زەروورەتی ژیان و گوزەران و بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و رامیاریی ،ڕۆڵیان هەبووە لە هاتنە نێوەوەی ئەو شێوازەی نمایشی شانۆ لە شارەکانی باشووری کوردستاندا، دیارە ئەو شێوازە لەنمایشی شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەمەنێکی درێژتری هەیە، شانۆکاران و هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان لەو بوارەدا هەیە، ئەویش بۆ کاریگەربیان بە شانۆی ئێرانی دەگەڕێتەوە، کە ئەو وڵاتە خاوەنی میژوو و چەندین فستیڤاڵی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییە لەو بوارەدا . سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو ئەزموونەش لە باشوور بۆ شاری دەربەندیخان و فستیڤاڵی شانۆی شەقامی دەربەندیخان دەگەڕێتەوە، کە چەند فستیڤاڵێکی نێوخۆیی و پاشان نێودەوڵەتییان ئەنجامداوە، هەنگاوی دووەم لە کەرکووکی گڕ و گڵپەوە دەستی پێکردووە، هونەرمەندە چالاک و لەخۆبردوو و سەرکێشەکانی کەرکووک، بیریان لەوە کردەوە ، کە ئەو ئەزموون و شێوازەی شانۆ پەرەپێبدەن و فراوانتری بکەن و زیاتر بە خەڵکی بناسێنن و پەیام و ئێش و ئازاری خۆیان بۆ بینەر بگوازنەوە و لە نزیکیشەوە گوێیان لە تڕپەی دڵ و خواستە ڕەوا و داواکاریی و ئازارەکانیان بێت، ئەوان ئەو کاتەی بیریان لەو بیرۆکە و پرۆژەیە دەکردەوە، زۆر کەس نەی دەویرا سەفەریش بۆ کەرکووک بکات، چونکە ئەو کات ساڵی 2014 بوو، ئەو کاتە بوو، کە داگیرکاریی داعش پەرەی سەندبوو و تا سنووری شارەوانی کەرکووک پەلی کێشابوو، ڕۆژانە تەقینەوە و کاری تیرۆرستی لەو شارە ڕوویدەدا، ترس و تۆقاندە سەرجەم شاری داپۆشیبوو، بەڵام هونەرمەندانی کەرکووک بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان زانی کە ڕۆڵیان لە تێپەڕاندنی ئەو دۆخەدا هەبێت، ئەو دۆخە نەک هەر ساردی نەکردنەوە، بەڵکو کارەکەی خێراتر کردن، ئەوە بوو هونەرمەندانی(تیپی شانۆی هەوار)ی کەرکوک بە سەرپەرشتی (نەژاد نەجم)، چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و بڕیاری سازدانی یەکەم فستیڤاڵی شانۆی شەقامی کەرکووکیان لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2014 بە نمایشکردنی پێنج نمایشی شانۆیی بەڕێوەبرد، دیارە ئەو هەنگاوە بە توانایەکی مەعنەوی زۆر و بە توانایەکی مادی کەم ئەنجامدرا، کە بووە بەردی بناغەی فستیڤاڵ بۆ ساڵانی داهاتوو، ئەوە بوو ساڵی داهاتوو 2015 ?هەرچەندە دۆخی کرکووک زۆر ئاڵۆز بوو بە هۆی تەقینەوەکان و کارە تیرۆریستییەکانی داعش و فراوان بوونی پێگەو دەسەڵاتی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە، بە تایبەتی لەو سنوور و دەروبەرەدا، لەگەڵ ئەوەشدا فستیڤاڵی (2)م بەڕێوەچوو، هەر لەوێشدا بڕیاری بەردەوامیی و درێژەدان بە گەشە و گۆڕانکاریی و خۆئامادەکردن بۆ فستیڤاڵی داهاتوو درا، ئەوە بوو کە

فستیڤاڵی (3)م بەڕێوەچوو، بەڵام تەنها دوو شەو 17 -10/15/ 2016 دوای ئەو فستیڤاڵە هیرشە گەورەکەی داعش و دزەکردنیان بۆ نێو گەرەکەکان و چەند دامەزراوەیەک ڕوویدا، بەجۆرێک ئەو هۆتێلەی میوانانی فستیڤاڵی تێدابوون، کەوتە ژێردەستی داعش و سوتێنرا، هەروەها بەستی خاسە و پارکی قەڵا کە زۆربەی نمایشەکانی تێدا ئەنجامدرا بوون بوونە گۆڕەپانی پێکدادانی تیرۆریستان و هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک، بەو شێوەیە دۆخێکی یەکجار نالەبار ڕوویدا و چەندین کەس لەو شارە شەهید و بریندار بوون، سەرەڕای زیانێکی زۆر و زەوەندی مادیی، دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەو فیستڤاڵە بەشێوەیەکی باشتر لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی و ئەزموون و شارەزایی لە فستیڤاڵەکانی پێش خۆی بەڕێوەچوو، هەر لەوێدا بڕیاری فستیڤاڵی چوارەمیش درابوو بە کۆمەڵێک گۆڕانکارییەوە لە ڕووی تێچوون و خەڵات و بەشداریی و سپۆنسەرەوە، هەروەها کات و ساتی ئەنجامدانی فستیڤاڵیش ڕاگەیەنرا، بەڵام چارەنووسی فستیڤاڵی چوارەم وەکو نەخشەی بۆ کێشرابوو نەکەوتەوە و زۆر پێچەوانە بۆوە، چونکە لەو کاتەدا جەنابی مام جەلال کۆچی دواییکردو بەو هۆیەوەش نەتوانرا فستیڤاڵ ئەنجامبدرێت و دواخرا، دیسان ئامادەکارییەکان گەیشتن بە کۆتایی، بەڵام بۆ بەختی ڕەش و نەگبەتی ئەو شارە، کارەساتی داگیرکردنی کەرکوک و ئاوارەبوونی خەڵکی ئەو شارەی لە 10/17 /2017 لێکەوتەوە، فستیڤاڵ باس و خواسی نەما، دوای ئەوەی هونەرمەندانی کەرکووک ئاهێکیان هاتەوەبەر، خۆیان لە شارەکانی دیکەی گەرمیان گرتەوە، دووبارە یەکسەر بیریان لە زیندوو کردنەوە و ئەنجامدانی فستیڤاڵ کردەوە، سەرەتا وایان پێ باشبوو، کردنەوەی فستیڤاڵ لە کەرکووک بێت و پاشان نمایشەکان بۆ شارەکانی دیکەی نزیک کەرکووک بگوازنەوە، بەهۆی نائارامی دۆخی کەرکوو، بەڵام لە دواییدا خۆشبەختانە سەرپەرشتیاران و بەشداران لە خۆبردووانە بڕیاری ئەوەیاندا لە مانگی شوبات 15، 16 /2/ 2018 هەموو چالاکیی و نمایشەکان لەنێو کەرکووک بەڕێوە بچن، کارەکان وەکو نەخشەی بۆ کێشرابوو سەرکەوتووانە ئەنجامدران. لەکاتی ڕێورەسمی کۆتایی و دابەشکردنی خەڵات بەسەر تیپ و هونەرمەندە بەشدار و سەرکەوتووەکان، بڕیاری ئەنجامدانی فستیڤاڵی (5) ڕاگەیەنرا، هەنگا و خەونەکانی هونەرمەندان و ڕێکخەرانی فستیڤاڵی شانۆی شەقامی کەرکووک زۆر گەورە و مەزن بوون، ئەوان نەک هەر بیریان لە بەردەوامیی دەکردەوە، بەڵکو بیریان لە کارێکی دیکەی بە عەقڵی زۆر کەسدا نەچوو دەکردەوە، ئەویش کردنی ئەو فستیڤاڵە بوو لە نێوخۆییەوە بۆ نێودەوڵەتیی، هەوڵەکان سەریانگرت و دارە وشکەکە چڕۆ و گوڵی کرد و گەشایەوە، ئەوە بوو بۆ ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵ و بڕیار و مۆژدەیە بە خەڵکی کەرکووک و کوردستان ڕۆژی چوارشەمە، ڕێکەوتی 12/5/ 2018 دیاریکرد، کە بانگهێشتی گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان کرد بۆ گواستنەوەی چالاکی و هەواڵ و بڕیارەکانی ئەو بۆنەیە، هەروەها بەو بۆنەیەوە ئەو ڕۆژە چەند نمایشێکی شانۆی شەقام لەنێو کەرکووک ئەنجامدرا، کە بەم شێوەیە بوو. گروپی شانۆ بۆ شانۆی شەقام ژ کۆیە و بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری ، دوو نمایشیان لە دوو کات و شوێنی جودا ئەنجامدا، کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی لە زانکۆی کەرکووک، کاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆ لە بازاڕی ڕەحیماوە ئەنجامدا، گروپی شانۆ بۆ شانۆی شەقامی کۆیە، شانۆی (عەریزە نووس)ی نمایشکرد لە بیرۆکە و دەرهێنانی (هونەر تاهیر) ، نواندنی (فەرەیدوون حەمەدەمین، د.کەیفی ئەحمەد). پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری/ بەشی هونەری شانۆ، شانۆیی (کچە ئازاکە)، بیرۆکە و دەرهێنانی (محەمەد تەنیا)، نواندنی (مژدە جەوهەر، سەرکەوت ئەکرەم). پاشان لە گۆنگرەیەکی ڕاگەیەنراوی ڕۆژنامەوانییدا، لەلایەن سەرۆکی فستیڤاڵ (نەژاد نەجم) ڕاگەیەنرا، کە فستیڤاڵی شانۆی شەقامی کەرکووک لە فستیڤاڵێکی لۆکاڵییەوە دەبێت بە فستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی، هەروەها کاتی دەسپێکردنی فستیڤاڵی پێنجەمی شانۆی شەقامی کەرکووکی نێودەوڵەتی ڕاگەیەنرا لە 15، 16 /2/ 2018 ، کە لە مانگی ئازاری 2019 ئەنجامدەدرێت. ئەوەبوو کاروانی پڕ لە هەڵگشان و داکشان و پڕ لە کەند و کۆسپ و چاڵ و چۆڵی و ئێش و ئازاری فستیڤاڵی شانۆی شەقامی کەرکووک، کە لە بەرامبەردا وەرە و توانا و ئیرادە و هەڵوێست و لەخۆبردن و ڕۆحی هونەریی و خۆشەویستی بۆ شانۆ، کە لە ناخی هونەرمەندانی کەرکووکدا خۆی داکۆتابوو، زاڵبوو و سەرکەوت و فستیڤاڵی لە چالاکییەکی سادەی شارێک و قەتیس لە چەند تیپێک بۆ فستیڤاڵێکی گەورەی نێودەوڵەتیی، کە پشت بەخوا و هیممەتی هونەرمەندان، چەندین وڵاتی پێشکەوتوو و تیپی گەورە و ئاست بەرز و هونەرمەندی بە ناوبانگ لە داهاتوودا دەبنە میوان و بەشداری لەو فستیڤاڵەدا دەکەن. بۆیە بەم بۆنەیەوە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە گشت ئەو کەس و لایەن و هونەرمەندانەی کەرکووک و شارەکانی دیکە دەکەین کە ڕۆڵیان هەبووە لەو هەنگاوە میژوویییەدا.

ئەگەر منداڵت هەیە تکایە ئەم بابەتە بخوێنەوە

ئەو هەڵانەی کە پێویستە دایک و باوک هەرئێستا دەستی لێ هەڵگرن



ئەرسەلان پەیرانی - تیۆرێری دەروونی

یەک : کاتێک دەمانەوێت خۆراکێک یان دەرمانێک بۆ چارەسەری بدەین بە منداڵەکەمان ، بەڵام حەزی پێ نەکات یا پێ ناخۆش بێت دەڵێت نایخۆم یا ناخۆمەوە ، هەڵەی ئێمە لێرەوە دەست پێکدەبێت کە بە منداڵەکەمان دەڵێن ئەگەر نەی خۆی،یا نەی خۆیەوە یا دەیەین بە براکەت یا خۆشکەکەت یا هەر منداڵێکیتر ، ئەو منداڵە لەوکاتە رازی ئەبێت کە بیخوات بەڵام رازی بوونی لەبەر ئەوەیە کە لەدەستی نەروات بەمەش تۆ بناغەی ئیرەی بۆ منداڵەکەت دروست ئەکەیت

بەم کرداڕە منداڵێکی ئیردیی پەروردە ئەکەی ، بەم هەڵەی کە لەوانەیە زۆر بچووک بێت ویا بیریشمان لێنەکردبێتەوە

دوو : بەراورد کردنی منداڵەکەت بە خوشک و برا یا منداڵیتر ، نە بە ئەرێنی نە بە نەرێنی بۆ ئموونە منداڵەکەت زیرەک نیە یا ئەرکەکانی بە باشی جێ بەجی ناکات ، نابێت بەراوردێکەی بە منداڵێکیتر ، پێ بلی بۆ وەک ئەو منداڵە زیرەک نیت ئاقڵ نی ، بەتایبەتی لای کەسانیتر چونکە ئەگەر ئەمەت درکاند منداڵەکە ئەو بیرکردنەوی بۆ دروست ئەبێت ، کە هەموو کەس بەئەوەی زانی کە ئاقڵ نیم یا زیرەک نیم ئیتر بۆ هەمو بۆ بدەم ، وە هەتا عونسریتر ئەبێت لەسەر ردفتارە هەڵەکانی

سێ : منداڵ لە تەمەنی ٦ سالی تا ـ ، ـ سالی ئەگەر کور بێت هەول ئەدا لە زۆرترین ردفتار لاسایی باوکی بکاتەوە لە چوونە دەرەوە لەقسە کردن لەوەی کە باوکی چۆن ردفتار لەگەڵ دایک و خۆشکی ئەکات ئەویش هەوڵ ئەدا هەمان ردفتار ئەنجام بدا، ئەگەر کچ بێت هەوڵ ئەدا هەموو ردفتارەکانی وەک دایکی بێت ، بۆیە تۆ ئەتوانی نسبەیەک لە کەسایەتی خۆت لە منداڵەکەت ببینیەوە ، ئەگەر کارێکی باش دەکات یان ئەگەر کارێکی هەڵە ئەکات یەکەمجار خۆت سەرزەنش کە دوایی منداڵەکەت باشتر پەروردە بکە چوار : پەروردەکردن بۆ پێکەنین ، زۆرجار بینیومانە دایک و باوک یان کەسانی نزیک منداڵەکە ، لەو تەمەنەی کە منداڵەکەیان سەرەتای فێربوونی قسەکردنە بە منداڵەکەیان قسەی نەشیاو یا جنێو و ئەو قسانەی کە پێکەنیناوی فێری ئەکەن تا بەکەسانیتر بڵێت بۆ پێکەنین لەکاتێکدا منداڵەکە نە مانای ئەزانی وە نەش ئەزانێ بۆ وای پێ ئەڵێن ، و منداڵەکەش کاتێک ئەبینی پێ ئەکەنن حەز ئەکا زیاتر بڵێت.کاتێک منداڵەکە ئەو قسەیە بەکەسێک ئەڵێ کەچی شەرمە بۆ دایک و باوکی یا کە گەورەتر بوو لەسەر ئەو قسانەی کە لە منداڵی سەرەتا فێریان کردووە لێ ئەدەن و سزای ئەدەن.

کاریگەری وەرزش و خۆراکی باش لە سەر کەمکردنەوەی نەخۆشی ڕەبۆ

بە وتەی تۆژەران، خواردنی ڕۆژانەی ڕێژیمی خۆراکی تەندروست لەگەڵ ئەنجامدانی وەرزشی گونجاو نیشانەکانی ڕەبۆ کەم دەکاتەوە و کاریگەری لە سەر ژیانی نەخۆش دادەنێت . نەخۆشی ڕەبۆ بە نەخۆشی بەربڵاو و بۆ ماوەیی هەژمار دەکرێت کە لە هەر 10کەس لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کەسێک تووشی ئەو نەخۆشیە دەبێتەوە . زۆرینەی ئەو کەسانە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە کە خس خسی سینگە ، ئێش و ئازاری قەفەسەی سینگ و کورتبوونی هەناسەکێشانە دەرمان بەکار دێنن و زۆربەیان بۆ کەمکردنەوەی ئەو نەخۆشییە لە وەرزشکردن خۆیان دوور دەکەنەوە .لەو بارەیەوە ، " لوئیس لیندردونتسن"، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە لە زانکۆی بیسپربجرک" لە دانیمارک ، گوتی ، ئامانجی پیشانی داوە کە تووشبووانی نەخۆشی ڕەبۆ بە گشتی قەڵەون و دەتوانن ڕژێمی خۆراکی گونجاو و وەرزشی زیاتر ئەنجام بدەن . لەو توێژینەوەیەدا 149کەس تاقیکردنەوەیان لە سەر ئەنجامدرا.بەشداربووان دوای بەکارهێنانی ڕژێمی خۆراکی دەوڵەمەند بە پرۆتینین و گلۆکۆزی کەم ، لە هەفتەیەکدا سێ جار وەرزشیان ئەنجام دەدا .ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی دا کە ئەنجامدانی وەرزشی جگە لەوەی دەبێتە هۆی باشتربوونی ئەو نەخۆشییە لە هەمان کاتیشدا ئەو کەسانە دەبوونە خاوەن لەش وڵارێکی جوان. بەرێژەی 50 لەسەدا نیشانەکانی نەخۆشی لە نێویاندا کەمتر بوو.



دیاردەیەکی ئاسمانیی دانیشتوانی ناوچەیەکی کالیفۆرنیای سەرسامکرد

دانیشتوانی ناوچەی (بای ئێریا) لە ویلایەتی (کالیفۆرنیا) تووشی شۆک بوون بە بینینی ڕووناکییەکی سەیر کە تەنێکی ئاسمانی فڕیو لە ئاسمانی ئەو ویلایەتەدا لەدوا خۆیدا جێهێشتبوو.

لەدوای ئەو ڕووداوەدا، ئاژانسەکانی هەواڵی ئەمریکی خێرا بەدواداچوونیان بۆ ئەو دیاردەیە کرد و شایەتمانی چەندین کەس وەرگرت و بەشێکی زۆریان وایانزانی کەوا ئەو ڕووناکییە بریقەدارە بریتی بووە لە پاشماوەی هەڵدانی مووشەکێک کە پلان وابوو لە (بنکەی ڤان دینبێرگ) ی نزیک لەو ناوچەیەدا هەڵبدرێت، بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کەوا پرۆسەی هەڵدانەکە لە بنەڕەتەوە دواخرابوو.

لەمبارەیەوە پسپۆڕانی (ڕوانگەی فەلەکیی لیک) ی تایبەت بە (زانکۆی کالیفۆرنیا) ڕوونیکردەوە کەوا ئەو پاشماوە ڕووناکەی دوای ئاڵوبوونی خۆر دەرکەوتبوو بریتییە لەپاشماوەی سووتانێکی نەیزەکی بێ ئەوەی هیچ جۆرە زیانێک بنێتەوە.

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی پەروەردە ژمارەی ناسنامە ٨١٦٤ بەناوی ازاد محمد علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة الكاتب العدل اربيل الاولى
شعبة الانذار و الحجز

العدد: ٣٨/٧
التاريخ: ٢٠١٩/١/٦

نشر الانذار

المنذر (مى غانم سليم ايرام)
المنذر اليه (فارس داود عبدالاحد)

قد وجه اليك الانذار المرقم ١٩١ فى ٢٠١٨/١١/٢٦ من قبل السيده (مى غانم سليم ايرام) لغرض عزلكم من و كالة خاصة المرقمة (٤٦/٩١٤٦) الصادرة من دائرة الكاتب العدل فى عينكاوه و بما انك مجهول الاقامة حسب اشعار مختار محلة ئاشتى و مارت شمونى فى عينكاوه فى ٢٠١٩/١/٢ لذا ننشر لكم و بشكل رسمى فى جريدتين يوميتين.

شوان فوزى زكى
عن كاتب عدل الاول
فى دائرة الكاتب العدل اربيل
الاولى

***

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە/ ٢٢
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٣

کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠١٩/٢)

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کەمگری (نهێنی) بەمەبەستی گواستنەوەی بری دیاریکراوی نەوتی ڕەش لە پالاوتگەی نەوتی کەلەك/ پاریزگای هەولێر بۆ وێستگەی کارەبای باعەدرێ/ پاریزگای دهۆك بەپێی یاسا رادەگەیێنێت جا هەرکۆمپانیایەك کە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە باسەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کڕینی تەنەدەر دواکات بۆ گەڕانەوەی تەنەدەرەکان ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٦ کاتژمێر (١١) پێش نیوەڕۆ بەرەچاوکردنی ئەم خالانەی خوارەوە:

١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆلەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.

٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆلینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخود مۆلەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.

٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.

٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێشکەش بکات.

٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.

٦- نرخی تەندەر (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی یەکە گەرانەوەی بۆ نییە.

٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٨- خەرجییەکانی بلاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.

فریدون رحمان عولا
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێری دارایی

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٤٨/م/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٢

جاردان

داوالێکراو یوسف سمیر یوسف شوێنی دانیشتوی نادیار

داواکار (ریما روفائیل اثنیل) داوای ژمارە ٤٨/م/٢٠١٨ لە سەرت تۆمارکردبوو تێیدا داوای (پڕچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەری) ئەم دادگایە لەڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٢ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بە (هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەری نێوان هەردولا و پەسەندکردنی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری کۆمەڵگای هەرشەم و نوبل و بیابان و پانك بڕیە دادگا بریاری دا پێ ڕاگەیاندنت بەجاردان بۆ دەربچێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بلاوەبکرێتەوە بڕیە پێویستە خۆت یان بریکاردارت نارازیبوون پێشکەش بەدادگا بکەن لەماوەی یاساییدا ئەگەرنا بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ نیهاد صباح الدين على

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٣٠٦٠/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ڕێباز سایل حمد)

داواکار (شهلا محمد صوفی) داوای ژمارە (٣٠٦٠/ب/٢٠١٨)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان و تیایدا داوا دەکات بە (زێر و کەل و پەلی ناومال) گەرانەوەیان یان بەهاکەیان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی/ باداوە) لە ٢٠١٨/١١/١٧ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١/٢٠, بە بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادەر/ بهزاد جهاد فائق

***

سەرۆکاتیا باژێڕگانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە

ژمارە/٣٧/٣٠١/٢/٢
ڕێکەفت/٢٠١٩/١/٣

ئاگەهداری

لیەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەرۆکاتیا باژێڕگانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (کابینەکێ ل تەنشت پارکا شەهیدان) بۆ ماوێ ٣ سالا ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئیك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەرۆکاتیا باژێڕگانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب بڕێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (٣٠) ڕوژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕوژنامە فەرمی دا و سەرئیك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەرۆکاتیا باژێڕگانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرئیك زێدەکرن بگهەتێ دێ کرێتن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەردەرکت.

ئەندازیار
بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێڕگانیا زاخو

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/٣٣٣
ڕێکەوت/٢٠١٩/١/٣

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٢١/٧٥٢ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار جلال عمر بابکر کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی کۆمپانیای Filo food بەبڕی/ (١٤٣,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ژمارە ١٢١/٧٥٢ ك ٤٥ وارش
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی دوونهۆمی کۆن پێشەوەی نەترە نهۆمی یەکەم لە ٣ ژوور حمام و مرافق مطبخ نهۆمی دووەم ٤ ژوور حمام مرافق.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١١٥,٠٠٠,٠٠٠ سەدو پانزە ملیۆن دینار.

***

دادگەها کەتن دهوك

ژمارە: ١٣٤٦/ج/٢٠١٨/٢
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١١/١٥

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (احمد حسین محمدامین)

ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ سالەکێ ل سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٣٤٦/ج/٢٠١٨/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن مالتا ژمارە ٢٠١٨/٦٢ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گریت.

دادەر/ عصمت كوليك ئاميد

***

دادگەها کەتن دهوك

ژمارە: ١٣٤٩/ج/٢٠١٨/٢
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١١/١٥

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (بیار شمال مصطفی سلیمان)

ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ سالەکێ ل سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٣٤٩/ج/٢٠١٨/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن نوروز ژمارە ٢٠١٨/١٩٩ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گریت.

دادەر/ عصمت كوليك ئاميد

***

دادگەها کەتن دهوك

ژمارە: ١٦٨٢/ج/٢٠١٨/٢
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١١/٢١

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (ادریس عمر احمد)

ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ سالەکێ ل سەر مادەی (٤٥٢/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٦٨٢/ج/٢٠١٨/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن داسنیا ژمارە ٢٠١٨/١٠٠ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گریت.

دادەر/ عصمت كوليك ئاميد

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (گوڵاو) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگاری هەولێر)

پاکتاوکار/ محمد عبدالكريم حسين
ناونیشان/ هەولێر/ شاری خەونەکان
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٣٥١٤٢٤

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Quantity Surveyor-Projects
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

DNO is seeking an experienced Quantity Surveyor - Projects to be based at the operations sites in Kurdistan. The Quantity Surveyor - Projects will be joining an international and dynamic working environment characterized by experienced, skilled and motivated employees.
The Quantity Surveyor - Projects shall be responsible for the overall Cost Control and Contract Management of several multiple-discipline projects and works being undertaken by the Company and other parties.
The project shall be administered, directed and controlled in a transparent and equitable manner in accordance with the Company's business principles utilizing adequate and fit for purpose management tools and capable staff. The control systems that shall comprise cost, time and resource management shall be fully documented in the project execution plan and procedures. Key Performance Indicators (KPIs) that are essential for the achievement of efficient project completion shall be established and monitored through each stage of the Work.
The Quantity Surveyor - Projects will provide mentoring and training to expatriate and local national staff as required.
Health, safety, environment and security are core values at ONO and are taken very seriously. All employees are expected to play their role whereas senior staff are also part of a company-wide safety leadership programme.

Required Qualifications & Experience:
• Convincing academic background with a relevant Construction, Commercial, Engineering or Quantity Surveying Qualification.
• Member of RICS (Royal Institution of Chartered Surveyors) preferred but not essential.
• >10 years of experience from large capital expenditure (capex) projects, preferably within the oil and gas industry working for an Operator and EPC Contractor.
• Multi-discipline experience related to Quantity Surveying activities.
• Experience developing CAPEX cost effective solutions to complex problems and understands OPEX costing.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Trainee Project Engineer
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

The Project Engineer (Trainee) shall be assigned responsibilities as appropriate and according to their experience by the Project Manager / Senior Project Engineer which may include the following:
• Interpret and execute instructions from the Project Manager / Senior Project Engineer / Project Engineer.
• Interpret Basis of Design documents; P&ID's and Specifications (with support from discipline Engineers).
• Provide input into scopes of work and cost estimates for small to medium size projects.
• Perform site surveys, including clash checking for new works in the Brownfield site.
• Review & discuss drawings with construction teams, discipline engineers and operations to gain feedback.
• Review completed construction drawings from third parties for accuracy and conformity to DNO standards.
• Management and delivery of the Project works in accordance with the companies HSE policy
• Project planning and scheduling, cost control, change control, quality assurance, quality control, document control, health, safety, and environment (HSE) design engineering and construction management.
• Provide input to internal project technical and commercial approval documentation, review scope changes and provide input into change requests as required by the Project Manager / Senior Project Engineer;
• Participate in HAZID, HAZAN, HAZOP, SIL & QRA studies.
• Provide input into project status reports.
• Monitor project progress and ensure necessary information flow to Project Manager / Senior Project Engineer / Project Engineer.

Required Qualifications & Experience:
• Minimum 1-2 years of experience in an engineering discipline role and / or project execution experience, preferably within the oil and gas industry.
• BSc or equivalent in Engineering discipline (mechanical, piping, electrical or instrumentation).

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



بەهۆی بەردەوامی باران بارین

بەشێک لە جووتیاران هێشتا زەوییەکانیان نەکێڵاوە

لە هەرێمی کوردستان سێ ملیۆن و 552 هەزار دۆنم زەوی چێنراو بە گەنم هەیە

خەبات/عدلی بانیشاری

هیچ هەفتەیەکی سالّی رابردوو و هەفتەی یەکەمی ئەمسالّیش تێپەڕی نەکردووە کە بارانی تێدا نەبارییێت، بەردەوامی باران بارین وایکرد بەشێک لە جووتیارانی باشووری کوردستان نەتوانن لە کاتی خۆیدا زەوییەکانیان بکێڵن. جووتیاران باس لەوە دەکەن لە **15**ی تشرینی دووەمی سالّی رابردووەوە کە وادەی تۆوکردنە باران دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە زەوی وشک بێتەوە و تۆو بکرێت.

بەڕێوەبەری کشتوکالّی شارەزوور دەڵێ: سالّ هەبووە جووتیاران لە مانگی کانووی دووەم زەوییەکانیان کێڵاوەوە بەرهەمی ئەو سالّەش باش بووە. وەکو شارەزایانی بواری کشتوکالّ ئاماژەی بۆ دەکەن ئەگەر لەم مانگەشدا گەنم و جۆ بچێنرێت بەرهەمی دەبێت.

بەپێی دواین خشتەی باران بارین کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەرانی هەرێم بڵاویکردووەتەوە لە پارێزگای هەولێر تا سێی ئەم مانگە(370.0) ملم و پارێزگای سلێمانی (531.1) ملم و لە پارێزگای دهۆک (498.1)ملم و لە پارێزگای کەرکوک (248.3) ملم و لە پارێزگای هەڵەبجەش(461.0) ملم باران باریووە. زۆرترین بڕی باران بارین لە قەزای مێرگەسووری سەر بە پارێزگای هەولێر بووە کە (1060.6)ملم بووە و کەمترین بڕیش لە قەزای خورماتوو لە پارێزگای کەرکوک باریووە کە (167.5)ملمە.

فەریق حەمە عەلی، جووتیارێکی دانیشتووی قەزای سەیدسادقە و دەڵێ" یەک مانگ زیاترە دەمەوێت لە زەوییە پێنج دۆنمیەکەمدا گەنم بچێنم، بەڵام زۆری و بەردەوامی باران بارین دەرفەی ئەوەی نەداوە زەوی وشک بێتەوە و دەست بە تۆوکردن بکەم". دەشڵێت" تا زەوی بە باشی وشک نەبێتەوە تراکتۆر ناتوانێت جووت بکات". ئاماژەی بەوەشدا بەهۆی بەردەوامی باران بارینەوە بەشێک لە جووتیارانی سنورەکە تائێستا زەوییەکانیان نەکێڵاوە.

ئەو جووتیارە کە ماوەی 18 ساڵ زیاترە سالّانە گەنم دەچێنێت گوتیشی" ئەگەر تا دوو هەفتەی دیکەش زەوی وشک بێتەوە ئاساییە گەنم بچێنرێت، چونکە لە ماوەی چوار مانگدا گەنم گوڵ دەکات".

لە سنوری شارەزوور 1800 جووتیار سالانە خەریکی چاندنی گەنمن. سالانە جووتیارانی سنورەکە 30 هەزار تەن گەنم بەرهەم دێنن، شارەزوور بە یەکێک لەو ناوچانە دادەنرێت رێژەیەکی زۆر گەنمی لێ بەرهەم دەهێنرێت و بڕێکی باشیش بارانی لێ دەبارێت. عەبدولکەریم عارف، بەڕێوەبەری کشتوکالّی شارەزوور بە(خەبات)ی راگەیاند" شارەزوور ناوچەیەکی مسۆگەری بارانە و باشتر وایە 15ی تشرینی دووەم تا 15ی کانووی یەکەم تۆو بکرێت". دەشڵێت" لە سالانی رابردوودا لە کاتی وشکەسالّی زۆربەی جووتیاران لە مانگی کانوونی دووەم تۆیان چاندووە و بەرهەمیشی باش بووە". ئاماژەی بەوەشدا بەردەوامی باران بارین لە سەرتاسەری کوردستان بووتە هۆی ئەوەی بەشێک لە جووتیاران فریا نەکەون زەوییەکانیان بکێڵن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکالّی حکوومەتی هەرێم سێ ملیۆن و 552هەزار دۆنم زەوی چێنراو بە گەنم هەیە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێم پێشبینی ئەوەیکردووە بەهۆی زۆری باران بارینەوە چاوەڕوان دەکرێت ئەمسالّ یەک ملیۆن تەن گەنم لە هەرێمی کوردستان بەرهەم بهێنێت. لە باشووری کوردستان گەنم و جۆ لە پێدەشتەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان دەچێنرێت، زۆرینەی گەنم و جۆی هەرێم پێشت بەئاوی باراناو دەبەستێت کە سالانی پێویستی بە زیاتر لە 400 ملم بارانە.

هەورامان.. خواست لەسەر سۆپای دار زیاد دەکات

بەهۆی بڕینەوەی دار و درەخت، ژینگەی هەرێمی کوردستان زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە





هاوواڵاتییەک: بە هۆی کەمی و گرانی نەوتەوە خواست زیاتر لەسەر سۆپای دار هەیە

خەبات: سلێمانی

لە ناوچەی هەورامان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە بە هۆی کەمی سووتەمەنی و سەختیی زستانی ناوچەکەوە، خواست لەسەر بەکارهێنانی سۆپای دار لە ماڵ و دوکان و شوێنەکاندا زیادی کردووە و بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکەش وەک حەز و خولیایەک سۆپای دار بۆ خۆگەرم کردنەوە بەکاردەهێنن.

سۆپای دار لە هەرێمی کوردستان میژوویەکی کۆنی هەیە و زۆربەی دانیشتووانی ئەو شوێنانەی دەکەونە ناوچە شاخاوییەکانەوە بۆ خۆ گەرمکردنەوە سۆپای داریان بەکارهێناوە و تا ئێستاش لە بەشێک لە ناوچەکان بەکارهێنانی ئەم جۆرە سۆپایە بۆ خۆ گەرمکردنەوە لە سەرمای وەرزی زستان خواستی تایبەتی لەسەرە.

لە دوای راپەڕینی سالّی 1991ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و کشانەوەی دامودەزگا حکومییەکانی عێراق لە ناوچەکە، بە هۆی گەمارۆی ئابووری و سەختی دۆخی ژیانی هاوڵاتیان و نەبوونی سووتەمەنییەوە، هاوڵاتیان لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکان رووبان لە بەکارهێنانی ئەم سۆپایە کرد و بەم هۆیەشەوە ژینگەی هەرێمی کوردستان زیانێکی گەورەی بەرکەوت بە هۆی بڕینەوەی زۆربەی دار و درەختەکانی ناوچە شاخاوییەکانەوە.

ناوچەی هەورامان بە هۆی کەشوهەوا و سەختی ئاوهەواکەی لە وەرزی زستاندا، وای کردووە دانیشتوانەکەی خواستی گەورەیان لەسەر سۆپای دار هەبێت و لەم وەرزەدا و زۆربەی کات دوکەڵی سۆپاکان ئاسمانی ناوچەکەی تەنیوە. فایەق محەمەد کاسبکارێکی تەمەن 65 سالانی ناحیەی خورماڵە لە نزیک هەڵەبجە، ئەو ماوەی چەند ساڵە دوکانی فرۆشتنی سۆپای داری هەیە و بژێوی ژیانی خێزانەکەی لەو ڕێگەیەوە دابین دەکات.

ئەم کاسبکارە لە بارەی خواستی خەڵکی ناوچەکە لەسەر سۆپای دار دوا و گوتی: "سالانە لە وەرزی پاییز و سەرەتای هاتنی زستاندا داواکاری لەسەر سۆپای دار زۆر دەبێت، بەجۆرێک سالانە 70تا 80 سۆپای دار دەفرۆشم".

فایەق محەمەد ئەوەشی گوت: "ماوەی دوو ساڵە بە هۆی کەمی و گرانی نەوتەوە خواست زیاتر لەسەر سۆپای دار هەیە لەم ناوچەیەدا، بەشێکیش سۆپا کۆنەکانیان دەهێنن و بۆیان چاک دەکەینەوە تا جارێکی تر بەکاری بهێننەوە".


عەباس ئاگرین پیاوێکی تری دانیشتووی خورماڵە، ئەو کە لەگەڵ چەند کەسێکی تری دانیشتووی ناوچەکەدا لەنێو چایخانەیەک بە دەوری کلپەی ئاگری سۆپاکەوە دانیشتبون، گوتی: "بەکارهێنانی سۆپای دار حەز و خولیای تایبەتی خۆمە و زستانان لە ماڵەوەش تەنها ئیش بە سۆپای دار دەکەین و گەرمییەکی زۆری هەیە".


زۆبەیدە هەورامی ژنێکی بەتەمەنی ناوچەی هەورامانە، ئەویش کە لە ماڵەوە سەرقاڵی گەرمکردنی ئاگری ناو سۆپا دارەکەی بوو، لەبارەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سۆپایانەوە گوتی: "لە کۆنەوە هەر سۆپای دار بەکاردەهێنین، هەرگیز حەزم لە سۆپای نەوت نییە و لەم سەرما و سۆڵەیەی ئەم ناوچەیەدا بە سۆپای نەوت گەرمم نابێتەوە".

www.xebat.net
دووشەممە 2019/1/7 ژمارە (5666)

وەک دووەم کەشتی ئاسمانیی چینی

CHANG'E 4 بەسەرکەوتوویی لەسەر مانگدا نیشتەوە





بۆشایی ئاسمان و چالاکیی وزەیی تەنە ئاسمانییەکان لەژێر دریژە شەپۆلییە هەر نزمەکان کە دەکەونە سنووری (1 تا 30 مێگاهێرتز).

ئامێرو یەکە زانستییەکان

بەشی هەرە زۆری ئەو ئامێرو یەکە زانستییانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەکان بەکار دەهێنرێن لەسەر کەشتی (Chang'e 4) دەبێت و بریتین لە:

کامێرای نیشتەنەوە -Land ing Camera (LCAM): کامێرایەکەو لە بنکەی ژێرەوەی کەشتییەکە چەسپێنراوەو لە مەیدانەی پرۆسەی نیشتەنەوە لە بەرزایی 12 کیلۆمەتر لەسەر رووی مانگەوە دەستیکردبوو بە گرتنی وێنەی پرۆسەی نیشتەنەوە.

کامێرای بەرزی و نزمیی - Terrain Camera TCAM: لەسەرووی کەشتییەکە دانراوەو توانای وێنەگرتنی پانۆرامایی 360 پلەیی هەیەو بە کوالیتی HD وێنەی ناوچەی دەوروبەری خۆی دەگرێت.

پێوانەکاری شەپەنگیی لەرەی نزم -Low Frequency Spectrometer یان LFS: بۆ پێوانەکردنی چالاکیی رادیۆیی خۆر لە لەرەی نێوان 0.1 تا 40 مێگاهێرتز لە پێناو شیکردنەوەی چینی (ئایۆنۆسفیر) ی مانگ.

پێوانەکاری ڕێژەی بەرکەوتنی نیوترۆنی -Lunar Lander Neutrons & Dosimetry یان LND: تایبەتە بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بڕی بەرکەوتنی تیشکەکان بە لەشی ئادەمیزاد بۆ گرتنی ڕێو شوێنی تۆکمەی خۆپاراستنی پێشنیارکراو بۆ گەشتە مرۆییەکانی داهاتوو بۆسەر مانگ.

ژووری ژیانی بچووککراوەی مانگ -Lunar Micro Ecosystem: بریتییە لە ژووریێکی زۆر داخراوو و پارێزراوو پاڵپشتیکراوی تەواو بە هەموو توخمەکانی پاراستنی ژیان کە درێژییەکەی 18 سانتیمەترەو تیرەی 16 سانتیمەترەو کێشیشی 3 کیلۆگرامەو چەند نمونەیەکی تۆی چەند ڕووەکێکی وەک (پەتاتەو تەماتە) و Arabidopsis thaliana) و هێلکەی کرمی ئاوریشم تا بزانن ئاخۆ چۆن پێکەوە دەژین لە چوارچێوەی کەمیی هێزی کێشکردنی مانگ و وا پلان دانراوە کەوا کاتێک کرمەکان گازی دووانۆکسیدی کاربۆن بەرهەم دێنن و لەلایەکەی دیکەش ڕووەکەکان گازی ئۆکسجین دەردەکەن لەمیانەی کرداری ڕۆشنە پێکهاتەندا، بەمەش پێویستە هەردوولا لە ماوەی ژیانیاندا شتێوە کۆمەڵگەیەکی بچووک پێکبهێنن لەنێو ئەو بۆکسە بچووکەدا، وە لە میانەی ئەو پرۆسەیەدا کامێرایەک تایبەت کراوە کە بە وردی ڕووماڵی ئەو گەشەسەندنە دەکات.

ئەم تاقیکردنەوەیەش بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆر زیاترە بۆ گەشتەکانی داهاتووی مرۆڤ و حاڵیبوون لە چۆنیەتی دامەزراندنی سیستەمە ژیانییە گەورەکان کە مرۆڤی تیادا دەژی لە داهاتوودا.

ئامێرە زانستییەکانی گەڕۆکی (Yutu -2)

کامێرای پانۆرامایی - PCAM: لەسەرووی گەڕۆکەکە چەسپێندراوەو توانای وێنەگرتنی 360پلەیی هەیەو وێنەی 3 ڕەهەندیش دەگرێت.

رادارای بڕینی مانگ -Lunar Penetrating Radar: لە بنکەی ژێرەوەی گەڕۆکەکەدا دانراوەو تا ئاستی 30 تا 100 مەتر لە قوڵایی ژێرەوەی ڕووی مانگدا دەکۆڵێتەوە.

پێوانەکاری شەپەنگیی شەپۆلی بینراوو نزیک لە ژێرەوەی سوور Visible & Near-Infrared Imaging Spectrometer یان VNIS: تایبەت دەبێ بە دۆزینەوەی پێکهاتەی کیمیایی ڕووی خاکی مانگ و لە هەمان کاتدا هەر پێکهاتەیەکی دیکەی گازیی دەڕجوو لە خاک و بەردی ڕووی مانگدا.

شیکەرەوەی بچووکی پەرەپێدراوی کارلێکە یەکلاییەکان - Advanced Small Analyzer for Neutrals ASAN: شیکەرەوەیەکی گەردیلەیی بچووک و چالاکە لەلایەن (پەیمانگەی سویدیی بۆ فیزیای بۆشاییگەڕیی - IRF) ەوە پێشکەشکراوەو دەستدەکات بە لێکۆڵینەوە دەربارەی چۆنیەتی کارلێکردنی نێوان (بای خۆر) و ڕووی مانگ، کە لە کۆتاییدا یارمەتی دەدات بۆ حاڵیبوونی پسپۆڕان لەو میکانیزمانەی کە پێشتر ببونە هۆی دروستبوونی ئاو لەسەر ڕووی مانگدا، کە بێگومان لەبەر نەمانی بەرگە بەهواو پەستانی هەوا، بەشی نوێ لە چیرۆکی هەسارۆکەی Ultima Thule و سیستەمی خۆرپشمان بۆ دەنووسێتەوە!" .

سەرچاوە: ناسا

چۆنییەتی پەیوەندیکردن بە زەوییەوە

لەبەر ئەوەی کەشتی (Chang'e 4) لەلای دووری مانگەوە نیشتۆتەوە، بۆیە مەحاڵە لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوو لەگەڵ زەویدا پەیوەندی لەگەڵیدا بکرێ، هەربۆیە پسپۆڕانی چینی مانگێکی دەستکردی تایبەت بە دابینکردنی کەناڵی پەیوەندیی لەنێوان کەشتییەکەو زەوی لە خاڵێکی زۆر دوور لە مانگەوە لە خاڵی ناسراو بە (خولگەی خەرمانەیی Halo Orbit) ی چەسپاندووە کە ناسراوە بە (Queqiao Satellite) کە ئەوەیان پێش ڕەوانەکردنی کەشتی (Chang'e 4) و لە 2018.5.20و لە بنکەی ئاسمانیی تایبەت بە (ئیدارەی بۆشاییگەڕیی نیشتیمانی چینی -CNSA) هەڵدڕابوو.

کێشی ئەم مانگە دەستکردە 425کیلۆگرامەو خاوەنی ئەنتێنایەکی وەرگرتنی شەپۆلەکانی (X Band) کە درێژییەکەی 4.2مەترەو تایبەتە بە وەرگرتنی داتایەکان لە (Chang'e 4) و پاشان ڕەوانەکردنەوەی بۆ زەوی لەسەر شێوەی شەپۆلی (S Band).


لەتەک مانگی دەستکردی (Queqiao) دا، دوو مانگی دەستکردی بچووک (Micro-Satellite) بە کێشی 45 کیلۆگرام بۆ هەر یەکێکیان بە ناوەکانی Longjiang 1&2 و تایبەتن بە ڕوانگەکردنی نموونەی ئەو بەرگە بدۆزێتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەربدا بکات، ئەوا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا پسپۆڕانی فەلەکناسی دەتوانن هەلێکی زێڕین بەدەست بێنن بۆ ناسینەوەی پێکهاتەی چینەکانی ناوەوەی مانگ بێ ئەوەی کرداری هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجام بدرێت.

بەکورتی، ئامانجە سەرەکییەکانی کەشتی (Chang'e 4) بریتییە لە:

* پێوانەکردنی پلەی گەرمیی ڕووی مانگ لەو شوێنەی کەشتییەکەی لێ نیشتۆتەوە بە درێژایی ماوەی کارکردنی.
* شیکردنەوە خاک و بەردی ناوچەکە بۆ ناسینی پێکهاتە کیمیاییەکەی.
* ئەنجامدانی ڕوانگەکردنی فەلەکیی ڕادیۆیی بۆ بۆشایی ئاسمان لە ڕێگەی تلسکۆپێکی تایبەت کە لەسەر کەشتی (Chang'e 4) دا دانراوە.
* ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە (تیشک گەردوونییەکان - Cosmic Rays).
* ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە چالاکیی ناوچەی ناسراو بە (چەپکەی خۆر -Solar Corona) و لێکۆڵینەوە دەربارەی بڕو ئاستی دەرچوونی پێکهاتەی هەرە ناوادارو لە هەمان کاتدا مەترسیدارەکانی خۆر کە ناسراوە بە (بارستە دەرچووەکانی چەپکەی خۆر و چۆنییەتی پەرەسەندن و گواستنەوەیان بۆ زەوی.

ئامانجە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە

پسپۆڕان ڕوونیان کردۆتەوە کەوا بەرکەوتنێکی نەیزەکیی زۆر مەزن لە مێژووی هەرە کۆنی مانگدا بۆتە هەی دروستبوونی چاڵی نەیزەکیی هەرە زەبەلاحی (Aitken Basin) بە جۆرێک تیرەی دەگاتە 2500 کیلۆمەترو قووڵاییشی 13 کیلۆمەترەو بەهۆی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکی بووە بە تیرەی نزیکەی 200 کیلۆمەتر، وە لێرەدا، پسپۆڕان پێشبینی دەکەن کەوا ئەم بەرکەوتنە یەگجار زۆر مەزنە وایکردووە پێکهاتەی چینەکانی (بەرگی ناوەوە - Mantel) ی هێنابێتە سەر ڕووی مانگەوە، جا ئەگەر کەشتی ڕۆبۆتیی (Chang'e 4) توانی 1110113Y و دوای کۆکردنەوەی زانیاری وردو تەواو دەربارەی خولگەو سروشتە فیزیا - فەلەکییەکەی، لە ئادارو بووە بە PT1 و 2015ناوەکەی لەلایەن (سەنتەری هەسارە بچووکەکان) ی سەر بە (ئاژانسی ناسا) گۆڕا بۆ 2014 MU69.



گەیشتن بە یەکێ لە کۆنترین و نامۆترین هەسارۆکەکانی نێو سیستەمی خۆر

وەک چۆن پێشتر پلانی بۆ داڕێژراوە، وە دوای کۆتاییهاتنی گەشت و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی هەسارەی بچووکی (پلوتۆ)، پسپۆڕانی سەرپەرشتیاری کەشتی ئاسمانیی (New Horizons) ی سەر بە ئاژانسی (NASA)، توانیان بە سەرکەوتوویی بگەنە یەکێک لە ناوچە هەرە گرنگ و پڕ لە نهێنییەکانی نێو سنووری سیستەمی خۆر کە بە (پژێنی کایپەر- Kuiper Belt) ناسراوەو برتییە لە پانتاییەکی فراوانی دوای هەسارەی بچووکی (پلوتۆ) کە پڕە لە هەسارۆکەو نەیزەک و پێشبینی دەکرێت لە پاشماوە هەرە کۆن و سەرەتاییەکانی دروستبوونی سیستەمی خۆر بێ.

یەکێ لەو تەنە ئاسمانیانەی کە دەستنیشانکرابوو بۆ نزیکبوونەوەی کەشتییەکە لێی، هەسارۆکەیەکە کە ناسراوە بە (Ultima Thule) و ناسنامەی یەکێ لە کۆنترین و بە تەمەنترین تەنەکانی نێو سیستەمی خۆری هەیە، هەر بۆیە، پسپۆڕان هیواو ئاواتێکی زۆریان هەیە دوای گەیشتنی کەشتی (New Horizons) بە نزیکترین خاڵ، زانیاری زۆر نوێ و تازە دەربارەی خودی ئەو تەنە ئاسمانییەو لە ڕێگەی ئەوێشەوە، زانیاری نوێ دەربارەی میتۆوی لە دایکبوونی هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆر وەدەست بێنن.

پێناسەیەک بۆ هەسارۆکەی Ultima Thule

ئەم هەسارۆکەیە بەردینییە بۆ یەکەمجار لە 2014.6.26و لە ڕێگەی پرۆسەیەکی ڕوومالکردنی بۆشایی ئاسمانی نێو سیستەمی خۆر لەلایەن (تلسکۆپی ئاسامانی هابڵ) ەوە دۆزرایەوەو لەو کاتییەوە توانرا زۆر بە وردیی خولگەو جوواڵەو خێراییەکەی پێوانەبکرێ و ئینجا ببێتە ئامانجێکی زۆر شیاوو لەبارو گونجاو بۆ کەشتی (New Horizons) تا لێی نزیک ببێتەوە.

لەسەرەتای دۆزینەوەیدا ناسراو بوو بە (2014 MU69) بەڵام دوای ئەوەی ناسا ناوی گەڕۆکەکەی بە ناوی (Ultima Thule) ڕاگەیاند، ئەوا ناوەکە بۆ ناوی فولکلۆری کۆنی ئەو ناوچانە گۆڕدرا کە ئاماژەیە بۆ ناوچەی دوورترین خاڵ لە زەوی کە مرۆڤەکانی سەردەمی ڕۆمانی کۆن پێیان وابووە کە ئەو ناوچانە بریتین لە سنوورەکانی نێو جیهان.

ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم پڕۆژەیە بریتین لە:

* ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییانەی کە بۆ ماوەی چەند هەفتەو مانگێکی داهاتوودا، داتاو وێنەی زۆر نوێ و دڵفڕێنتر دەربارەی ئەو هەسارۆکەیە لە ڕێگەی (New Horizons) دا بگاتەوە زەوی، وە لەم بارەیەوە خاتوو (هێلین وینتەرز) ی بەڕێوەبەری پڕۆژەی کەشتی ئاسمانی ناوبراو گوتی:" لەو چەند مانگەی داهاتوودا، کەشتییەکەمان دەستدەکات بە ناردنەوەی دەیان پاکێجی داتاو گرتەی فۆتۆگرافی بۆ زەوی و بەمەش، بەشی نوێ لە چیرۆکی هەسارۆکەی Ultima Thule و سیستەمی خۆرپشمان بۆ دەنووسێتەوە!" .
* ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییانەی کە بۆ ماوەی چەند هەفتەو مانگێکی داهاتوودا، داتاو وێنەی زۆر نوێ و دڵفڕێنتر دەربارەی ئەو هەسارۆکەیە لە ڕێگەی (New Horizons) دا بگاتەوە زەوی، وە لەم بارەیەوە خاتوو (هێلین وینتەرز) ی بەڕێوەبەری پڕۆژەی کەشتی ئاسمانی ناوبراو گوتی:" لەو چەند مانگەی داهاتوودا، کەشتییەکەمان دەستدەکات بە ناردنەوەی دەیان پاکێجی داتاو گرتەی فۆتۆگرافی بۆ زەوی و بەمەش، بەشی نوێ لە چیرۆکی هەسارۆکەی Ultima Thule و سیستەمی خۆرپشمان بۆ دەنووسێتەوە!" .

سەرچاوە: ناسا

تۆتنهام
بۆندی بەرگریکارەکەی دریژکردەوە



یانەی تۆتنهام هۆتسپێری ئینگلیزی بۆندی بەرگریکاری بەلژیکی تۆبی ئەدلیڤێریلدی دریژکردەوە، کە بڕیاربوو لە هاوینی داهاتوو کۆتایی بێت، بەم پێیەش ناوبراو تا هاوینی 2020 لەگەڵ یانەی لەندەنی دەمێنێتەوە، ناوبراو 88 یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەلژیکا ئەنجامداوەو رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەوەرگرتنی پلەی سێیەمی مۆندیال لەلایەن هەڵبژاردەکەیەوە. بۆندە تازەکەی بەرگریکاری بەلژیکی بەندێکی تێدایە کە دەتوانێت بەرامبەر 25 ملیۆن دۆلار بۆندەکەی هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر توانی بۆندێکی گونجاو بۆ رۆیشتن بدۆزێتەوە. لەمبارەیەوەش تۆتنهام بلاوکراوەیەکی فەرمی راگەیاند، کە تیایدا هاتووە، یانەکە توانی بۆندی دریژکردنەوەی تۆپی کارا بکات، بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵیان هێنێتەوە، کە 135 یاری لەگەڵ ئەجام داون، دوای ئەوەی لەساڵی 2015 یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی جێهێشت. بەرگریکاری بەلژیکی جێگای سەرنجی چەندین یانەی بەهێز بوو لەوێنەی مان یونایتد و یۆڤنتۆس، دوای ئەوەی رەتیکردەوە بۆندێکی ماوە دریژ لەگەڵ یانەکەی تازە بکاتەوە.



کاکا بۆ جاری دووەم هاوسەرگیری دەکات

ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل ریکاردۆ کاکا وێنەیەکی لەسەر لاپەڕەی خۆی لەمالپەڕی کۆمەڵایەتی (ئینستگرام) بڵاوکردەوەو تیایدا دەردەکوێت کە دۆستە تازەکەی کارۆلینا زەوی، پەیمانت پێدەدەم کە ئەو چاکەیەت دەدەمەوەو دەتکەم بەدڵخۆشترین ئافرەتی سەر زەوی، زۆرم خۆش دەوێی. پێشتر کاکا لەگەڵ کارۆل سیلیکۆ بۆ ماوەی 9 ساڵ دەیاز ڕەزامەندی دەربڕیوە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، دوای ئەوەی ئەلقەی دەستی چەپی پێشکەش کرد. کاکا لەڵێدوانێکی سەر وێنەکە دەڵێت: ئەو وایکرد ببمە دڵخۆشترین پیاو لەسەر جیهانی، ئەو کچەی هەڵبژاردم بۆ ژیانم، ئەو کچەی کە هەموو شتێکی پێ بەخشیم، ئەو کچەی کە هەموو شتێکی لێ وەرگرت



ڕیۆس
باشترین یاریزانی ئەڵمانیا بوو لە 2018

لاپەڕەی فەرمی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەماڵپەڕی کۆمەڵایەتیەکان بڵاویانکردەوە، کە ئەستێرەی یانەی بۆرۆسیا دۆرتمۆند و یاریزانی نێودەوڵەتی ئەڵمانی مارکۆ ڕیۆس بەباشترین یاریزانی ساڵی 2018دەست نیشانکرا، دوای ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم دوایییەدا پێشکەشی کرد، لەگەڵ ئەوەی ئەنجامەکان بێتەواکەر بوون، مارکۆ ڕیۆس دوای شەپۆلێکی پێکان کە بوونە بەربەست لەبەردەم ئەو دەستپێکە بەهێزەی لەگەڵ یانەی دۆرتمۆند جارێکی دیکە ئەستێرەکەی گەشایەوەو توانی بەبەهێزی بگەڕێتەوە ناو یاریگا.

بەهای خەڵاتەکانی جامی ئاسیای 2019

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا خەڵاتە داراییەکانی ئاشکراکرد، کە دەدرێتە ئەو هەڵبژاردە بەشداربووانەی پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئاسیای 2019، کە ئێستا وڵاتی ئیمارات میواندارى دەکات، جامی ئاسای 2019 لە شەممەی ڕابردوو بەیاری نێوان هەڵبژاردەی ئیمارات و بەحرین دەستی پێکرد، بۆ ئەم مەبەستەش یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا چەند خەڵاتێکی دارایی پێوانەیی بۆ هەڵبژاردەکانی بەشداربووی ژ1مارە 17ی ئەم خولە ئامادەکردووە، کە بەهاکەی 15 ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە. خەڵاتەکانیش بەمشێوەی خوارەوە دابەش دکرێن:

- 5 ملیۆن دۆلار بۆ هەڵبژاردەی خاوەن نازناو
- 3 ملیۆن دۆلار بۆ ئەو هەڵبژاردەیەی دەبێتە خاوەن پلەی دووەم
- یەک ملیۆن دۆلار بۆ هەڵبژاردەکانی خاوەن پلەی سێیەم و چوارەم
- 200 هەزار دۆلار بۆ هەر هەڵبژاردەیەک بەشداری ئەم خولە دەکات
- جێگای وەبیرهێنانەوەیە 24 هەڵبژاردە بۆ یەکەمین جار لەمێژووی جامی ئاسیا بەشداری دەکەن، کە ئەمەش بۆتە هۆی زیادبوونی داهاتەکانی خولەکە.

دوای 14یاری بۆ هەردوولا بەرواردێک لەنێوان سۆلاری و لۆپتیگی لەگەڵ ریال مەدرید





سانتیاگۆ سۆلاری ئەرژەنتینی بۆ ماوەی 14 یاری لەسەر ئاستی هەموو خولەکان ڕاهێنەرایەتی ریال مەدریدی کردووە، دوای ئەوەی جێگای گۆڵین لۆپتیگی گرتەوە، دوای ئەوەی لەیاری پێنج شەممەی ڕابردوو لەگەڵ یانەی ڤیاریال بە 2 گۆڵ یەکسان بوون بەر لەوەی شەوی ڕابردوو ڕووبەڕووی یانەی ریال سۆسیداد بێتەوە. بەمەش سۆلاری گەیشتە هەمان ژمارەی یارییەکانی گۆڵین لۆپتیگی کە بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، کە هەریەکەو 14یاریان لەگەڵ ریال مەدرید لەم وەرزە ئەنجامداوە، کە ژمارەکانیان زۆر لەیەکتر نزیکن و یاخود بەجیاوازییەکی کەم لە بەرژەوەنی ڕاهێنەری ئەرژەنتینییە. سۆلاری لەم ماوەیەدا 11 سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەرامبەر بە 2 شکست و یەک یەکسان بوون، کە ڕێژەی سەرکەوتنەکانی 78%ە. لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان لە ئاستی ئێستای ریال مەدرید ڕازی نین، بەڵام مەزندە دەکەن ئەنجامەکانی لە ڕاهێنەری پێشوو لۆپتیگی باشتر بێت. کە تەنها 6 سەرکەوتنی هەبوو لە 14یاریدا و ڕێژەی سەرکەوتنەکانی لە 42%تێپەر نەچوو، بەرامبەر بە 6 شکست و 2یەکسان بوون، ئەمەش پێشکەوتنی ریال دەردەخات لەگەڵ سۆلاری. ریال لەگەڵ سۆلاری 36 گۆڵی تۆمارکردووە، بەڕێژەی 2.6 گۆڵ بۆ هەر یارییەک و 13 گۆڵیشی لێ تۆمارکراوە، بەڕێژەی 0.9 گۆڵ بۆ هەریارییەک، لەهەمان ژمارەدا لۆپتیگی 21گۆڵی تۆمارکردبوو و 20 گۆڵی لێکراوە، بەزمانی ژمارەکان سەردەمی سۆلاری باشترە لە لۆپتیی، بەڵام چەندین هۆکاری دیکە هەن کە دەبێت بەرچاو بگیرێن، گرنگترینیان ریال مەدرید لەسەردەمی لۆپتیگی چەندین یاری زەحمەتی ئەنجامدا، گرنگترینیان بەرامبەر بەرشلۆنەو ئەتلەتیکۆ مەدرید، بەڵام زۆربەی یاریەکانی سۆلاری ئاسان بوون.

نەبەز ڕوستایی

خولێکی تۆپی پێ بۆ کوڕان و کچان بەڕێوەچوو



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەسەرپەرشتی کۆمەڵگەی ژۆنای ناحکومی خولێکی تۆپی پێ بچووککراو بۆ کچان وکوڕانی قوتابخانەکانی بنەڕەتی و ناوەندی شاری هەولێر ئەنجام دا، خولەکە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکرابوون بەشێوازی یەک دۆراندن تیپەکە دووردەخرایەوە ، کۆمەڵەی یەکەم لەسەر ئاستی کچان قۆناغەکانی (4-5-6)ی بنەڕەتی و قۆناغەکانی (7-8-9) ناوەندی بەشداریان کردبوو.

لەسەر ئاستی کوڕانیش قۆناغەکانی (4-5-6)ی بنەڕەتی و قۆناغەکانی (7-8-9) ناوەندی بەشداریان تێدا کردبوو.

ئەنجامی کۆتایی خولەکە بەمشێوەیە بوو:

قۆناغی (a9) پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی کچان بەدەستهێنا ، قۆناغی (a8) پلەی دووەمی خولەکەی بەرکەوت.

لەسەر ئاستی کوڕانیش قۆناغی (a9) پلەی یەکەمی خولەکەیان دەستەبەرکرد، قۆناغی (a7) پلەی دووەمی خولەکەی بەدەستهێنا .

هەر لەمبارەیەوە سەرپەرشتیاری خولەکە مامۆستا مەولود ئەسعەد لەبارەی ڕێکخستی خولەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بەسوپاسەوە بەهاوکاری وهەماهەنگی کۆمەڵگەی ژۆنای ناحکومی خولێکمان بۆ قوتابخانەکانی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ناوەندی بۆ کوڕان وکچان ئەنجام دا، مەبەست لەکردنەوەی خولەکە تەنها گرینگیدانە بەئاست وتوانای قوتابیەکانی هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ناوەندی ، بۆیە لەڕێگەی ئێوەوە زۆر سوپاسی ئەم کۆمەڵگەیە دەکەین کە بووە هاوکارو پاڵپشتمان لەبەڕێوەچوونی خولەکە، سوپاسی هەموو مامۆستا بەڕێزەکان دەکەین کە هۆکاری ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی خولەکە بوون .

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 7. Jan. 2019 No: (5666)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ئۆرکێسترای کۆیە دەبێتە ماڵێکی گەورە بۆ هونەرمەندان



د.کەیفی ئەحمەد-کۆیە

لەهۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە، لە مەراسیمێکی پڕ شکۆ و بە ئامادەبوونی هونەرمەندان و ڕێکخراو و دامودەزگاکانی حکومیی و میوانانی دەرەوەی شار و جەماوەرێکی زۆری شاری کۆیە و دەزگاکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو ، بە فەرمی دامەزراندنی ئۆرکێسترای کۆیە راگەیەنرا، سەرەتا گشت ئەندامانی ئۆرکێستراکە یەکە یەکە هاتنە سەر ستێیج و بەئامادەبوان ناسێنران، پاشان سرودی نیشتمانی(ئەی ڕەقیب) لەلایەن ئۆرکێسترای کۆیە پێشکەشکرا، دوای ئەوە وتاری راگەیاندنەکە بەزمانی کوردی لەلایەن(م.دەوەن مەولود) سەرپەرشتیاری ئۆرکێسترا خوێندرایەوە، دواتر بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی هەمان وتار خوێندرایەوە، دوای ئەوە چالاکی ئامادەکراو بۆ مەراسیمەکە بە سەرپەرشتی مایسترۆی ئۆرکێسترا (م. سەنگار عەبدولخالق) پێشکەشی ئامادەبووان کرا، دوای ئەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ڕێکخست. بەفەرمی دامەزراندنی خۆیان بە هەمووان راگەیاند. هەرچەندە شاری کۆیە خاوەنی (تیپی مۆسیقای باواجی و گروپی سێووە و گروپی ئاوازی دەروون و تیپی مۆسیقای سارنج و تیپی سەنتەری گەنجان و گروپی کەکۆن)ە، بەڵام ئەم ئۆرکێسترایەش زەرورەتێکی سەردەم و وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییە خێراکانی ئەمڕۆی دونیا و ناوچەکەیە، بۆ ئەوەی بەرهەم و چالاکییەکان لە لۆکاڵی و ناوچەییەوە بکرێن بە نیشتمانی و نێونەتەوەیی، کارەکان بەپێی پێشکەوتن و ستایلە تازەکانی جیهان و لەسەر ئاستێکی بەرزتر ئامادە و پێشکەش بکرێن، هەروەها توانییان، هەموو ئەو کەس و دەرچوانەی بواری موزیک لە هەردوو ڕەگەز لەو دامەزراوەیەدا کۆبکەنەوە و سود لە توانا کانیان وەربگرن و ئیدی دووڕە پەرێز و بینەری ڕووداوەکان نەبن و بێنە نێو مەیدان و بەهرەکانیان تاقیبکەنەوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە کۆیە دەبێتە یەکەم قەزا کە خاوەنی ئۆرکێسترا بێت و دەبێتە سێیەم ئۆرکێسترای کوردستان و دێتە ریزی هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی. ئەوەش بۆ مێژووی پڕ لە شکۆ و باکڕاوندی هونەریی ئەو شارە لە بواری موزیک دەگەڕێتەوە، کە هەر لە سەرەتاوە شانبەشانی شارە گەورە و پارێزگاکان ڕۆیشتووە و خزمەتی هونەری مۆسیقا و بوارەکانی دیکەی هونەری کردووە، تیپی مۆسیقای باواجی نموونەی زیندوو و حاشا هەلنەگرە کە کەس ناتوانێ نکوڵی لە ئاست و بەخششەکانی ئەو تیپە بەدەرێژایی مێژووی دامەزراندن و کارکردنی بکات ، هەر ئەو تیپە بووە بە بنەما و سەرچاوە بۆ ئەم ئۆرکێسترایە و تیپەکانی دیکەی شارەکە و شارەکانی دیکەی کوردستان، ئەندامانی ئەو تیپە بوونە کە پێشڕەوی موزیکی کوردستانیان کردووە. هیوادارین حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان هاوکار و پاڵپشت بن بۆ ئەو ناوەندە هونەرییەی کۆیە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرنامە و پلانەکانی خۆی بخاتە بواری پراکتیک و خزمەتی هونەری مۆزیک و ئاواز و گۆرانی کوردیی بکات.

ئەتەکێتی چاویلکەی بەر ڕۆژ


ئا/ڕەسول سالح: لە کاتی بینینی هاوڕێیەکت نابێت چاویلکەت لە چاو بێت و چاویلکە بێتە هۆی ئەوەی چاوەکانت نەبینیت، بۆیە ئەگەر هاوڕێیەکت بینی یاخود سڵاوت لە کەسێک کرد، پێویستە چاویلکەکانت لا ببەیت. لە ژووڕەوە و لەنێو باڵەخانەکاندا یا لە شوێنێک کە سێبەرە و تیشکی خۆری پێناگات، نابێت ئەمجۆرە چاویلکانەت لە چاو بێت، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەمجۆرە چاویلکانە پاراستنی چاوە لە زیانەکانی تیشکی خۆر. لە کاتی نانخواردن بە تایبەتی لە خواردنگە و ڕێستۆرانتەکان، نابێت چاویلکە، سوێچی ئۆتۆمبێل و مۆبایلەکەت لەسەر مێزی خواردن دابنێیت، ڕێگەپێدراو نییە ئامێرە تایبەتییەکانت لەسەر مێز دابنێیت، بۆیە چاویلکەکەت لە نێو قوتوی تایبەتی خۆی دابنێ و بیخە نێو گیرفانت. چاویلکەکەت وەک ئێکسێسوارێک بۆ ڕاگرتنی قژت بەکار مەهێنە، ئەگەر چوویتە شوێنێکی داخراو دەتوانی بۆ ماوەیەکی کەم وا بکەیت، بەڵام نابێت بە درێژایی ڕۆژ چاویلکەکەت لەسەر سەرت بەجێی بهێڵیت.



پیرۆزە

بەناوی سەرنووسەر و تەواوی کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان پیرۆزبایی لە هاوکارمان (شێرزاد هەورامی) دەکەین، بەبۆنەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو (مەحبوبە هەورامی)، بەم بۆنەیەوە هیوای ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەریان بۆ دەخوازین.

«خەبات»



یەکپارچەیی زۆڵم

کتێبی (یەکپارچەیی زۆڵم) بە قەبارەیەکی بچووک و لە بەرگێکی جوان و قەشەنگدا بە 150 لاپەڕە لە نووسینی سازان وەهاب محەمەد کەوتە بەردیدی خوێنەران، وەک نووسەر لە پێشەکیدا ئاماژەی پێداوە، ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکن کە لە نێوان 2016و 2018 لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوبوونەتەوە، کتێبەکە 52 وتاری لەخۆ گرتووە، شایانی باسە هاوکارمان شکار عەفان نەقشبەندی نەخشەسازیی بۆ کتێبەکە کردووە. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەردەکەت.



فۆتۆ: ئەردەلان ئازگەیی

حەسنا مەتەر لەلایەن گەشتوگوزاری بەسرە ڕێزی لێنرا



بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ، خانمە هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر دوو ئاهەنگی هونەری لە شاری هەولێر ئەنجامدا. ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو، لەشەوی سەری ساڵی نوێ زۆرترین ئاهەنگ لە پایتەخت ئەنجامدراو تێیدا گەشتیارێکی زۆریش هاتبوون بە مەبەستی بەڕێکردنی کاتێکی خۆش.. لەم شەوەدا خانمە هونەرمەند حەسنا مەتەر دوو ئاهەنگی لە یەک شەو ئەنجامدا بەهاوکاری دەستەی گەشتوگوزاری کوردستان و بەغداو بەسرە، تێیدا چەندین گۆرانی فولکلۆری لوبنانی و عێراقی گووتەوە، بە یارمەتی مایسترۆ کەمیل ئەبوکەڕەم و تیپە مۆسیقییەکەی، لەگەڵ تیپی هەلپەڕکێی لوبنانی بەسەرپەرشتی وەلید ئەبو عیماد. لەم دوو ئاهەنگە ئامادەبووان بە گوڕوتینەوە بەشداری ئاهەنگەکەیان کرد کە تا بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر بەردەوام بوو.

جێی باسە، شاندی دەستەی گەشتوگوزاری بەسرە کە لە ئاهەنگەکە بەشدار بوون، ڕێورەسمی ڕێزلێنانیان بۆ خاتوو حەسنا مەتەر سازکرد و ڕێزیان لێنا بەرامبەر ئەو خزمەتەی بە بواری گەشتوگوزار لە عێراق و کوردستان دەکات و هیواشیان خواست کە ئەم جۆرە ئاهەنگانەش لە شاری بەسرە ساز بکات.